سیناریۆی

# جوگرافیای ترس

رزگار باهیر



(1) .....دوا نیوەڕۆیە ..........ڕێگاو
بانە ........دەرەوەیە.............
(1)

کچێکی چاو رەشی قژ درێژی تەمەن(
23) ساڵ بە ناوی مریەم ، سواری

پاسکیلێکی ژنانە بووە و بە ڕێگایەکی
هاتوو چۆی پاسکیلدا گوزەر دەکا.
لەناکاو دەوەستێت! ، دیارە ئەو ناوە چۆڵە ،کەمێ سەیری چوار دەوری خۆی دەکاوپاشان بەتەواوی دڵنیا دەبێت کەس دیار نیە ،سەر پۆشێک و چاکەتێکی درێژی ڕەش لە جانتای پاسکیلەکەی دەردەهینێ.
چاکەتەکە لەبەر دەکا ولەچکەکەش دەدا بەسەریدا بە جۆرێک کە قژی بەدەرەوە نەبێت، دواتر سواری پاسکیلەکەی دەبێ و دەستدەکاتەوە بە پایدەر لێدان.

(2) دوا نیوەڕۆیە..........ماڵی (چنار و ریبوار) ە
..........ناوەوەیە..............(2)

**ماڵی چنارو ڕێبوار لە ژووری چێشتخانەن .**

**(ئازاد ) تەمەنی 27 ساڵە و بەجەستەیەوە دەردەکەوێ کە خەریکی یاری (بۆکسێنە )لەسەر کورسیەک دانیشتوەو میوانە.**

**(ڕێبوار)ی تەمەن 30 ساڵ خەریکی زەڵاتە دروستکردنە و (چنار)ی خێزانیشێ خەریکی خواردن دروستکردنە و پێوەی دیارە کە دوو گیانە......**

**ڕێبوار/**

**ئازاد دەزانی ئێستا منیش دەستمکردوە بە وەرزشکردن ؟**

**ئازاد /**

**چۆن کاک ڕێبوار ...بەڕاستە؟**

**ڕێبوار /**

**بەڵێ بەڕاستمە ... خەریکی ڕاکردنم .**

**ئازاد /**

**زۆر باشە بەڕاستی پێمخۆشە، بەوهیوایەی**

**بەردەوامبی لە سەریی .**

**چنار /**

**ئەرێ کاک ئازاد وازت لە شەڕەشۆقەکە هێنا ؟**

**ئازاد /**

**مەبەستت چیە چنار خان ؟**

**چنار /**

**مەبەستم بۆکسێنەکەیە .**

**لەمکاتەدا دەنگی زەنگی دەرگا دێت و ڕێبوار دەچێ دەرگا بکاتەوە .**

**دەنگی ڕێبوار /**

**فەرموو..فەرموو..بابچینە ژورێ مریەم خان .**

**چنار /**

**ئەوا هات کاک ئازاد .**

**ئازادوچناریش هەنگاودەنێن و بەرەو ژوی دانیشتن دەچن .**

**(3) .............ڕۆژە ...........ماڵەوەی مریەمە .......... ناوەوەیە**

**.......... ( 3)**

**ئەحمەدی برای مریەم(24) ساڵە ،خەریکی نوێژکردنە لەسەر بەرماڵێک**

**لەژووری**

**دانیشتن .**

**(4) .......دوانیوەڕۆیە .........ماڵەوەی مریەمە .........ناوەوەیە**

**...........(4)**

**فاتمە (47) ساڵەو دایکی مریەم وئەحمەدوعائشەیە ، خەریکی قاپ دانانە لە ژووری چێشتخانە .فەرەجی (50) ساڵە کە مێردی فاتمەیە لە سەر کورسییەک دانیشتوە و چاوەڕوانی خواردنە . پاش کەمێک ئەحمەدیش خۆی دەکات بە ژوورا و**

**لەسەرکورسیەک دادەنیشێ ..**

**فەرەج /**

**بەڕاستی لەم وڵاتەدا خەریکە حەڵاڵ وحەرام تێکەڵدەبێ .**

**فاتمە /**

**بۆ پیاوەکە ..... ؟**

**فەرەج /**

**نازانم بۆ هەر لایەک دەچی گۆشت ومریشک لەسەری**
**نووسراوە حەڵاڵ ...**

**ئەحمەد /**

**جا باوکە گوناهەکەی بەملی ئەوەی هەر لە خۆیەوە**
**دەنووسێ حەڵاڵ ...**

**فەرەج /**

**چۆن کوڕم .....ئەبێ ئێمە بزانین کامە حەرامە وکامە**
**حەلاڵە .**

**لە کاتی ئەم گفتووگۆیەدا عائشەی تەمەن (10) ساڵ خۆی دەکا بە ژووری**

**چێشتخانەدا ،لەچکێکی رەشی لەسەرو قژی پۆشیوە و دیارە کە موحەجەبەیە .**

**عائشە /**

**دایە نانەکە تەواو نەبوو ؟**

**فاتمە /**

**با ..با ..کچەکەم وەرەدانیشە هەر ئێستا نانەکە دادەنێم .**

**ئەحمەد لەم کاتەدا سەیری کاتژمێرەکەی دەستی ئەوەی سەر دیوارەکە دەکا .**

**(5)......دوانیوە ڕۆیە ..........ماڵی چنارو رێبوارە.......... ناوەوەیە ...........(5)**

**ئازادو مریەم لە ژووری دانیشتنەکەی ماڵی چنارورێبوار دانیشتوون. چنار شەربەتیان**

بۆ دادەنێ وڕێبواریش بەپێوەیە وكتێبێكی بەدەستەوەیە .
ڕێبوار /
مریەم خان ئەوە كتێبەكەیە كە پێشتر باسمكرد
بۆت بەو هیوایەی بەدڵتبێت .
ڕێبوار كتێبە كە لە سەر مێزەكە بۆ مریەم دادەنێ .......
مریەم /
زۆر سوپاس ..... كتێبەكەی ترم بۆ دایتە
دەست چنارخان .... وابزانم هەفتەی پێشوو
بوو .
ڕێبوار /
بەدەستم گەیشت مریەم خان ،گرنگ ئەوەیە
سوودت لێوەرگرتبێ .
مریەم /
بەڕاستی كتێبێكی بەسوود بوو زۆر سوپاس .
چناروڕێبوار دەیانەوێ بچنە دەرەوە هەر بۆیە هەنگاو دەنێن، بەڵام مریەم
لە گفتووگۆ
بەردەوامە .
مریەم /
ببورن .... بووین بەئەرك بۆتان بەتایبەتی چنار خان
تۆ.
چنار /
كچێ ئەركی چی ...بۆ بەبەكەش واباشە بجووڵێم .
پاش ئەوەی قسەكانتان تەواو بوو نان حازرە .
مریەم /
چنار خان وانەڵێی ئەبێ زۆر بەزوویی بڕۆم دەنا

دەقەومێ خۆت دەزانی لە بەرئەوە داوای لێ بووردن
دەكەم .
ڕێبوار /

**مریەم خان ئێمە حەز دەکەین، ئیتر ئەوەی تری خۆت دەزانی .**

**مریەم /**

**منیش ئەوە دەزانم ئێوە زۆر حەز دەکەن ،بەڵام ببوورن .**

**چنار /**

**دەی کەواتە جارێ بەیارمەتی خۆتان .**

**چنارو رێبوار پێکەوە دەچنە دەرەوەو دەرگای ژوورەکە دادەخەن ،مریەم و ئازاد**

**دەستدەکەن بەگفتوگۆ .**

**ئازاد /**

**مریەم خان من حەزدەکەم زیاتر بەیەکەوە بین و زیاتریەکتری ببینین .**

**مریەم /**

**منیش حەزدەکەم بەڵام حەزکردن جیایەو واقعیش شتێکی ترە .**

**ئازاد /**

**بەڕاستی ئێرە ئەوروپایە دەکرێ ئێمە زیاتر کات بدەین بە یەک بۆ ئەوەی بڕیارێکی تەندروست بدەین .**

**مریەم /**

**ئەوەی تۆ دەیڵێی وایە ..بەڵام بەنیسبەت ژیانی منەوە جیایە، من نەئەتوانم کاتت بدەمێ ونەئەشتوانم پێکەوە بین ،لەبەر ئەوەی من هەموو کاتەکانم لەسەر ژمێرراوە .**

**ئازاد /**

**بە راستی سوپاسی ئەم ماڵە دەکەم ئەمە دووەم جارە دانیشتنمان بۆ دەرەخسێنن،بەڵام تێگەیشتن**

**بەو خێراییە وبەوشێوەیە  زۆر ئەستەمە .**
**مریەم /**
**چیبکەم ژیانی من وایە ،ناتوانم وابە بەئاسانی**
**ژیانی خۆم دەستنیشان بکەم ،دەکرێ لە ژیانی**
**ژن و مێردایەتی دا بتوانین کاتەکانمان بۆ یەک بێت و**
**خۆشەویستیەکی گەورە دروستبکەین ،منیش لەم**
**چوارچێوەیە رزگارمبێت .**

**ئازاد /**
**مەبەستت هاوسەرگیریە.... وانیە ؟**
**مریەم /**
**ئەوەتاکە ڕێگایەکە بۆ بەهێز کردنی خۆشەویستیمان .**
**ئازاد /**
**بەڵام مریەم خان من تائێستا بەو خێراییە بیرم لەم هەنگاوە**
**نەکردۆتەوە.**
**مریەم /**
**تەنها ئەوە تاکە ڕێگایەکە وەک ووتم .**

**لەمکاتەدا مریەم سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکاو هەڵدەسێتە سەرپێ و**

**دەیەوێ بروا .**

**مریەم /**
**ببورە کاک ئازاد بەڕاستی کات درەنگە بۆ من، ئەبێ**
**بڕۆم  .**

**(6) .......ئێوارەیە......... .......ماڵی مریەمە .............. ناوەوەیە ..........(6)**

**فەرەج وفاتمەو عائشە وئەحمەد هەموو لەسەر مێزی نانخواردن دانیشتوون و لە**

**کۆتایی نانخواردندان ، عائشە لە خواردنەکەی دەبێتەوەو هەڵدەسێ بڕوات .**

**عائشە /**

**دایە توخوا رۆژێکیتر سپاگێتیمان بۆ بکە .**

**فاتمە /**

**نازانم کچم تۆ بۆ ئەوەندە حەزت لە خواردنی ئەم**

**کافرانەیە ، لای خۆی بڵێیت کفتەیەک ، یاپراخێک**

**شێخمەحشیەک، باشە باش بۆت دەکەم .**

**عائشە /**

**هێی ...هێی .........سوپاس دایە گیان**

**. عائشە بەڕویەکی خۆشەوە لە**

**ژووری چێشتخانە دەچێتە دەرەوە . ئەحمەد سەیری**

**کاتژمێرەکەی دەستی دەکا و توڕەیی بە دەموچا وییەوە بەدیدەکرێ .**

**ئەحمەد /**

**باشە باوکە پێمناڵێی مریەم کەی دێتەوە ؟**

**فەرەج /**

**وەڵڵا بڵێم چی کوڕم ................**

**ئەحمەد /**

**باوکە....... ئەمە چەندەمین جارە ئاوا درەنگ**

**دێتەوە ، ئێوە لێیناپرسنەوە بۆیە ئەویش ئاوا**

**شوڵی لێهەڵکێشاوە .**

**فەرەج /**

**کوڕم ئێرە ئەوروپایە پیاو نازانێ بڵێ چی ....**

**لەمکاتەداگوێیان لە دەنگی دەرگا کردنەوە دەبێت و مریەم خۆیدەکا بە ژوورا .**

**فاتمە /**

**ئەوە مریەم هاتەوە ............**

**مریەم لەدەرگای چێشتخانەکەوە دەردەکەوێ و دێتە ژوورەوە ........**
**مریەم /**
**سەلام وعەلەیک ...چۆنن .......**
**فەرەج /**
**سەلام وەرە دانیشە مەریەم .........**
**دەچێتە سەر کورسییەک و دادەنیشێ ................................**
**فەرەج /**
**باشە تۆ نازانی کچی کێت پێدەڵێن... نازانیت**
**ماڵت هەیە ؟ پێمبڵێ بۆ وا درەنگ هاتیتەوە ؟**
**مریەم /**
**باوکە خۆت دەزانی تازە من بووم بە فەرمانبەر**
**لە هەموشتێک شارەزانیم هەر..........**
**فەرەجی باوکی یەکسەر قسەی پێدەبڕێ و وەڵامی دەداتەوە**
**....................**
**فەرەج /**
**جا ئەوە پەیوەندی چییە بەسەر درەنگ هاتنەوەت.**
**ئەحمەد /**
**نا ..مریەم خان دەیەوێ هەر ڕۆژەی بە درۆیەک**
**هەڵمانخەڵەتێنێ .**
**مریەم /**
**تۆ بەسە من قسە لەگەڵ باوکم دەکەم ......**
**ئەحمەد زۆر تووڕە بووە هەربۆیە لەسەر مێزی نان خواردنەکە قاپێک شلە**
**هەڵدەگرێ و**
**بەپەلە دەیکات بە سەرو دەموچاوی مریەم دا ............ هاوار لەمریەم بەرز**
**دەبێتەوە**
**باوکی ئەحمەد دەگرێ و فاتمەش مریەم هەڵدەسێنێ ...**
**فاتمە /**
**ئەیەڕۆ بۆ وادەکەن..... نابێ کوڕم بۆ خاتری**
**خوا ...**

**مریەم دەست دەکات بەگریان**

**.........................................................**

**(7) ........... شەوە ...........ماڵی مریەمە ............... ناوەوەیە .............(7)**

**ماڵەوەی مریەمە ،مریەم نیشان دەدرێ لەو دیو پەنجەرەی ژوورەکەوە سەیری دەرەوە دەکات و لەگەڵ ناخی خۆی دا دەدوێ واتە بە (مەنەلۆج) .**

**مریەم /**

**تۆ بڵێی لە دەرەوەی ئێرەش ژیان هەمان تامی**

**هەبێت ؟ ،ئێرە هەمووی چوارچێوەو تووڕەبون و**

**تێ نەگەیشتنە .**

**مریەم ئاهێ هەڵدەکێشێ ،بەهەناسە دانەوەی شووشەی**

**پەنجەرەکە تەماوی و لێڵ دەکا .**

**(8) .........ڕۆژە .............. باخێکی گشتییە ............ دەرەوەیە ..............(8)**

**باخێکی گشتییە لە نێو شاردا . ئازاد بە بەجلی وەرزشکردنەوە ڕادەکا، جارجاریش ڕاهێنانی بۆکسێن دەکاو ،دەستی دەجوڵێنێ و بەردەوامە لە سەر ڕاکردن .**

**(9) ........ڕۆژە.... ............ ڕێگاوبان ...............**

**دەرەوەیە...................(9)**

**ڕێگاو بانی پاسکیلە ،ڕێگای هەمیشەیی مریەمە ،جارنەجارێ پاسکیلسوارێک دێت و دەچێ ، مریەم وەک هەمو بەیانیەکیتر به سواری**

**پاسکیلەکەیەوە**

**بەرەو فەرمانگە دەچێت پاش کەمێک پایەدەر لێدان سەیری چواردەوری خۆی دەکات و**

**دەوەستێ، کەس دیار نیە ،هەر بۆیە بەپەلە لەچکەکەی سەری وچاکەتە درێژەکەی**

دادەكەنێ ودەیكاتە نێوجانتایی پاسكیلەكەیەوە .
(10)........... .......ڕۆژە ........... مزگەوتە ....................
ناوەوەیە...........(10)
ناوهۆڵێكی گەورەی مزگەوتێكە، فەرەج باوكی مریە م و عائشەو ئەحمەد خەریكی نوێژ
كردنە لە نێو كۆمەڵێ نوێژكەری تردا.
(11) ............. ڕۆژە .......فەرمانگەی مریەمە ...... ناوەوەیە
.............(11)
ژووری فەرمانگە ی مریەمە . مریەم خەریكی ئیشەو لە سەر كۆمپیتەرێكە ،لە لایی
دەستی راستییەوە كوڕێكی هۆڵەندی قژ زەرد كە ناوی( مارتن)ە و تەمەنی(29)ساڵە
بەهەمانشێوە خەریكی كاركردنە .
مارتن بەكۆمپیتەرەكەی كلیكی پرینت دەكات ،هەر بۆیە هەڵدەسێ ودەچێت بۆ لای
ئا مێری پرینتەرەكە و پەڕەكان دەردەهێنێ و بەلای مریەم دا دەگەڕێتەوە ودەكەونە
گفتووگۆ ...
مارتن /
مریەم دوێنێ لە ڕۆژنامەدا بابەتێكی سیاسیم
لە سەر كورد خوێندەوە .
مریەم /
بەڕاست .... بۆ تۆ حەزدەكەی شت بزانی لەسەر
كورد .
مارتن /
من حەز دەكەم شت بزانم لە سەرڕۆژهەلات ،
بەتایبەتی نەتەوە ژێر دەستەكانی ئەو ناوچەیە.

**مريەم /**

**من زۆرم پێخۆشە کە تۆ ئاوا بە ئاگای ......**

**مارتن /**

**دەبێت بە ئاگابم چونکە لەجیهان دا ئێستا**

**پێوەرەکان بەخراپی گۆڕاون .**

**مريەم /**

**ڕاستە ئێمەش قوربانی دەستی ئەو پێوەرە**

**خراپانەین بۆیە ئێستا من لێرەم .**

**بەڕاست دەکرێ ئەو ڕۆژنامەیە ببینم .**

**مارتن /**

**بەدڵنیاییەوە .................**

**(12)............ڕۆژە............جێگای یاری**

**بۆکسێنە................ناوەوەیە..........(12)**

**جێگای یاری بۆکسێنە ،چەند یاریکەرێکی بۆکسێن ڕاهێنان دەکەن .لە نێوەندی**

**یاریکەرەکاندا ئازاد نیشاندەدرێ دەستکێشی بۆکسێنی لەدەست کردوەو خەریکی**

**ڕاهێنانە.**

**(13)..........شەوە .............ماڵەوەی مريەمە**

**............ناوەوەیە..........(13)**

**ماڵەوەی مریەمە .مریەم بەتەنها لە ژوورەکەیدا دانیشتوەو خەریکی خوێندنەوەی**

**کتێبەکەیە کە لە ڕێبواری وەرگرتوە .**

**(14)...........شەوە ............ ماڵەوەی ئازادە ...........ناوەوەیە ......... (14)**

**ماڵی ئازادە . ئازاد و ڕێبوا ری هاوڕێ ی پێکەوە دانیشتوون و گفتوو گۆ دەکەن**

**ڕێبوار /**

**بەڵام ئەوەی من دەیزانم کچێکی زۆر باش**

**دیارەو ئاگاداری گۆڕانکاریەکانی جیهانە ، هەرچەندە لە خێزانێکی**

**داخراودایە.**

**ئازاد /**

**باشە کاک ریبوار ئێوە چۆن دەیانناسن؟**

**ڕیبوار /**

**بەڕاستی کاتێ هاتنە ناو ئەو شووقەیە ئێمە**

**کە زانیمان کوردن یارمەتیماندان،هەرچەندە**
**ئەوان حەز بە تێکەڵاویش ناکەن تەنهامریەم نەبێت.**

**ئازاد /**

**کەواتە ناسینتان دەگەڕێتەوە بۆ ئێرە .**
**ڕێبوار /**
**بەڵێ ، بەڵام چەند جارێک لە بڵندڕەوی**
**نهۆمگەکەمان لەگەڵ مریەم دا قسەمان کردووە،**
**جارێک لە جاران کە چناریشم لەگەڵ دا بوو**
**پرسیاری کتێبێکی لێکردم لە سەر مێژووی**
**کورد ،بۆ ڕاپۆرتێکی دەویست لە خوێندنگا**
**داوایان لێکردبوو،منیش بۆم پەیدا کرد .**
**ئازاد /**
**دیارە ئەوە بۆتە هۆی تێکەڵاو بوونتان لەگەڵ**
**مریەم .**
**ڕێبوار /**
**ئەوە ڕاستە ، بەڵام لەوەوە زانیم حەز دەکات**
**بخوێنێتەوە ،بۆیە منیش هەندێ کتێبم بۆ پەیدا**
**کرد کە سوودی لێوەرگرێ .**
**ئازاد /**
**بەڕاستی من خوێنەرێکی باش نیم و زۆر**
**کەم دەخوێنمەوە .**

**ڕێبوار /**

**مەرجنیە هەموو کەس وەکو یەک**

**بخوێنێتەوە یان حەزی لە خوێندنەوە بێت،**

**ئەوەتا تۆ حەزت لە یاری بۆکسێنە .**

**ئازاد /**

**ئەمە زۆر راستە .**

**رێبوار /**

**گرنگ ئەوەیە مرۆڤ درۆ نەکات ،**

**ئازادی خەڵکیی پێشێلنەکات و کەسێکی**

**بەوەفا بێت.**

**ئازاد /**

**راستە منیش ئە و دیاردەیە لە مریەمدا دەبینم .**

**رێبوار /**

**چۆن ..............؟**

**ئازاد /**

**هەر لە یەکەم دانیشتنەوە دیارە ئەو کچە ،**

**نایەوێت درۆ لەگەڵ خۆیبکات.**

**من پێدادەگرم لەوەی کە بۆ ماوەیەک بەیەکەوە**

**بین ، لە وەڵامدا دەڵێت ماڵی ئێمە ئەوە قبوڵ ناکەن و**

**منیش ناتوانم بەیەکجار هەموو ئەو چوار چێوانە**

**بشکێنم.**

**ڕێبوار /**

**با شە بۆ داوای ناکەی ؟**

**ئازاد /**

**خۆت دەزانی کە من  هێشتا هیچ وەڵامێکی**

**مانەوەم وەرنەگرتوە لەم وولاتەدا و پارەیەکی**

**ئەوتۆش شکنابەم .**

**ڕێبوار /**

**هەردوو هۆیەکانت ئەوەندە قورسنین**

**ئەگەر خۆت بتەوێ.**

**ئازاد /**

**چۆن كاك ڕێبوار ؟**

**ڕێبوار /**

**لە پێش دا تۆ دیارییدەكەی ، پارەیەكی زۆری**

**ناوێ،منیش ئامادەم یارماتیتبدەم ودواتریش**

**بابەتی كێسەكەت زۆر بەهێزەو ئەكرێ وەڵامی**

**پۆزەتیفت بدەنێ،ئەگەر ئەمەش نەبوو دەتوانی**

**لەسەر مریەم وەڵامی خێزانیی وەربگریت ،**

**ئیتر بۆ دەیكەی بە كێشە.**

**ئازاد /**

**كارەكەت زۆر لا ئاسان كردم منیش پێم باشە**

**بیری لێبكەمەوە.**

**(15)............. ڕۆژە ............. دووكانێكە .....................**
**ناوەوەیە............(15)**
**دووكانێكی ئینتەرنێت كافێیە .ئەحمەد خەریكی بەڕێوەبردنیەتی ، خەڵكی دێن ودەچن**
**جموجووڵێكی بەردەوامی پێوە دیارە .**

**(16) ............ڕۆژە ............سەرتاشخانەیە .............**

**ناوەوەیە...............(16)**

**ئازاد لەبەردەستی کچێکی قژ زەردی هۆڵەندیدا کە ناوی (ماریا)یە تەمەنی (28)**

**ساڵە .خەریکی قژ تاشینە .**

**ماریا /**

**لەشت جوانە ، دیارە یاری فیتنس دەکەی ؟**

**ئازاد /**

**سوپاس،نەخێر خەریکی یاری بۆکسێنم ....**

**ماریا /**

**بەڕاستە ..... ئۆ.....منیش زۆر حەزم لە سەیر**

**کردنیەتی ،زۆرجاریش دەچم بۆ بینینی .**

**ئازاد /**

**خۆشحاڵم بەناسینت....... ناوم ئازادە .**

**ماریا /**

**منیش هەروەها ........ ناوم ماریایە .**

**یەکەم جارە لێرە دەتبینم ؟.**

**ئازاد /**

**ڕاستە، کەم کەم دێمە ئێرە .... بە لام**

**منیش یەکەم جارە تۆ لێرە دەبینم ؟**

**ماریا /**

**ئەوە بۆ شەش مانگ دەبێت لێرەم، بەڵام**

**خاوەنەکەی بەتەمایە بیفرۆشێ ،ئیتر نازانم**
**یەکێکی تازە دەیکڕێ منیدەوێت یان ..نا**
**ئەوە دەکەوێتە سەر ئەو کەسە .**

**ئازاد /**
**بە وهیوایەی ئیشەکەت لەدەست نەچێ ....**
**ماریا /**
**زۆر سوپاس ........**
**ماریا بەردەوامە لەسەر قژ بڕینی ئازاد ......................................**
**(17) .............. ڕۆژە ......بەردەم دەرگای مزگەوتێک**
**............دەرەوەیە.......(17)**

**بەردەم دەرگای دەرەوەی مزگەوتێکە منداڵان کچ و کوڕ بەکتێبی قورئانەوە دێن خۆیان**
**دەکەن بەمزگەوتەکەدا بۆ خوێندن و فێر بوونی خوێندنەوەی قورئان ، عایشە ی**
**خوشکی مریەمیش کتبێکی قورئانی بەسنگییەوە ناوەو خۆی دەکا بە نێو مزگەوتا .**

**(18) ........شەوە ................. شەقامێکی گشتی ............ دەرەوەیە ............(18)**
**ئازاد لەسەر شەقامێکی گشتی دەبینین ،جانتایەکی وەرزشی لە شاندایە هەنگاو**
**دەنێت و لە بیر کردنەوەیەکی قووڵدایە ،پاش چەند هەنگاوێک بە پەلە مۆبێل**
**تەلەفونەکەی دەردەهێنێ و دەستدەکات بە تەلەفون کردن .**
**(19) ......... ..شەوە ............ ماڵی چناروریێبوارە ...........**
**ناوەوەیە..........(19)**

**ماڵی چنارو ڕێبواره .چنار سەیری ریکلامەی مارکێتێکی جلو بەرگ دەکا لە هۆڵی**
**دانیشتن ڕێبواریش خەریکی وەڵام دانەوەی تەلەفوونە لە هەمان ژوور ،پاش تەواو بوونی لە تەلەفونکردن دێتە سەر قەنەفەکەی تەنیشت چنار و دادەنیشێ .**
**ڕێبوار /**
**ئەوە ئازاد بوو هەواڵی دەپرسیت و دەیوت**
**مادام مریەم رازی نابێت بۆ ماوەیەک بەیەکەوە**
**بین ،چارەسەرم هەر ئەوەیە داوایکەم .**
**بۆیە ئەو ئەرکەتان دەخەمە بەرو ،خۆتان**
**کاتێکیان لێوەرگرن و بچنە داوای .**
**چنار /**
**بۆ ئازاد هەرچیەک بکەین دەهێنێ .**
**ڕێبوار /**
**ماڵی باوکیشی کاتێک لە کوردوستان دراوسێمان**
**بوون هەموو دراوسێیەک حەزی بە تێکەڵاویان**
**دەکرد ، ئەوەندە ماڵێکی چاکبوون.**
**چنار /**
**لەبەیانی زووتر نییە، تەلەفوونیان بۆ دەکەم**

**دەچین بۆ داوای .**

**(20)............... ڕۆژە ................نێو بازاڕە**
**.....................دەرەوەیە ......(20)**
**خەڵکی لە بازاڕ هاتوو چۆ دەکەن ،دووکان و بازاڕ کراوەن . مریەم لە نێوەندی**
**خەڵکەکەدا دەردەکەوێ و خۆی دەکات  بە دووکانێکی جل و بەرگی منداڵانا .**

**(21) ........ڕۆژە .............ماڵەوەی مریەمە ..................... ناوەوەیە .......(21)**

**فاتمەی دایکی مریەم لەژووری نووستن لە کۆتایی نوێژکردندایە، پاش کەمێک دەستدەکا بەدوعا کردن و کۆتایی بەنوێژەکەی دەهێنێ ، هەڵدەسێتە سەر پێ و بەرماڵەکە قەد دەکات و دەیخاتە ژێر پشتی سەر جێگەی نووستن . دەنگی دەرگا**

**کردنەوە دێ ،فاتمە بەرەو دەرەوەی ژوورەکە دەچێ .**

**(22) ........... ڕۆژە .............ماڵەوەی مریەمە ............ ناوەوەیە ...... (22)**

**ژووری چێشتخانەی ماڵی مریەمە .فەرەج چەند کیسەیکی خواردنی پێیە لەسەر**

**مێزی نان خواردنەکە دایدەنێ ،فاتمە دێتە ژووری چێشتخانە .**

**فاتمە /**

**ئەرێ پیاوەکە میوەت هێناوەتەوە ....**

**فەرەج /**

**بەڵێ ئافرەت ، بەڵام بۆ پرسیار دەکەی ؟**

**فاتمە /**

**ماڵی ئەو ڕێبوارو چنارەی کە لە نهۆمی**

**دووەمن، دێن بۆ ماڵمان .**

**فەرەج /**

**مانایچی دێن بۆ ئێرە ؟ خۆ ئێمە هیچ**

**تێکەڵاویەکمان لەگەڵیاندا نییە .**

**فاتمە /**

**وەڵلا بڵێم چی نازانم ...........**

**فەرەج /**

**سەیرە ....... ئێمەو ئەوانە کوجا مەرحەبا .**

**(23)............. رۆژە .........جێگەی یاری بۆکسێنە .............**

**ناوەوەیە ....... (23)**

**یاریگای بۆکسێنە ،ئازاد لەگەڵ راهێنەرێک خەریکی راهێنانی یاری بۆکسێنە ،هەندێ**
**جار راهێنەرەکەی رایدەگرێ و تێبینی دەداتێ .**
**(24) ......... ئێوارەیە .........ماڵەوەی مریەمە ................ ناوەوەیە .......... (24)**
**مریەم لەگەڵ عائشەی خوشکی لە ژوورەکەی خۆیانن . مریەم پانتۆڵ و بلوزی نوێی بۆ عائشە کڕیوە،هەربۆیە عائشە زۆر بەتامەزرۆوە خەریکی تاقیکردنەوەی**
**جلە تازەکانە .**
**مریەم /**
**زۆر جوانە پڕ بە بەرتە ، حەزدەکەی**
**بەیانی بۆ خوێندنگا ئەمانە لەبەرکە .**
**عائشە باوەش بە مریەمی خوشکیا دەکا ...............................**
**عائشە /**
**زۆر سوپاس دادە مریەم .....**
**مریەم /**
**یاخوا پیرۆزتبێ عائشە گیان .**
**عائشە /**
**دادە مریەم من زۆر حەز دەکەم بچم بۆ**
**مەلەکردن ، تۆش هەر دەڵێیت پەلەمەکە .**
**مریەم /**
**ئەی پێم نەوتی لەگەڵ مامۆستاکەت قسەم**
**کردووە، هەرچۆنێکبێ هەوڵدەدا باوکم و**
**دایکم رازیبکا .**
**عائشە /**
**دەئاخر کەی دادە مریەم ؟**
**مریەم /**
**ئەوە بە پەلەپەل ناکرێ ،دوای ئەوەش**
**مامۆستاکەت دەزانێ...... دەی ئێستا**

جلەكانت بگۆڕە .
مریەم یارمەتی عائشەی خوشكیدەدا بۆگۆڕینی جلەكانی
.......................
(25) .............،شەوە ........... ماڵەوەی چناروڕێبوارە ..............
ناوەوەیە ....(25)
ڕێبوار لە ژووری دانیشتنەو لە گەڵ ئازاد بەتەلەفون گفتووگۆ دەكەن .
ڕێبوار /
كوڕی باش با بهاتیتایەو نانێكیشمان
بەیەكەوە دەخوارد ،دانیشتیتایە تا ئێمە
دەگەڕاینەوە .
بەهۆی تەلەفوونەكەوە گوێمان لە دەنگی ئازاد دەبێ ، وەڵامی ڕێبوار
دەداتەوە .
ئازاد /
بڕواتهەبێ كاك ڕێبوار لە ڕاهێنانی
بۆكسێنبووم .
ڕێبوار /
كوڕی باش ئیتر تۆ ژن دەهێنی ،توو
سەری خۆت واز لەم بۆكسێنە بێنە .
ئازاد /
ئەوە چ پەیوەندییەكی بە ژنهێنانەوە
هەیە .
ڕێبوار /
ڕاستدەكەی پەیوەندی پێوە نیە
بەڵام بۆكسێن لەسەر تێكشكانی

لاشەیی بەرامبەرەكەت سەردەكەوی .
دوایئەوەش هەموو كات گۆزە بەساغی
ناگەڕێتەوە ....... ئێ كوڕی باش بڕۆ
وەرزشێكیتر بكە .

**ئازاد /**

**كاك ريبوار با جارێ واز لەوە بێنيين ...**

**ريبوار /**

**باشە كاكە گيان ... ببوورە . ئێستا كات**
**درەنگە ،بەيانى قسە ت لەگەڵدەكەم ، دەبێ**
**بڕۆين .**

**(26) ................شەوە ..........شەقامێكە ................. دەرەوە يە**
**.............(26)**

**ئازاد لە شەقامێك دەبينرێ جانتاى وەرزشييەكەى لە شاندايە و دەڕوا . ديارە**
**ئێستا**
**لەتەلەفوونكردن بۆتەوە ،هەر بۆيە مۆبێلەكەى بەدەستەوەيەو**
**دەيكوژێنێتەوەو**
**دەيخاتە گيرفانيەوە و بەردەوامە لە ڕۆيشتن ، لەم كاتەدا دەنگى مۆبێل**
**تەلەفوونەكەى ئازاد دێ ، ئازاد دەست بۆ گيرفانى دەبا و مۆبێلەكەى**
**دەردەهێنێ و**
**دەيەوێ وەڵامبداتەوە .**

**(27) ........ شەوە ........... نێو ئۆتۆمۆبيلێكە ........... ناوەوەيە**
**...............(27)**

**ماريا لە نێو ئۆتۆمۆبيلێكەو تەلەفونى بەگوێيەوە ناوە ،ديارە ئۆتۆمۆبيلەكە**
**ئيش**
**ناكات هەر بۆيە وەستاوە .**

**ماريا /**

**ئێوارەت باش ئازاد ......**

**دەنگى ئازاد دێ لە ڕێگەى تەلەفوونەكەى مارياوە .**

**ئازاد /**

**ئێوارەت باش ماريا ......**

**ماريا /**

**حەز دەكەم ئەگەر كاتت هەبێ**
**ئەمشەو پێكەوە بچينە دەرەوە .**

**(28) ........شەوە ............... ڕێگاو بانە .................... دەرەوەیە ............. (28)**

**گەڕەک و کۆڵانەکانی لای ماڵی ئازادە .ئازاد جانتای وەرزشییەکەی بەشانەوەیەو**

**بەردەوامە لە هەنگاونان و خەریکی قسە کردنە بەتەلەفون .**

**ئازاد /**

**ببورە کاتم نییە ئەمشەو .......**

**لەڕێگەی تەلەفونەکەی ئازادەوە گوێمان لە وەڵامی ماریا دەبێت .............**

**ماریا /**

**چاکە کەواتە بۆ کاتێکیتر......**

**ئێوارەیەکی خۆش .**

**ئازاد /**

**ئێوارەیەکی خۆش بۆ تۆ ش......**

**(29) ................شەوە ......... ماڵی مریەمە ................... ناوەوەیە............(29)**

**ژووری دانیشتنی ماڵی مریەمە . ڕێبوارو چنار لە گەڵ دایک و باوکی مریەما دانیشتوون و گفتووگۆ دەکەن ،مریەم چایان بۆ دادەنێ و ژوورەکە بە جێدێڵێ .**

**فەرەج /**

**باشە فەرمووت ئەو کوڕە دەمێکە لێرەیە .**

**ڕێبوار /**

**بەڵێ .... چوار ساڵێک دەبێت ...**

**فەرەج /**

**ئەی باشە چۆن تائێستا وەڵامی مانەوەی لەم ووڵاتە وەرنەگرتووە ؟**

**ڕێبوار /**

**بەڕاستی کێسەکەشی بەهێزە و بەڵگەی زۆریشی پێیە...بەڵام هاکا وەڵامی وەرگرت .**

**چنار /**

بەخوا هەتا بڵێی کوڕێکی لەسەرخۆ و بەڕێزە.
فاتمە /
لەگەڵ خوا پەرستن و نوێژ کردندا چۆنە .... ؟
چنار /
لە خوا دەترسێ و موسوڵمانەو زۆر بەویژدانە.

لەم کاتەدا گوێمان لە دەنگی دەرگا کردنەوە دەبێت و پاش کەمێک ئەحمەد خۆی دەکا
بە ژوورا .
(30) ........... شەوە ............. ماڵی مریەمە ....................
ناوەوەیە ............(30)
ژووری نوستنی مریەم و عائشەیە ،مریەم چیرۆک بۆ عائشە دەگێڕێتەوە ،عائشە لە
سەر جێگەکەی خۆی پاڵکەوتوە .
مریەم /
هەموو ڕۆژێک تەرمۆزێک یان دوو

تەرمۆز چلوورە دەفرۆشێ و دەڕواتەوە
ماڵێ پارەکەی دەدا بەدایکی .
عائشە /
باشە تەرمۆز چییە ؟
مریەم /
تەرمۆز ئەو قاپە قوڵەیە کە چلوورەی
تیا دەپارێزن بۆ ئەوەی نەتوێتەوە
عائشە /
باشە خۆی ناوی چییە ...... ؟
مریەم /
ناوی کوردەیە.....

**عائشه /**
**ئای که ناوێکی خۆشی هەیە .**
**مریەم /**
**دایکی بەم کارەی کوردە زۆر دڵی**
**خۆشدەبێت ، لە بەر ئەوەی نەمێردی**
**هەیەو نە کوڕی گەورە تا یارمەتی بدەن.**
**عائشه /**
**ئەی دایکی بۆ کاری نەئەکردو......**
**کوا منداڵ کا ردەکا؟**
**مریەم /**
**دایکی لەکارکردنا تووشی نەخۆشی**
**بووبو دوای ئەوەش لە کوردوستان**
**لە بەر هەژاری، منداڵیش ئیشدەکا**
**وەک گەورەکان ...... دەی ئێستا ئەمشەو**
**چیرۆکەکەمان تەواو بوو ،ئیتر کاتی خەوە.**
**عائشه /**
**دەی توخوا تۆزێکیتری لێباسکە .**

**مریەم /**
**ئەگەر وابکەی ئەویتریت بۆ باس ناکەم ،**
**دەی بخەوە...شەوشاد .**
**(31)............ شەوە ............. ماڵەوەی ئازادە**
**..................ناوەوەیە..........(31)**
**ماڵی ئازادە ،ئازاد بیرەیەکی لەسەر مێزەکەی بەردەمی خۆی داناوەو دەخواتەوە.**
**دەیەوێ تەلەفون بۆ ڕێبوار بکا، دەست دەبا بۆ مۆبێل تەلەفونەکەی و دەست**
**دەنێ بە ژمارە تەلەفونەکەیدا،بەڵام پەشیماندەبێتەوە ...لەبەرخۆیەوە قسە**

دەکا .
ئازاد /
نا....نا...درەنگە....ئەی باشە ئەگەر
وەڵامەکەیان دڵخۆشکەر بوایە تەلەفونیان
بۆ دەکردم ........
دیسان دەستدەبا بۆ مۆبێلەکەی و دەیەوێ تەلەفون بکا ، بەڵام لە پڕ
پەشیمان
دەبێتەوە و مۆبێلەکە فڕێدەداتە سەر قەنەفەکە .

(32).......ڕۆژە ...........ماڵەوەی مریەمە .............. ناوەوەیە
..............(32)
ژووری چ عائشە ماچی دایکی دەکاو خواحافیزی دەکات و دەڕوات بۆ
قووت .
فاتمە دایکی مریەم خەریکی چا تێکردنە ،فەرەجی مێردی دێتە ژوورێ لەسەر
کورسییەک دادەنیشێ ،فاتمە چایەک دەخاتە بەردەمی ،لەم کاتەدا مریەم
دەیەوێ
بڕوات بۆدەرەوە بەڵام باوکی بانگی دەکات .

فەرەج /
مریەم ئا تا ئێرە وەرە ............
مریەم دێت بۆ ژووری مەتبەخ .........................................
فاتمە /
دانیشە شتێک بخۆ ......
مریەم /
برسیم نی یە........ چی دەڵێیت باوکە ؟
فەرەج /
باشە پێم بڵێ جەنابت هیچ پەیوەندیت هەیە
لەگەڵ ئەم ئازاد ناوەی ئەم شەو داوایکردویت
مریەم /

**باوکە شەویش وەڵامم دایەتەوە ووتم نەخێر .**

**فەرەج /**

**ئەی بۆ هاتۆتە داوات ....؟**

**مریەم /**

**تەنها ئەوەندە دەزانم کوڕێکی باشەو بەس .**

**فاتمە /**

**ئەمە یەعنی چی .....ها  مریەم ..؟**

**ئەحمەد لەو دیوەوە دێت و یەکسەر تەداخول دەکات**

**................................**

**ئەحمەد /**

**باشە لە کوێ تۆ ئەو کوڕە دەناسی ..... ها..**

**ئەی لە کوێ بینیوتە .... ها ...؟**

**مریەم /**

**ئیتر ئەوەیان مەسەلەیەک نی یە لەکوێ بینیومە و چۆن دەیناسم .**

**فەرەج /**

**چۆن مەسەلەیەک نی یە هەی کچەتیوی بەرەڵا .......ها..... پێم بڵێ...**

**مریەم /**

**لە ماڵی کاک ڕێبوار ،کتێبێکم لا هێنا بوو  بۆم بردەوە، لەوێ بینیم .**

**فەرەج /**

**هەی ...ها...ئەمە هاتوو چۆی ماڵی ئەم مولحیدانە دەکەی...هەی بێ ئەدەب .**

**ئەحمەد /**

**دەبا پێت بڵێم ،یەک جاری تر ببینم بچی بەلای ئەو ماڵەیە ،خۆم دەزانم چیت لێدەکەم .....**

**مریەم /**

**چیم لێ دەکەی ....ها ؟**
**ئەحمەد دەیەوێ زلەیەکی لێ دات دەست بەرز دەکاتەوە**
**..........................**
**فەرەج /**
**نەکەی کوڕم ..... ئەم جارە بیکە بەخاتری**
**خۆم .**
**مریەم دەست دەکات بەگریان وبەپەلەو بە توڕەییەوە دەچێتە دەرەوەی ماڵ .**

**(33) .......... ڕۆژە .......... مەلەوانگەیە .............. ناوەوەیە ..................(33)**
**عائشە لە مەلەوانگەیە و لەسەر کورسییەک دانیشتووەو بێ تاقەتە**
**،منداڵەکانی هاوڕێی**
**دڵیان خۆشەو خۆیان ڕووت کردۆتەوەو خەریکی مەلەکردنن ،عائشەش جل**
**وبەرگ و**
**لەچکی لە بەردایەو سەیری هاوڕێکانی دەکات ، لەم کاتەدا مامۆستاکەی دێتە**
**لایەوەو**
**دەستێک بەسەرو شانی دا دێنێ و دەکەوێتە گفتووگۆوە لە گەڵی دا .**

**مارخۆت /**

**دڵگران مەبە عائشە، بەم زووانە دێم بۆ**
**لای دایک و باوکت ،زۆر هەوڵدەدەم ڕازیان**
**بکەم.. ،کە تۆ پێویستە مەلە بکەی ،چونکە**
**وانەی خوێندنەو زۆر پێویستە .**
**عائشە هەڵدەسێتە سەر پێ و باوەش بە مامۆستا دەکاو ماچی دەکات .**
**عائشە /**
**بەڕاستە مامۆستا گیان........؟**
**مارخۆت /**
**بەڵێ بە ڕاستمە ...، لەگەڵ مریەمیش دا**
**قسەم کردووە ...**

**(34)........... ڕۆژە .............. ماڵی چنار وڕێبوارە ..............**
**ناوەوەیە .........(34)**
**ماڵی چنارو ڕێبوارە ،لە هۆڵی دانیشتنەکەیان ئازادو ڕێبوارو چنار دانیشتون بۆ-**
**تاقەتیان پێوە دیارەو خەریکی گفتووگۆن .**
**ڕێبوار /**
**ئەمانە تەنها بە جوغرافیا گۆڕاون....**
**دەنا چەندەها کەس هەیە وەڵامی  نی یەو**
**ژنی هێناوە.... یان لەسەر کچەکە وەڵامی -**
**مانەوەی خێزانی وەرگرتووە .**
**ئازاد /**
**من کاتی خۆی پێم گووتن من وەڵامم نی یە،**
**لەبەر ئەوە قورسە .**
**چنار /**
**بڕوات بۆ مەسەلە وەڵام نی یە بەقەد ئەوەی**
**ئەوان پرسیاری نوێژ کردنیان دەکرد .**
**ڕێبوار /**
**نا ئەوان هەردوو خاڵە کەیان کردووە بە**
**هۆی ئەوەی مریەم نەدەن .**
**چنار /**
**ڕاستە ..... بەڵام بە دەرەجەی یەکەم نوێژ**
**کردنە .....**
**ئازاد /**
**بۆ ئەوەی نوێژ نەکا مسوڵمان نی یە ،**
**خەڵک هەیە نوێژو ڕۆژوژ دەکات بەڵام**
**درۆ دەکاو ویژدانیشی نی یە .**

**ڕێبوار /**
**ئەوان تەنها بەڕواڵەت سە یری مەسەلەکان**

**دەکەن .**

**چنار /**
**بەڵام کاک ئازاد گرنگ مریەمە ئەو چی دەڵێت .**
**ئازاد /**
**زووتر بە کاک ڕێبوارم وتووە .ئەو دەیووت من**
**کاتم نی یە،ناتوانم لەدەرەوەی ئەوان پەیوەندیم**
**هەبێت ،چونکە ماڵی باوکم زۆر توندو تیژن ،**
**هەر لە بەر ئەوەش بوو پەلەمان کرد لەدواکردنی.**

**ڕێبوار /**
**بە بۆ چوونی من ئازاد خۆت قسە لە گەڵ**
**مریەم بکەیتەوە باشترە .**
**ئازاد /**
**ڕاستە ..................**
**(35)............ڕۆژە ............. دائرەی مریەمە ...............**
**ناوەوەیە...........(35)**
**مریەم لەدائرە لە ژورەکەی خۆی دانیشتووە و قژە ڕەشەکەی بەسەر شانی دا هاتۆتە خوارێ ،مریەم بێ تاقەتی بە دەموچاوییەوە دیارە ،لەم کاتەدا مارتن دەیەوێت بچێتە دەرێ کۆمەڵێ وەرەقەی بەدەستەوەیە بەلای مریەم دا دەڕوات دەبینێ مریەم بێ تاقەتە .**
**مارتن /**
**چی یە مریەم ئەمڕۆ پێکەنین لەسەر لێوەکانت**
**تۆراوە .... بێ تاقەت دیاریت .**
**مریەم /**
**هیچ نی یە ....لەوەدەچێت تۆزێ سەرمام بووبێ،**

**بۆیە لاشەم کەمێک تێک شکاوە .**
**مارتن /**
**ئەی بۆ ناڕۆیتەوە ئیسراحەت بکەیت ........**
**مریەم /**
**نا...نا..باشم شتێکی وانی یە .............**

**(36)............ ڕۆژە ............. نێو بازاڕە ......................**
**دەرەوەیە ............(36)**
**نێو بازاڕە ،دووکانەکان کراوەن خەڵکی دێن و دەچن ،فاتمە دایکی مریەم دەردەکەوێ،**
**جانتایەکی دوو پێچکە بەدوای خۆیدا رادەکێشێ و پێیدەچێ شتی تیابێ ، لە پڕ دەمووچاوی دەتەقێ بە دەموچاوی (نەعیمە) خانی تەمەن (55) ساڵی**

**دایکی مەحموود**

**نەعیمە /**
**چۆنی فاتمە خان ،کاک فەرەج چۆنە**
**توخوا کاکە ئەحمەد وعائشە چۆنن،**
**ئەی دادە مریەم چۆنە .**
**فاتمە /**
**جەرگت نەسوتێ نەعیمە خان ،ئێوە چۆنن،خۆشکور منداڵەکان باشن**
**نەعیمە /**
**هەموویان باشن لە سایەی سەری ئێوەو خوای گەورەوە ...**
**فاتمە /**
**ئینشائەڵڵا باشدەبن ..............**
**نەعیمە /**

فاتمە خان بەتەماین بەم زووانە بێین بۆ
لاتان،بەڵام ئەم جارەیان بۆ شتێکی تایبەت

دێین، خوارێکی بخا .....

فاتمە /
هەر کاتێک دێن ماڵی خۆتانەو،ئێمە
حەدی ساحێبماڵیمان نیە .
خەڵکی دێن و دەچن ، ئەمانیش بەردەوامن لە گفتووگۆ کردنی خۆیان
..............
(37) ....... ڕۆژە ............. ماڵەوەی ئازادە ............... ناوەوەیە
..........(37)
ئازاد لە ماڵەکەی خۆیەتی ،لە بەردەم پەنجەرەی هۆڵەکەی بە پێوە وەستاوەو
تەلەفون دەکات .
(38) ........... رۆژە ........ بەردەم فەرمانگەی مریەمە ........ دەرەوەیە
(38)
بەردەم دەرگای دەرەوەی فەرمانگەی مریەمە ،شوێنی وەستانی پاسکیلە .مریەم
کلیلی پاسکیلەکەی بەدەستەوەیەو قوفڵی پاسکیلەکەی دەکاتەوەو دەیەوێ
سەرکەوێ
لەم کاتەدا زەنگی مۆبێلەکەی لێدەدرێ ،مریەم دەست دەبا تەلەفونەکەی لە
نێو
جانتاکەی دەردەهێنێ ،بەدەستێکی وەڵامی تەلەفون دەداتەوە و بەدەستەکەی
تری
پاسکیلەکە پاڵپێوە دەنێت .
مریەم /
بەڵێ کاک ئازاد .....سوپاست دەکەم
ئەی تۆ چۆنی ...بەڵێ .
دەنگی ئازاد بەهۆی تەلەفونەکەی مریەمەوە دەبیستین ...................
دەنگی ئازاد /
مریەم خان ،لەبەر ئەوەی زەخت لە تۆ

**نەکەم ،هاتین بۆ داوات بەڵام بەداخەوە**
**ماڵەوەتان رازی نەبوون .**
**مریەم /**
**ببورە کاک ئازاد .....چیدەڵییت لەگەڵیان .**
**(39) ............. ڕۆژە ............. ماڵی ئازادە ................. ناوەوەیە**
**...........(39)**
**ئەم دیمەنە تەواو کەری دیمەنی پێشووە .ئازاد بە پێوەوەیەو هاتووچۆ دەکا لە**
**نێوهۆڵەکەی و مۆبێل تەلەفونەکەی بەگوێوەیەتی و قسە دەکا .**
**ئازاد /**
**لە گەڵ ئەواندا هیچ ناوترێ ، بەڵام**
**گرنگ تۆی ......تۆ دەڵێیچی ؟**
**(40)........... رۆژە ...........ریگاو بانە ................... دەرەوەیە**
**...........(40)**
**تەواو کەری دیمەنەکانی پێشووە .مریەم بەردەوامە لە پاڵنانی پاسکیلەکەیەوە بە**
**دەستێکی و بەدەستەکەی تری تەلەفوندەکا .**
**.**
**مریەم /**
**نازانم ..بڵێمچی کاک ئازاد .**
**دەنگی ئازاد لە مۆبێلەکەی مریەمەوە دەبیستین**
**....................................**
**ئازاد /**
**چۆن بڵێیچی ،هەڵوێستی تۆ بەلای منەوە**
**پێش هەموو شتێکە .**
**مریەم /**
**زۆر داوای لێ بوردن دەکەم بەڕاستی هیچ**
**شتێک لەدەست مندا نیە و ناتوانم هیچ**
**بکەم....... تۆ بۆرێگای خۆت ومنیش بۆ**

**ریگای خۆم......**

**(41)...........رۆژه ................. ماڵی ئازاده .............. ناوەوەیە**
**............(41)**

**ئەم دیمەنە پەیوەندی بە دیمەنەکانی پێشەوەیە. ئازاد بێتاقەتی بە ڕوویەوە دیارە ،**
**مۆبێلەکەی بە گوێوەیەو قسە دەکا .**

**ئازاد /**

**چۆن ....... تۆ ئەڵێیچی؟....... بەڵام ......**
**بەڕاستە....... ئاخر ئەی .........**

**ئازاد بە پێوەیە لەکاتی ئەم وەڵام دانەوەیەدا ،وردە وردە دەکەوێتە سەر قەنەفەکە و**
**زۆر بەبێزارییەوە دادەنیشێ و مۆبێلەکەی فڕێدەداتە سەر مێزەکەی بەردەمی .**

**(42) ............. رۆژە..........خوێندنگای عائشەیە .......... ناوەوەیە**
**.......(42)**

**منداڵانی هاوڕێی عائشە نیشاندەدرێ یاریدەکەن ،لەنێو یان دا بەتەنها عائشە نەبێت سەرپۆشی لەسەردایەو لەسوچێکی پۆلەکەدا لەسەر کورسی و مێزەکەی کۆمەڵێ شتی لەسەرەو خەریکی کۆکردنەوەیەتی. (مارخۆت)ی مامۆستا دەردەکەوێ**
**و نامەیەکی بەدەستەوەیە و دەچێت بۆ لای عائشە .**

**مارخۆت /**

**عائشە ئەم نامەیە بدە باوک ودایکت**
**بۆ ئەوەی ئاگاداربن بەیانی دوای**
**تەواوبوونی خوێندنگا ،دێم بۆ ماڵەوەتان ،بەتایبەتی**
**قسە لەگەڵ باوکت ودایکت دەکەم .**

**عائشە /**

**بەڕاستە مامۆستا ............. ؟**

**عائشە نامەکە لە مامۆستا وەردەگرێ و دەیخاتە ناو جانتاکەیەوە**

.....................

مارخۆت /

بەو هیوایەی هەفتەی داهاتوو مەلە

بکەی .

عائشە باوەش بە مامۆستا دەکات

.........................................................

(43)..........رۆژە ........نووسینگەی کار دۆزینەوەیە ........... ناوەوەیە

.......(43)

هۆڵی گەورەی جێگەی کار دۆزینەوەیە ،لە چە ند لایەک کاغەز هەڵواسراوە و زانیاری سەبارەت بەکارکردنی تیا نووسراوە . رێبوار نیشاندەدرێ خەریکی خوێندنەوەی زانیارییە دەربارەی کارکردن و کاغەز و قەڵەمێکی پێیە جار جار زانیاری دەربارەی چەند کارێ دەنووسێ کە لەگەڵ خۆی دەگونجێن .

(44) ........... ڕۆژە ........... ماڵەوەی مریەمە ............ ناوەوەیە

........(44)

ماڵەوەی مریەمە . فەرەج باوکی مریەم وعائشە کڵاوێکی سپی لەسەردایەو لە سەر بەرماڵێک دانیشتووەو خەریکی قورئانخوێندنە ، عائشە لەپڕ خۆی دەکات

بە ژووردا ،باوکی لەقورئانخوێندن دەوەستێ .

فەرەج /

صدق اللّٰەالعظیم ....ها عائشە چیە ؟

عائشە نامەکەی مامۆستا ی بەدەستەوەیە .....................

عائشە /

باوکە ئەم نامەیە مامۆستاکەم بۆی

ناردووی .

فەرەج /

دیسانەوە نامەیە ...... نامە بۆ چی ؟

عائشە /

ووتی بەیانی دوای تەواو بوونی

خوێندنگا  دێم بۆ ماڵتان ،با باوک و
دایکت لە ماڵەوە بن .
فەرەج /
چی ...... یەت بۆ ئێرە..... باشە پێم
ناڵێی بۆ دێت بۆ ماڵەوە ؟....ئەگەر
بۆ باسکردنی مەلە دێت ،ئەوەپێی
بڵێ با هەر نەیێت .
لەم کاتەدا گوێمان لە دەنگی فاتمە ی دایکی عائشە دەبێت ،عائشە بانگدەکات
.
دەنگی فاتمە /
عائشە ... عائشە ...وەرە تا ئێرە .
فەرەج /
بڕۆ بزانە دایکت چیدەوێت ......
عائشە دەڕواتە دەرەوە و فەرەجیش سەرێک بادەدات و دەستدەکاتەوە
بەقورئان
خوێندنەوەی خۆی .
(45).......... شەوە ............. بازاڕە .................. دەرەوەیە
................(45)
بازاڕی ئافرەتە لەشفرۆشە کانە ،باقوبریقی گڵۆپەکان لە دوورەوە دەبینرێ .
ئوتۆمۆبیل دێن و دەڕۆن بۆ بازاڕەکە ،لە نێو ئۆتۆمۆ بیلەکان دا ئەحمەد بەدی
دەکرێ ،ئۆتۆمۆبیل لێدەخوڕێ وبەرەو بازاڕەکە دەچێت .
(46) ............ شەوە............ ماڵەوەی مریەمە ............ ناوەوەیە
............(46)
ژووری نوستنی مریەم وعائشەیە ،مریم لەسەر جێگەکەی خۆی دانیشتووەو
زۆر
بێتاقەتە و لەگەڵ ناخی خۆی دەدوێت واتە بە (مەنەلۆج ) .
مریەم /
باشە بۆ نابێت لەگەڵ ئازاد بم وخۆشم
بوێت.لەوەتەی هەم دەڵین حەرامە ،عەیبە ،

**قەدەغەیە ،ناشرینە . خۆزگە بڕیارەکان**
**بەدەست خۆم دەبوو .**
**عائشە خۆی دەکا بە ژوورا**
**..........................................................**
**عائشە /**
**دەی دادە مریم ئەوە دانیشم شت،**
**چیرۆکەکەم  بۆ بگێڕەوە .**
**مریەم /**
**عائشە گیان بڕوات هەبێت زۆر**
**بێتاقەتم  هەڵیگرە بۆ شەوێکی تر.**
**عائشە /**
**دەی دە توخوا... دەی دادە مریەم گیان.**
**مریەم هەناسەیەک دەداتەوە بە ناچاری دەستدەکا بە گێڕانەوەی چیرۆک .....**
**مریەم /**
**کوردە ئیتر هەموو ڕۆژێک لە کۆڵانەکان**
**چلورەکەی تەواو دەکا وبەدڵخۆشییەوە**
**دەگەڕێتەوە ماڵێ . ڕۆژێکیان منداڵێک لە**
**یەکێک لەو کۆڵانانەدا مۆبێلتەلەفونێک**
**دەدۆزێتەوە.**
**عائشە /**
**دادە مریەم من حەزدەکەم باسی کوردەم**
**بۆبکەی .**
**مریەم /**
**باشە باش ....ئاخر ئەمەش پەیوەندی بە**
**کوردەوە هەیە . خاوەنی مۆبێلتەلەفونەکە**
**چەند جارێک بە تەلفونێکیتر تەلەفون بۆ**
**مۆبێلە ونبووەکەی خۆی دەکات و داوای**
**مۆبێلەکەی دەکاتەوە،بەڵام منداڵەکە زۆر**
**ناشرین وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ ناتدەمەوە.**

**عائشە /**

**باشە ئەو منداڵە کوڕە یا کچ ..........؟**

**مریەم /**

**کوڕە.....منداڵەکە چاوەڕێدەکا تا کوردەی**
**چلورە فرۆش دێت ،کوڕەکەی مۆبێلەکەی**
**دۆزیوەتەوە دەچێت بۆ لای کوردەو دەڵێت**
**وەرە تۆ نۆ چلورەم بەرێ منیش ئەم مۆبێلەی**
**خۆمت دەدەمێ ،هەرچۆنێبێت پێکدێن بە**
**شەش چلورە ، بەڵام هەر رۆژەی دوو چلورەی**
**بداتێ.**

**عائشە /**

**یانی تەلەفونەکە دەدا بەکوردە...ئاخر ئەوە هی**
**خەڵکە چۆندەبێ وەریگرێ ؟**

**مریەم /**

**راستدەکەی، بەڵام ئەو کوڕە بە کوردە دەڵێ**
**هیخۆمە وئەمیش وەک هەموو منداڵێکی تر**
**حەزی لە مۆبێلە ......دەی ئێستا بخەوە بەشی**
**ئەمشەو تەواو .**

**عائشە /**

**تو خوا ئێستا بۆم تەواو کە ....دەی .......**

**مریەم /**

**نا عائشە گیان ...... ئاخر منیش دەبێ ئەو**
**کتێبە بخوێنمەوە....دەی بۆ شەوێکیتر .**

**عائشە /**

**ئەوە ئەو چیرۆکە خۆشانە لە ناو ئەو کتێبەدایە؟**

**مریەم /**

**ئەمە چیرۆکێکی زۆر درێژو گەورەیە با گەورە**
**بیت ئەوسا هەموویت بۆ باس دەکەم .**
**دەی ئێستا بخەوە ،کاتی شەوشاد کردنە ......**

**عائشه شەو شاد لە مریەمی خوشکی دەکا و دەخەویَ**

**.................................**

**(47) ...........رۆژە .............. ماڵی نەعیمە یە ...............ناوەوەیە .........(47)**

**ماڵی نەعیمە خانە. ژووری چێشتخانەیە  نەعیمە دانیشتووە نانی بەیانی دەخوا ،**

**پاش کەمێک محمودی کوڕی کە تەمەنی  (25) ساڵێک دەبێت خۆیدەکا بە ژوورا  .**

**محمود /**

**دایە ئەوە باوکم کوا ................... ؟**

**نەعیمە /**

**ڕۆڵە گیان لەگەڵ مناڵەکان چووە خوارێ ،**

**ووتی سەرێک لە مزگەوت دەدەم ونازانم**

**کلیلی مزگەوت دەدا بەکێ .**

**محمود /**

**دەی خێری پێوە بێت .......................**

**نەعیمە /**

**چیە ئەمڕۆ نیوەڕوانی....................؟**

**محمود /**

**دایە ئەمڕۆ نەک نیوەڕوانم بەڵکو شەوانیشم .**

**نەعیمە /**

**بۆ کوڕم ......بۆ، تۆ دووڕۆژی تر ژندێنی،**

**شەوان بە کەڵکی تۆ نایە .**

**نەعیمەی دایکی مەحمود، بەدەم قسە کردنەوە چا بۆ مەحمود تێدەکا ..................**

**مەحمود /**

**دایە ئەوە گرنگنیە ، بە دوو هەفتە شەوێکم**

**بەردەکەوێ...... بەڵام تۆ چیتکرد بۆ مەسەلەکەی**

**مریەم .**
**مەحمودیش بەردەوامە لە چایتێکدان و نانخواردن و قسە کردن لەگەڵ دایکیا**
**.......**
**نەعیمە /**
**لەگەڵ باوکتا باسمان کردووە باوکیشت بە خێزانی**
**چاکیان دەزانێ ،خۆشم ئەو ڕۆژە فاتمە خانی دایکی**

**مریەمم بینی و پێمگووت بەم زووانە دێینە خزمەتتان.**
**محمود /**
**دایە مریەم کچێکی موحەجەبەی نوێژکەری جوانەو**
**ئەوەندەی بزانم هیچ ئەم لاو ئەو لای نیە ،مادام**
**ئێوەش بەماڵێکی چاکی خواپەرست و ئیسلامیان**
**دەزانن، ئەوە بۆ من زۆر باشە، یەکو دووی**
**لێمەکەن و ناوی خوای لێبێنن .**
**نەعیمە /**
**ئینشا ئەڵلا بە نسیبماندەبێت ، خوا گەورەیە کوڕم**
**تۆش کوڕێکی نوێژکەری موسوڵمانی لە تۆ**
**باشتریان دەستناکەوێ .**
**دایکی مەحمود هەڵدەسێتە سەرپێ و قۆری چاکە کەمێک سارد بۆتەوە،**
**دەیخاتە سەر**
**تەباخەکە .**
**مەحمود /**
**دەی دایە گیان بتانبینم چیدەکەن ..........**

**(48)......... رۆژە.......بەردەم دەرگای فەرمانگەی مریەمە ........دەرەوەیە**
**...(48)**
**بەردەم دەرگای فەرمانگەیە، جێگەی پاسکیلوەستانە،مریەم دەبینین سەرپۆشی**
**بە**
**سەرەوە نیە و لە گەراجی بەردەم دەرگای فەرمانگەکەیان پاسکیلەکەی**

**دەوەستێنیٚ و**
**قفڵیدەدا و دەچێتە ژووریٚ .**
**(49)........... رۆژە ...........فەرمانگەی مریەمە .............. ناوەوەیە**
**.........(49)**
**لە دوورەوە لە ڕاڕەوی فەرمانگەکە مریەم دەردەکەوێت ،مارتن لە ژوورەکەی**
**خۆی**
**دەردەچیٚ ولە ڕاڕەوەکەدا مریەم دەبینیٚ ودەکەونە گفتوگۆ .**
**مارتن /**
**بەیانیتباش مریەم ...................**
**مریەم /**
**بەیانیتباش .....................**
**مارتن /**
**ئەم بەیانییە دەموچاوت کراوەو جوانە .**
**مریەم /**
**سوپاس.....................................**
**مارتن /**
**هەر کاتێک تۆ ببینم بە غەمباری ئەو**
**تراجیدیایەی لە میدیاکانا بینیومە**

**سەبارەت بەکوردو ئێستای عێراق**

**هەموویم بیر دەکەوێتەوە...........**

**مریەم /**
**کەواتە ببورە بێتاقەتمکردی ....**
**مارتن /**
**گرنگ ئەوەیە تۆ تەندروستیت باش**
**بێت و غەمبار نەبیت .**
**مارتن دەیەویٚ بڕوا ،هەنگاو بە پێچەوانەی مریەمەوە دەنێت،مریەمیش بە**
**هەمان**

**شێوە .**

**مارتن /**

**تا تۆزێکیتر دێمەوە ...........**

**مریەم /**

**تا دوایی ........................**

**(50).......... رۆژە .............سەرشەقامێکە ................ دەرەوەیە**

**........... (50)**

**سەر شەقامێکە خەڵک و ئۆتۆمۆبیل دێن و دەچن .ئازاد دەبینرێ جانتایەکی وەرزشی**

**لە کۆڵناوەو ملی ڕێگای گرتووە ،دیارە بەرەو جێگەی یاری بۆکسێن دەچێ ، بەڕێڕۆیشتن و دەمووچاوییەوە بێتاقەتیەکی زۆری پێوە دیارە .**

**(51) ............ ڕۆژە ............ماڵی مریەمە ................ ناوەوەیە**

**........... (51)**

**ژووری دانیشتنی ماڵی مریەمە . فەرەج و فاتمە دانیشتون ،عائشە ومامۆستاکەی**

**دێنە ژوورێ و ئەوانیش دادەنیشن .**

**مامۆستا /**

**عائشە ژوورەکەی خۆی و مریەمی خوشکی**

**نیشاندام ،بەڕاستی جوان و پاکە هەر وەک**

**خۆی .**

**فاتمە /**

**بەڵێ مامۆستا ....عائشە زۆر عاقڵەوهەردەم**

**گرنگی دەدا بەژوورەکەی خۆی ،زۆربەی**

**کات کە لەماڵەوە بێت ، لەوێیە .**

**مارخۆت /**

**زۆر راستە لە خوێندنگاش هەر وا عاقڵ و**

**زیرەکە . بەڕێزان دایک و باوکی عائشە من**

**هاتووم بۆ بابەتێک لەگەڵ ئێوە باسی بکەم .**

**فەرەج /**
**ببورە مامۆستا ......... عائشە هەستە بچۆ**
**ژوورەکەی خۆت .**

**عائشە وەک بەزۆر بیبەن وایە هەربۆیە بە بێزارییەوە هەڵدەسێ ،دایکیشی**
**لەگەڵی**
**هەڵدەسێ و دەچنە دەرەوە .**
**فەرەج /**
**فەرموو ....................................**
**مارخۆت /**
**پێش هەفتەیەک نامەیەکم بۆ نارد بوون، بۆ**
**تۆ و خێزانەکەت کە بێن بۆ خوێندنگا  تاکو**
**سەبارەت بە عائشە هەندێ قسە بکەین ،**
**بەڵام ئەوەبوو ئێوە مریەمی کچتان ناردبوو**
**وەڵامی ئێوەی پێوتم  کە ئێوە نایڵن مەلە**
**بکات ،دەتوانم بزانم بۆ ؟**
**فەرەج /**
**لە بەر ئەوەی ئێمە ئیسلامین و پێمانخۆش**
**نیە کچمان  مەلە بکات .**
**مارخۆت /**
**ئاخر مەسەلەکە خۆش و ناخۆش نیە  .**
**لەم کاتەدا فاتمە دێتە ژوورێ ،سینییەکی پێیەو سێ پەرداخ شەربەتی**
**لەسەرە،   دەیبا**
**بۆ مامۆستاو فەرەج .**
**فاتمە /**
**فەرموو .............................................**
**مارخۆت بەڕویەکی خۆشەوە شەربەتەکە هەڵدەگرێ**
**......................................**

**مارخۆت /**

**سووپاس .....................................**

**پاشان فاتمە شەربەت بۆ فەرەج دەبا ،فەرەج هەڵیناگرێ ،بەدەست ئیشارەت دەدا**

**کە ناخواتەوە ،فاتمە سینی وشەربەتەکەی ماوە لەسەر مێزەکەی بەردەمی خۆی دایدەنێ**

**و دادەنیشێ .**

**فەرەج /**

**مامۆستا ئێمە ناتوانین خۆمان گوناهبار بکەین ، لەبەر ئەوە واز لەم مەسەلەیە بێنە .**

**مارخۆت /**

**بەڕێزان مەلەکردن وانەیەکە وەک هەموو وانەکانی تر، بەتایبەتی لێرە لە نێدەرلاند، لە بەرئەوەی ئێمە نزیکین لە ئاستی ئاوەوە دەبێت هەموو منداڵێک بەئیجباری فێری مەلەکردن بێت .**

**فەرەج /**

**مامۆستا بە کورتی ئێمە حەز ناکەین کچمان لە بەردەم کوڕانا بەڕووتی مەلە بکات .**

**مارخۆت /**

**ئەی چی لەحەزو ئارەزوو دەروونی عائشە دەکەی لە بەر چاوی ئەو منداڵانە .**

**فەرەج /**

**ئێستا لەسەرەتای قسەکانتا نەتووت مەلە کردن بۆ خۆشی و نا خۆشی نیە......ئیتر چی ؟**

**مارخۆت /**

**ببورە مەبەستم باری دەرونی ئەو منداڵەیە، چیلێدەکەی کاتێ تووشی بارێکی نائاسایی**

**ببێ .**
**فەرەج /**
**مامۆستا وەڵامم دایەوە . دووبارەی دەکەمەوە**
**نامانەوێ مەلەبکات .**
**مارخۆت هەڵدەسێتە سەر پێ و دەیەوێ بڕوات**
**...................................................**
**مارخۆت /**
**باشە ...باش تێگەیشتم ...من دەبێت بڕۆم .**

**(52)...........ئێوارەیە .........جێگەی یاری بۆکسێنە ............. ناوەوەیە ..........(52)**
**جێگەی یاری بۆکسێنە ، ئازاد یاری بۆکسێن لەگەڵ یاریزانێکی تر دەکا وخەریکی**
**ڕاهێنانن ،بەسەرپەرشتی ڕاهێنەرەکەیان . ماریای قژ زەردی هۆڵەندی دەردەکەوێ**
**لەپشت جێگەی یاریەکەوە سەیری راهێنانەکەیان دەکا .ئازادو یاریزانەکەی تر**
**دیارە دەمێکە خەریکی راهێنانن،هەربۆیە عەرەق بەدەموچاو و لەشیانا هاتۆتە خوارێ.**
**بە یاری ئازادەوە دیارە بەتوانا ترە لە ڕاهێنانەکەدا ،بەردەوامن تا ئەو کاتەی ڕاهێنەر**
**هاوار دەکات بوەستن. ئازادو یاریزانەکەیتر لە یاریکردن دەوەستن،ماریاش دەست**
**دەکا بەچەپڵە لێدان ، ئازاد سەیر دەکا ماریایە چەپڵە لێدەدا ،ئازاد دەستێکی بۆ**
**بەرز دەکاتەوە ماریاش بەهەمان شێوە دەستی بۆ بەرز دەکاتەوە .**
**(53) ...........شەوە ............ ماڵەوەی مریەمە ............... ناوەوەیە ...........(53)**
**ژووری نووستنی مریەم وعائشەیە ، مریەم خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکەی**

**ڕێبوارە**
**کە لێیوەرگرتبو ،عائشەش لەسەر جێگەکەی خۆی پاڵکەوتوە و لەپڕ**
**هەڵدەسێت**
**مریەم  کتێبەکەی دادەنێ و دەچێتە لای عائشەوە .**

**مریەم /**
**عائشە ئەوە چییە تائێستا نەخەوتوی ؟**
**عائشە /**
**نا ... دادە مریەم خەومنایە ........**
**مریەم /**
**بۆچی عائشە گیان ..................... ؟**

**عائشە /**
**لەداخی باوکم و دایکم نایڵن مەلەبکەم .**
**مریەم /**
**لێتتێدەگەم عائشە گیان ،تۆ لەئێوارەوە**
**ئەمە دەڵییتەوە ،بەڵام بڕوات بێت خوێندنگا**
**واز لە باوکم ودایکم نایێنێ ...ئیتر تۆ بۆ هەر**
**لەئێستاوە وا خۆت بێتاقەتدەکەی .**
**مریەم باوەشی پێدادەکا و ماچی دەکاو دەچێتە ناو جێگەکەی وبەیەکەوە**
**رادەکشێن.**
**عائشە /**
**دەی دادە مریەم چیرۆکەکەم بۆ بگێڕەوە .......**
**مریەم /**
**بەسەر چاو عائشە گیان، باشە چیرۆکەکەمان**
**گەیاندە کوێ ؟**
**عائشە /**
**کوردە شەش چلورەیدا بە تەلەفونکە ،بەڵام**
**هەر ڕۆژەی دوو چلورە .**

**مریەم /**

**زۆر ڕاستە ،کوردە مۆبێلەکەی بە شەش چلورە وەرگرتو  و ڕۆیشت ...پاشان چوە کۆلانێکی تر**

**هاواری دەکرد چلورەیە ..... چلورە ،بەلام بە بەردەوامی مۆبێلەکەی بەدەستەوەیەو یاری پێدەکاو دلی زۆر خۆشە . سێ منداڵ دێن داوای چلورەی لێدەکەن ،لەوکاتەدا دەنگی زەنگی مۆبێلتەلەفونەکەی کوردە دێت ، کوردەش بەپەلە دەستدەنێت بەدوگمە یەکدا و خەریکی چلورەکان دەبێت بیدا بە منداڵەکان، بەلام کوردە نازانێ تەلەفونەکەی نەکوژاوەتەوە بۆیە هەرچییەک دەڵێن دەبیسترێ . چلورەکانی بەشی ئەو سێ منداڵە ناکات بۆیە پێیان دەڵێت .. ئەگەر پەلەتان نەبێ ئەو دوو چلورەیە بخۆن من نیو سەعاتم پێدەچێ ، دەچم بۆ گارگەی شەهلا، ئەوەی پاڵ سینەماکە زۆر زوو دێمەوە ، منداڵەکان ڕازی دەکا بەوەی یەک چلورەی زیادیان بداتێ ،بۆ ئەوەی چاوەڕێی بکەن تا دەگەڕێتەوە .**

**عائشە /**

**باشە کێ تەلەفون بۆ کوردە دەکات....خۆکەس ژمارەی تەلەفونەکەی نازانێ ؟**

**مریەم /**

**ڕاستدەکەی کەس ژمارە تەلەفونی ئەو نازانێ بەلام دەزانی کێیە ؟**

**عائشە /**

**کێیە دادە مریەم ...............................؟**

**مریەم /**

**خاوەنی تەلەفونەکەیە ،هەربۆیە گوێی لە**
**هەموو قسەکانی کوردە دەبێت ،لەبەرئەوەی**
**کوردە لەپەلەپەلدا دەستی ناوە بە دوگمەی**
**هەڵگرتندا نەک بدوگمەی داخستندا.**
**بۆیە کابرای خاوەنی تەلەفونەکە گوێی لە**
**هە موو قسەکانی کوردە دەبێت و بەپەلە**
**تەکسییەک دەگرێت و دەچێت بۆ بەردەم**
**گارگەی چلورەی شەهلا .**

**بەدەم باوێشکدانەوە پرسیار دەکات**

**.........................................................**

**عائشە /**

**باشە گارگەی شەهلا چییە ...........؟**

**مریەم /**

**ئەو شوێنەیە  کە چلورەی لێدروستدەکەن،**

**تا ئێرە بەسە، ئەوەتا باوێشک دەدەی ئیتر**
**کاتی خەوە .**

**عائشە /**

**باشە ئەویتری بۆ سبەی شەو .........**

**مریەمی خوشکی ماچی دەکاو لەجێگەکەی دێتەدەرەوەو شەوشادی لێدەکا**
**...............**

**(54)............. رۆژە ................ دارستانێکە ............... دەرەوەیە**
**...........(54)**

**ئازاد جلوبەرگی وەرزشی لەبەردایەو خەریکی راکردنە بەنێو دارستانێکدا**
**..........**

**(55) ......... رۆژە .............. نەخۆشخانەیە ............. دەرەوەیە**
**...........(55)**

**بەردەم دەرگای نەخۆشخانەیەکە،چنارو ڕێبوار دەردەکەون،بەلەشولارو هەنگاوەکانی**
**چنار دیارە، سکی هەیە واتە (حامیلە ) . ڕێبوارو چنار هەنگاو دەنێن و خۆیان**
**دەکەن بە نەخۆشخانەدا .**
**(56)........... ڕۆژە ............ ماڵی مریەمە ............... ناوەوەیە ..............(56)**
**ماڵی مریەمە، ژووری دانیشتنە ،فاتمەو نەعیمە خان دانیشتوون و خەریکی چای**
**خواردنەوەو گفتوگۆن .**

**نەعیمە /**
**بەو خوا گەورەیەی بەسەرمانەوەیە**
**شەو ورۆژ دوعای بۆ دەکەم کە چەند**
**کچێکی بەحەیاو حورمەتە .**

**فاتمە /**

**دەک سەلامەت بیت نەعیمە خان .....**
**نەعیمە خان لەم کاتەدا قومێک لە چاکە دەدا و پیاڵە کە دادەنێتەوەو دەستپێدەکاتەوە .**

**نەعیمە /**
**فاتمە خان ئێمە لەم غەریبییەدا کێمان هەیە**
**لە ئێوە زیاتر ،بەخوا دڵمان هەر بەئێوە**
**دەکرێتەوە. ئێوە لە جێی هەموو کەس و**
**کارمانن .**

**فاتمە /**
**بەخوا ڕاست دەفەرموی نەعیمە خان**
**لەم غەریبیە ماڵێکی خۆتان ئاسایی**
**نەبێت سەبوریمان بە کەسنایە .**

**نەعیمە /**
**دەک خوای گەورە لە ئێوەمان نەکا ،**

**ئاخر فاتمە خان بۆیە ئێمەش دەمانەوێ**
**ناسیاویەکەمان بکەین بە خزمایەتی و**
**مەحمودیش بکەن بەکوڕی خۆتان .**
**فاتمە /**
**ئینشائەڵڵا .....خوا ڕێکیخا،نەعیمە**

**خان دەزانم مەحمود کوڕێکی چاک و**
**نوێژکەرو لەخوا ترسە ،منیش هەر**
**ئەوە دوعامە ،خوا بەنسیبیکا.**
**بەخوا منیش حەزدەکەم .**
**نەعیمە /**
**دەک هانام بە دەمت فاتمە خان .**
**(57)..........ڕۆژە ............جێگەی یاری بۆکسێنە ............ ناوەوەیە**
**........(57)**
**جێگەی یاری بۆکسێنە، ئازاد لە جێگەی یاری لەگەڵ یاریزانێکیتر ڕاهێنان**
**دەکا**
**بەسەرپەرشتی ڕاهێنەرەکەی .ئازاد وریای و بەتوانایی دیارە بە**
**ڕاهێنانەکەیەوە ،**
**ڕاهێنەر جارجار تێبینیان دەداتێ .**
**ماریای هاوڕێی ئازاد خۆی دەکا بەژوورا لەجێیەکی چواردەوری یارییەکە**

**دادەنیشێ و سەیر دەکا ، پاشان مۆبێلتەلەفونەکەی دەردەهێنێ و بەکامێراکەی**
**دوو سێ وێنەی ئازاد دەگرێ ، لەم کاتەدا ڕاهێنەر هاوار دەکا بووەستن بۆ**
**چەند**
**خولەکێک دەبێ بە پاوزە ، ماریا لەگەڵ وەستانی ڕاهێنانە کە یەکسەر**
**لەجێیخۆی**
**هەڵدەسێ و دەچێ خاولییەک کەلە نزیک جێی یارییەکە دانراوە**
**هەڵیدەگرێ و**
**دەیبا بۆ ئازاد .**

**ماریا /**

**ئەوکاتەتباش ...فەرموو........**
**ماریا خاولییەکەی کە بەسەر پەتی جێگەی یارییەکەوە هێنابوی دەیداتە**
**دەستی ئازاد .**
**ئازاد /**
**سوپاس ماریا، نەمزانی کەهاتووی.**

**ئازاد بەخاولییەکە دەموچاوی دەسرێ . راهێنەرەکەی بتڵێ ئاو بۆ ئازاد دێنێ**
**، ئازاد**
**ماریای هاوڕێی و ڕاهێنەرەکەی بەیەکتری دەناسێنێ .**

**(58)............. رۆژە ............ رێگاو بانە ...................... دەرەوەیە**
**.............(58)**

**رێگاو بانی هاتووچۆی پاسکیلە ، خەڵکی بەپاسکیل هاتوچۆدەکەن ،مریەم**
**دەردەکەوێ**
**بەسواری پاسکیلەکەیەوە ،قژی رووتەو هیچی بەسەرەوە نیە سەیری**
**چواردەوری**
**خۆیدەکا تا ئەو کاتەی هاتووچۆ کەمدەبێتەوە ،دەوەستێ و لەجانتای**
**پاسکیلەکەی**
**لەچک و چاکەتە درێژەکەی دەردەهێنێ و دەستدەکا بە لەبەرکردنی چاکەتەکە**
**،**
**بەڵام لەکاتی پۆشینی لەچکەکەیدا پاسکیلەکەی دەکەوێ و لە چکەکەشی**
**لێدەشێوێ .**
**هەناسەیەکی قوڵدەداتەوە و زۆر بە بێزاریەوە دەست بۆ پاسکیلەکەی و**
**لەچکەکەی**
**دەبا .**
**(59) ......... رۆژە ............. ماڵەوەی مریەمە ............ ناوەوەیە**
**......... (59)**

**ماڵەوەی مریەمە ،ژووری چێشتخانەیە ، فاتمەی دایکی مریەم خەریکی شفتە سوور**
**کردنەوەیە لە تاوەیەکی پڕ لەرۆندا . فەرەج باوکی مریەم خۆیدەکا بە ژوورا**
**کیسەیەکی پڕ لە شتی پێیەو دەیخاتە سەر مێزی چێشتخانەکە و دەست دەکا بە**
**گفتوگۆکردن لەگەڵ فاتمە .**

**فەرەج /**

**ئافرەت سەیری ئەم مریشکانە بکە زۆر**
**جوان و قەڵەو هەرزانن .**
**فاتمە /**
**گرنگ ئەوەیە حەڵاڵ بن ..............**
**فەرەج /**
**بەخوا بێ ئەقڵی ژنەکە ، هەر شتێک**
**حەڵاڵ نەبێت چۆن دەیکڕم ..**
**فاتمە بەبەردەوامی خەریکی شفتە سوورکردنەوەیە**
**.....................................**
**فاتمە /**
**ئێ چوزانم پیاوەکە ....................**
**(60) ..........رۆژە ............رێگاوبانە ................ دەرەوەیە**
**.................. .(60)**
**مریەم بەسواری پاسکیلەوە دەبینین خەریکی پایدەر لێدانە ، لەچک و چاکەتە**
**درێژەکەی لە بەردایە و لەپڕ دەوەستێ و سەیری تایەی دواوەی پاسکیلەکەی دەکا**
**دەبینێت تایەی دواوەی پەنچەرە ،هەربۆیە بەناچاری لە پاسکیلەکەی دادەبەزێ و**
**دەستدەکا بە پاڵپێوەنان یو ملی ڕێگا دەگرێتەبەر .**

**(61)......... ئێوارەیە ........... ماڵەوەی مریەمە ........... ناوەوەیە ...........(61)**

**ماڵەوەی مریەمە ، ڕاڕەوی  هاتووچۆی نێوان ژوورەکانە . دەنگی دەرگاکردنەوە**

**دێ لم کاتەدا مریەم خۆی دەکا بەژوورا ، فاتمەی دایکی لەژووری چێشتخانەکە**

**خەریکی قاپشتنە ، باوکیشی لە ژووری دانیشتن خەریکی قورئانخوێندنە  .**

**مریەم /**

**ئەم کاتەتان باش  ..............**

**فاتمەی دایکی لەژووری چێشتخانەوە وەڵامی دەداتەوە . واتە گوێمان لەدەنگی دەبێ .**

**فاتمە /**

**کچم تۆ بڵێ، سەلامو عەلەیک...**

**لەم کاتەدا عائشە دەرگای ژوورەکەی دەکاتەوەو بەرەو لای مریەم دەچێ .............**

**مریەم لەجانتاکەی کیسەیەک شیرینی بۆ دەردەهێنێ و دەیداتێ، عائشەش لە خۆشیدا**

**ماچی مریەمدەکا ..پاشان گوێمان لەدەنگی فەرەج باوکی مریەم دەبێ لە ژووری**

**دانیشتنەکەوە بانگی مریەم دەکات .**

**دەنگی فەرەج /**

**مریەم ...مریەم تائێرە وەرە ............**

**مریەم کەگوێی لە دەنگی باوکی دەبێ هەنگاو هەڵدەهێنێ بۆ ژووری دانیشتن .....**

**(62) ............ ئێوارەیە .......... ماڵەوەی مریەمە ............. ناوەوەیە ..........(62)**

**تەواو کەری دیمەنی (61) کە . ماڵی مریەمە ژووری دانیشتنە ،ئەحمەدی برای مریەم لەتەواو بوونی نوێژدایە و باوکیشی خەریکی قورئانخوێندنە ، مریەم خۆی**
**دەکا بەژوورا ،باوکی قورئانەکە ماچدەکاو پاشان دایدەخاو دەیخاتە سەرمێزەکەی**

**بەردەمی.**

**فەرەج /**

**مریەم بۆ وادرەنگ هاتیتەوە ... ؟**

**مریەم /**

**باوکە پاسکیلەکەم تایەی پەنچەر بوو.**

**فەرەج /**

**ئەمە تۆ چەنەم جارتە وا دوادەکەوی ؟**

**مریەم /**

**باوکە خۆ درۆت لەگەڵناکەم .......**

**ئەحمەد هەڵدەسێ و بەرماڵەکەی قەد دەکاو دەچێتە سەر کورسییەک و وەڵامی مریەم**
**دەداتەوە .**

**ئەحمەد /**

**بەڵێ درۆ دەکەیت و ئەولاتریش .......**

**فاتمەی دایکی دێتە ژوورێ و سینیەک پیاڵەو تەرمۆزی لەسەرە ، لەسەر مێزی ناوەڕاستی ژوورەکە دایدەنێت و خۆشی لەسەر کوورسییەک دادەنیشێ .**

**فەرەج /**

**تۆ بێدەنگبە ئەحمەد . باشە جەنابت**
**ووتت تەلەفونم بۆ مامۆستاکە کردووە**

**گوایە ناوت نوسیوە .**

**مریەم /**

**ناوم نووسیوەو هەفتەی داهاتوو دەست**
**دەکەم بەوانە وەرگرتن... بەڵام باوکە**
**فێربوونی ئۆتۆمۆبیل پەیوەندی بەم**
**مەسەلەیە چییە ؟**

**فەرەج /**

**بۆئەوەی لەدەست ئەم بیانوانەت**
**رزگارم بیَ .**

**مریەم /**

**بیانوی چی باوکە ؟**

**فەرەج /**

**هەر رۆژەی بەبیانویەک درەنگ دێیتەوە.**

**مریەم زۆر توورە دەبێت لەقسەکانی باوکی ، هەنگاو دەنێت و دەیەویَ بڕوا ،بەڵام**
**دایکی بانگیدەکا ،بۆیە دەوەستیَ .**

**فاتمە /**

**مریەم گیان دە تۆ وەرە لێرە دانیشە .**

**مریەم /**

**ئێوە بڕوام پێناکەن بچن سەیری**
**پاسکیلەکەم بکەن بۆ درۆو راستی .**

**فاتمە /**

**نا...نا ..کچم ئەو بابەتە تەواو، مادام**
**خۆت فێری سەیارە دەکەی ئەوە کێشە**
**نییە ،پاش ئەوەش تۆ دەچیتە ژیانێکی**
**ترەوە .... وەرە چایەک بخۆ هەرچەندە**
**نانت نەخواردوە .**

**مریەم /**

**مەبەستت چی یە ؟**

**فاتمە /**

**دەتۆ وەرە دانیشە بێقەزابی باتێتگەیەنم .**

**مریەم بە دوودڵییەوە هەنگاو دەنێ و دەچێ دادەنیشێ ،فاتمەی دایکی بەپەلە چایەکی**

**بۆ تێدەکا .**

**فاتمە /**

**مریەم ئەمڕۆ زۆر لەگەڵ باوکتا قسەمان**

**لەسەر مەسەلەی شووکردنەکەت کرد .**

**مریەم کە گوێی لەم قسەیەی دایکی دەبێ تۆزێ ڕەنگ و ڕووی دەکرێتەوە**

**...........**

**فەرەج /**

**گوێبگرە کچم  ئەوە ئەحمەدی براشت**

**دانیشتووە ، ئێمە ئەو کوڕەمان بەدڵە .**

**مریەم بەتەواوی دەموچاوی دەگۆڕێت ، واتە لە تووڕەییەوە بۆ شەرم  ،زیاتر گوێ**

**بیستی قسەکانی باوکی و دایکی دەبێ .**

**فاتمە /**

**کوڕێکی هەتا بڵێی لە خواترسو نوێژکەرە**

**ڕێک چۆتەوە سەر باوکی ،بەخوا هەر دەڵی**

**شێخ عومەرە .**

**مریەم /**

**ئەوە ئێوە باسی کێدەکەن .......... ؟**

**فەرەج /**

**باسی مەحمودی کوڕی شێخ عومەرو**

**نەعیمەخان دەکەین ،ئەو خێزانە بەدین و**

**بەڕێزەی هەموو کەس حەز بە**

**خزمایەتیان دەکا .**

**مریەم /**

**باوکە من جارێ شووناکەم ..........**
**مریەم هڵدەسێتە سەر پێ و بەتووڕەییەوە هەنگاو دەنێت و ژوورەکە بەجێدێڵێ ..........**

**ئەحمەد /**

**مانای چیە جارێ شوو ناکەم ؟**
**ئەی بۆ بەو ئازادە کافرە رازی ئەبوو !**
**فەرەج /**
**وەڵڵە هەر ئەمەمان مابو لە قسەمان دەرچێ .**

**(63) .........شەوە ..........ماڵی چنارو رێبوارە ........... ناوەوەیە ............. (63)**
**ماڵی چنارو رێبوارە . چنار ورێبوار لەژووری دانیشتنن ،چنار خەریکی چەند کاغەزێکە دەیانکاتە نێو ماپێک ،رێبواریش تەلەفونی بەدەستەوەیەو خەریکی ژمارە لێدانە .**
**(64) .......... شەوە .......... کافتریاو باڕێکە ............ ناوەوەیە ........... (64)**
**ئازادو ماریا لە کافتریاوباڕێک لەسەر مێزو کوورسیەک دانیشتوون، سەرو گڵاس شەربەتیان لە بەردەمدایەو خەریکی گفتوگۆن . دەنگی زەنگی مۆبێل تەلەفونەکەی ئازاد دێت .**

**ئازاد /**

**بەڵێ ئازاد ..... ئەو کاتەت باش کاک رێبوار ،چنار خان چۆنە...........**

**ببورە بەڕاستی ئەم ماوەیە بێتاقەت**
**بووم .**
**(65) .......... شەوە ........... ماڵی رێبوارو چنارە ............. ناوەوەیە**
**..........(65)**

**تەواوکەری دیمەنی پێشووە ،چنار خەریکی کاغەزو ماپەکەیە ، رێبواریش**
**بەردەوامە**
**لە تەلەفونکردن لەگەڵ ئازاد .**
**رێبوار /**
**بەڕاستی تۆ دەبێ لەوە بەهێزتر بی.**
**......... بەڵێ .... بەڵێ..ئێ ..باشە ....**
**وورده وورده.....دەی بەوهیوایە .**
**ئازاد وەڵامی شەریکەکەم بۆ هاتەوە .**
**..... بەڵێ  بەڵێ ئەو ئیشە یە .**
**(66) ......... شەوە .............. کافتریاو باڕە ................ ناوەوەیە**
**...............(66)**
**تەواوکەری دیمەنی پێشووە . ماریاو ئازاد لەسەرهەمان کوورسی ومێزێی**
**دیمەنی**
**پێشوو دانیشتوون ،ئازاد بەردەوامە لەتەلەفونکردن لە گەڵ رێبوار .**

**ئازاد /**

**کەواتە لەهەفتەی داهاتووەوە دەست**
**پێدەکەی ...بەڵێ ... زۆرم پێخۆشە**
**یاخوا پیرۆزت بێ .**

**دەنگی ڕێبوار لەمۆبێل تەلەفوونەکەی ئازادەوە دەبیسترێ**
**.....................................**
**دەنگی ڕێبوار /**
**زۆر سوپاس... هەرواویستم هەواڵێکت**
**بزانم ،ئیشێ کارێکت نەبوو .........**
**ئازاد /**
**نەوەڵڵە ،زۆر سوپاست دەکەم ......**
**دووبارە سوپاس بۆ لێپرسینەوەکەت .**
**دەنگی ڕێبوار /**
**دەباشە ، شەوێکی شادو خۆش .**
**ئازاد /**
**شەو شاد ..... سڵاوم بگەیەنە بە چنارخان .**
**ئازاد تەلەفونەکەی دادەخاتەوەو لەسەر مێزی بەردەمیان دایدەنێ**
**.........................**
**ببورە ماریا ئەوە هاوڕێیەکی زۆر نزیکم**
**بوو ،تازە کاری دەستکەوتووە هەفتەی**

**داهاتوو دەستپێدەکا ..................**
**ماریا /**
**نا...... نا... زۆر ئاساییە، منیش پیرۆز**
**بایی لێدەکەم بۆ ئەوەی کاری دەست**
**کەوتووە .**
**(67).......... شەوە ............. ماڵی مریەمە ............... ناوەوەیە**
**............ (67)**
**ژووری نووستنی عائشەو مریەمە . عائشە خەویلێکەوتووەو ،مریەمیش لەسەر جێگەکەی پاڵیداوەتەوەوکتێبەکەی بەدەستەوەیە دەیخوێنێتەوە پاش کەمێک دەیخاتە سەرسنگی و بیر دەکاتەوە و لەگەڵ خۆی دەدوێ واتە بە مەنەلۆج .**
**مریەم /**

**من بۆیە حەزم دەکرد شوبکەم بە ئازاد**
**چونکە هاوڕێی کاک ڕێبوارو ئەوان بوو**
**وەک ئەوانیش بیری دەکردەوەو ، ئەوان**
**زۆر بەدڵیانبوو ... بەڵام ئێستا سەرەی**
**زیندانەکەی ماڵی شێخ عومەرو نەعیمە**
**خانو کوڕە ووشکەکەیەتی، لە زیندانێکەوە**
**بۆ زیندانێکی تر .**
**لەپڕئەحمەد دەرگای ژوورەکەی مریەم دەکاتەوەو ،دەبینێ مریەم بەپەلە**
**کتێبەکەی**
**سەرسنگی لادەباو لە بیر کردنەوە ی دەبڕێ**
**.........................................**
**ئەحمەد /**
**ئەوە بەرماڵەکەت لە کوێ داناوە ؟**
**مریەم /**
**چوزانم .....لای دایکمە .........**
**(68) ........... ڕۆژە ............... دارستانە ................... دەرەوەیە**
**............... (68)**
**ئازاد بەجلوبەرگی وەرزشییەوە خەریکیرڕاکردنە ، جارجار بەدەم ڕاکردنەوە**
**ڕاهێنانی بۆکسوەشاندن دەکا .**
**(69).......... ڕۆژە ........... فەرمانگەی مریەمە ........... ناوەوەیە**
**...........(69)**
**ژووری فەرمانگەی مریەمە . مریەم دانیشتووەو خەریکی کۆمپیتەرە،**
**فەرمانبەرێکی**
**تریش لەولاوە خەریکی پرینت کردنە . مارتن خۆی دەکا بەژووردا و**
**ڕۆژنامەیەکی**
**بەدەستەوەیە .**
**مارتن /**
**ببوورن دەتان بڕم ..... سەیری ئەم**
**ڕۆژنامەیە بکەن ،هەواڵێکی چەند**

**ناخۆشی تێدایه .**
**مریەم /**
**هەواڵی چی ........... ؟**
**مارتن /**
**کوشتن و ئەتکردنی کچێکی هەژده**
**ساڵ لەم شاره .**
**مریەم بەپەلە ڕۆژنامەکە لە مارتن وەردەگرێ و سەیری دەکا**
**........................**
**مریەم /**
**ئەمە خەڵکی ئێرەشە ....بەڕاستی**
**بەداخەوه بۆ ئەو کچه گەنج و جوانه .**
**من وامدەزانی بەس لای ئێمه کوشتن**
**هەیه .**
**مارتن /**
**لە هەموو شوێنێکی ئەم دنیایه کوشتن**
**هەیه ،بەڵام هەر شوێنەو بەجۆرێ .**
**مریەم /**
**راسته ،لای ئێمه لەسەر شەرەف زۆر**
**ئافرەت دەکوژن که بەشێکه لەکلتووری**
**نەزانین و دواکەوتویی .**
**مارتن /**
**لێرەش بریتیه لەشێوانی باری دەرونی و**
**لە کیسچوونی هەستی مرۆڤایەتی .**

**فەرمانبەرەکەی تری هاوڕێیان کەناوی (یانه) و تەمەنی (36) ساڵه و کوڕێکی بالا**
**بەرزی چاو شینه دێ بۆ لای مارتن و مریەم ڕۆژنامەکەیان لەدەست وەردەگرێ و**
**سەیری دەکا .**

**یان /**

**نازانم مرۆڤ چۆن دەستی دەچێتە**

**خوێنی مرۆڤ ؟ بەڕاستی سەیرە .**

**(70) ........ رۆژە ............... ماڵی مریەمە ................. ناوەوەیە ............ (70)**

**راڕەوی هاتووچۆی نێو ژوورەکانە .ئەحمەد لە حەمام دێتە دەرێ ،دیارە خۆی**

**شتووە ،بەخاولی قژی ووشکدەکاتەوە ،دەچێتە بەر ئاوێنەی راڕەوەکەیان**

**دایکی لەژووری نوستنەکەی خۆیان دێتەدەرێ .**

**فاتمە /**

**ئەحمەد کوڕم ئەوە من تۆم نەبینی**

**ئەم بەیانییە هەڵسی بۆ نوێژ کردن.**

**ئەحمەد /**

**دایە گیان ڕاست دەکەی بەخوا گیانم**

**زۆر خراپ تێکشکاوە هەر ئێستا**

**دەچم بەقەزا دەیگێڕمەوە .**

**فاتمە /**

**دەی زووکە بادوانەکەوی لە ئیشەکەت .**

**ئەحمەد /**

**نا... نا..... هەر کەهەستام تەلەفونم**

**بۆ کردن ووتم تۆزێ ناساغم .**

**فاتمە /**

**لەوەدەچێت ئەو درمەت گرتبێ .........**

**ئەحمەد /**

**کام درمە ؟ ........................**

**فاتمە /**

**هەڵامەت .............................**

**ئەحمەد /**

**ئیتر نازانم چییە ، بەهەرحاڵ کوا باوکم**

**دەنگی نایە ؟**

**فاتمە /**

**ڕۆیشت بۆ سۆسیال مەوعیدی هەیە .**

**ئەحمەد /**

**نا..... نا .. هۆڵندییەکەی بەهێز بووە**

**ئێستە پێویستی بە ئێمە نییە .**

**فاتمە /**

**باشتر لەکۆڵ ئێوەش بۆتەوە . تۆزێ**

**خێراکە نانت بۆ ئامادە دەکەم.**

**فاتمە دەچێ بۆ چێشتخانە و ئەحمەدیش دەچێ بۆ ژووری نووستنەکەی خۆی .......**

**(71) ......... ڕۆژە .............. ماڵی مریەمە ............. ناوەوەیە .............. (71)**

**ژووری نووستنی ئەحمەد ە ، ئەحمەد لە سەر مێزی تەوالێتەکە واتە ئەو مێزەی**

**کەبۆنوشتی پێویستی گەنجێکی لە سەر دادەنرێ،بۆنێک هەڵدەگرێ وچەند پرژە یەک**

**لە خۆی دەدا و سەیری ئاوێنەی سەر مێزەکە دەکا و دەسدەکا بەقژشانەکردن.**

**لەم کاتەدا بیری ئەوشەوەی دەکەوێتەوە کەچۆن مریەم کتێبەکەی بەپەلە شاردەوە**

**هەربۆیە لەشانەکردن دەوەستێ وبەپەلە دەچێ بۆژوورەکەی مریەم ودەستدەکا بە**

**گەڕان تا ئەوکاتەی پشتیی سەرجێگەکەی لادەبا و دەبینێ کتێبێکی لەژێردایە،کتێبەکە**

**یەکسەر هەڵدەگرێ وسەیری بەرگەکەی دەکا ولەبەرخۆیەوە بەهێواشی دەیخوێنێتەوە.**

**ئەحمەد /**
**سێکس و شەرع و ژن.......س ێ ک...**
**پاشان بەرگی کتێبەکە لا دەباو چاوی زەقدەبێتەوەو سەری بادەدا،یەکسە دایکی بانگدەکا**
**دایە .......دایە .....وەرە تائێرە ...دایە .**

**(72) .......... رۆژە ............. ماڵی چنارو رێبوارە ............ ناوەوەیە ...........(72)**
**ماڵی چناورێبوارە . چنار بەتەنها لەماڵەوەیە جلی ماڵەوەی لە بەردایە و خەریکی**
**گسکدانە...... چنار گوێی لەدەنگی جەڕەس دەبێ ، بەڵام لێدانی جەڕەسەکە زۆر**
**نائاسایی دەبێ ،واتە جەڕەس لەسەر جەڕەس لێدەدرێ . چناریش بەپەلە گسکە**
**کارەباییەکە دەکوژێنێتەوەو دەچێ بۆ دەرگا کردنەوە .**
**(73) ......... رۆژە ......... ماڵی چنارو رێبوارە ......... دەروەیە ......... (73)**
**تەواوکەری دیمەنی پێشووە . بەردەم دەرگای ماڵی چنارو رێبوارە ، ئەحمەدی برای مریم راوەستاوەو کتێبێکی بەدەستەوەیەو تووڕە دیارەو لە دەرگا دەدا .**
**چنار /**
**خێر کاک ئەحمەد ....چۆنی باشی..**
**ئەحمەد قسەکردن بە چنار دەبڕێ و زۆر توڕەیە**

.........................................

ئەحمەد /

نەخێرەو نەپێویستیم بەچاکوچۆنی
جەنابتانە... ئادەیرڕێبواری مێردتم
بۆ بانگ ناکەی .

چنار /

تۆزێ بەجوانی قسەبکە ، ریبوار لە
ماڵ نیە .

ئەحمەد /

ئێمە بە جوانی قسە دەکەین ، بەڵام
بەرێبواری مێردت بڵێ هیچ قبوڵمان
نییە کتێبی شەیتانی بدا بە خوشکی
من .... ئەمە دواهەمین جار بێت دەنا
خۆم دەزانم چیدەکەم .

ئەحمەد کتێبەکە فرێدەداتە سەر زەوی و بەپەلە دەڕوا ، چناریش
دادەنەوێتەوەو
کتێبەکە هەڵدەگرێتەوە .

(74) ......... رۆژە ............ خوێندنگایە ............. ناوەوەیە
.............. (74)

ژووری بەڕێوەبەری خوێندنگای عائشەیە ، مامۆستاکەی عائشە لەگەڵ
(پێتسی) کە تەمەنی (50) ساڵە وپیاوێکی رۆحسووک و ، بەڕێوەبەرێکی
دڵسۆزە، دەربارەی عائشە قسەدەکەن .

مارخۆت /

پێتسی ناکرێ عائشە هەروا بەم جۆرە
بمێنێتەوە .

پێتسی /

ڕاستە نامەیەکیتریان بۆ دەنێرم بۆ ئەوەی
زیاتر قەسەیان لەگەڵدا بکەین .

**مارخۆت /**

**بەبۆچوونی من پێویستناکا دوێنێ**
**لەگەڵ هاوڕێیەکما باسی ئەم کێشەیەم**
**کرد،ووتی ئێستا جلێک هەیە بۆ ئەوانەی**
**ئیسلامن هەموو گیانیان دادەپۆشێ لەتەوقی**
**سەریانەوە هەتا قاچیان و دەتوانن مەلەبکەن،**
**بەم نزیکانە ئەدرەسەکەیم بۆ دەهێنێ ،منیش**
**دەیدەم بە مریەمی خوشکی عائشە تاکو بۆی**
**بکڕێ و لەم کێشەیە رزگارمان بێت .**

**پێتسی /**

**زۆرچاکە ،بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەوان پێی**
**رازیبن .**

**مارخۆت /**

**لەو بڕوایەم رازیبن ، مریەمی خوشکی**
**کەهات بۆ ئێرە بەڕوونی باسی کرد لەبەر**
**دەرکەوتنی قژو لەشێتی ناهێڵن ........**
**هەروەها باوک و دایکیشی هەمان هۆیان**
**دووبارە کردەوە .**

**پێتسی /**

**حەزدەکەی نامەیەک بۆ مریەمی خوشکی**
**دەنێرین .**

**مارخۆت /**

**بەبۆچوونی من پێویست بەنامە ناکا ،**
**بۆ ئەوەی دایک و باوکی بابەتەکە ئاڵۆز**
**نەکەن من بەتەلەفون پەیوەندی بە**
**مریەمەوە دەکەم .**

**پێتسی /**

**منیش پێم چاکە ئەگەر مریەم یارمەتیمان**

**بدات .**
**مارخۆت /**
**مریەمم بینیوە کچێکی کراوەو تێگەیشتوە ،**
**خۆشی ژمارە تەلەفونی داوەپێم .**
**(75) ........... ئێوارەیە ........... یاریگای بۆکسێنە ........... ناوەوەیە ........... (75)**
**جێگەی یاری بۆکسێنە،ئازاد لەگەڵ راهێنەرەکەی راهێنان دەکا.ئازاد بە بەردەوامی**
**بۆکس دەوەشێنێ ، راهێنەرەکەی بەهەمان شێوەی ئازاد دەسکێشی ملاکەمەی لەدەستدایەو بۆکسەکانی ئازاد رادەگرێ و بەچوار دەوری جێگەکەدا دەجوڵێ و ئازاد**
**بەدواوەیەتی .......... فێری تەکنیکی بەرگری و هەڵمەتبردنی دەکا .**

**(76) .......... ئێوارەیە ............... شەقامێک ................. دەرەوەیە .............(76)**
**شەقامێکی گشتیە،ماریا دەبینرێ لە ئۆتۆمۆبیلێکی سووردا خەریکی لێخوڕینە .**
**(77)........... ئێوارەیە ............ماڵی مریەمە ............ ناوەوەیە ............ (77)**
**ژووری دانیشتنی ماڵی مریەمە ، ئەحمەد و باوکی دانیشتون ،سەیری تەلەفیزیۆن**
**دەکەن  کە لەسەر کەناڵی جزیرەیە و مەلایەک قسە دەکا لەکۆتایی قسەکانیایەتی**
**هەربۆیە ئەحمەد عائشەی خوشکی بانگ دەکات .**
**ئەحمەد /**
**عائشە ....... عائشە وەرە تائێرە .**
**بەرنامەکەی تەلەفیزیۆن تەواودەبێت**
**.........................................................**
**فەرەج /**

**ئەم بەرنامەیە هەموو شەوێکە ..؟**
**عائشە لەم کاتەدا خۆی دەکات بەژوورا**
**........................................................**
**ئەحمەد /**
**نا باوکە هەفتەی جارێکە ، لەهەمان**
**کاتدا وەک ئێستا ........ ئادەی عائشە**
**مریەمی خوشکتم بۆ بانکە .**
**عائشە /**
**ئاخر دادە مریەم نانەخوا.......**
**ئەحمەد /**
**ووتم بڕۆ بانگیکە ..............**
**(78)........... ئێوارەیە ........... ماڵی چناروڕێبوارە ........... ناوەوەیە**
**...........(78)**
**ماڵی چنارو ڕێبوارە ، چناروڕێبوار لەژووری چێشتخانە دانیشتوون چای**
**دەخۆنەوە .**
**ڕێبوار /**
**من تێناگەم ئەم کتێبە چۆن کەوتۆتە**
**دەستی ئەم برایەی ؟**
**چنار /**
**لەوەدەچێ دڵی پیسبێ ، دیارە دەچێتە**
**ژوورەکەی .**
**ڕێبوار /**
**بۆنا ... دوای ئەوەش ئەوان بەهەقی**
**مریەمی نازانن دەست بۆ ئەو کتێبانە**
**بەرێ .**
**چنار /**
**وەرە لە ئەوروپا بیت نەهێڵن بەئارەزووی**
**خۆت بخوێنیتەوە یان کەسێک هەڵبژێری یان**

**بچیتە دەرەوە ، دواتریش ئەگەر کچەکەیان**
**رایکرد لەدەستیان دەڵێن بێشەرەفە .**

**رێبوار /**

**جا دەڵێیچی هەندێ کەس بەس بە**
**جوغرافیا گۆڕاون ، لەباتی سوود**
**لەگۆڕان و پێشکەوتن و شارستانیەت**
**وەرگرن .**
**(79)......... ئێوارەیە ...........ماڵی مریەمە ............... ناوەوەیە**
**........... (79)**
**ژووری دانیشتنی ماڵی مریەمە ، باوکی و ئەحمەد دانیشتون ،مریەم بەجلی**
**دەرەوە**
**خۆی دەکا بە ژوورا .**
**ئەحمەد /**
**باشە مریەم تۆ قوورئان دەخوێنیتەوە**
**یان کتێبی شەیتانی .**
**مریەم /**
**ئەوە چیە ...... دیسانەوە تێکچووی .**
**ئەحمەد /**
**نا ..تێک نەچووم کتێبەکەی کاک رێبوار تێکی**
**داوم .**
**مریەم /**
**جا ئەوە چیە ..... ئەوە کتێبێکی ئاساییەو**
**دەیخوێنمەوە .**

**فەرەج /**

**مریەم خان هەرئەمەمان کەم بوو،**
**باشە تۆ و ماڵی رێبوارە فەنی کوجا**
**مەرحەبا ..... ها .**

**مریەم /**
**من بەهۆی ئنتر نێتەوە زانیم کا ک ڕێبوار**
**دەنووسێ ،بۆیە لە بڵندڕەوەکەدا بینیم**
**داوای ئەو کتێبەم لێکرد .**
**ئەحمەد /**
**هیچ نەما.. داوای ئەو کتێبە جوانەی**
**لێبکەی !**
**مریەم /**
**ئێ خۆ باسی دییانەتدەکا .........**
**ئەحمەد بەتەواوی تووڕە دەبێت و هەڵدەسێتە سەر پێ ......................**
**ئەحمەد /**
**باسی چی دەکا ؟ ...نەخێر ، باسی**
**سێکس و شەرع و ئیسلامی دەکرد،**
**ئەو کتێبانەن کەدژی ئیسلامن وخەڵک**
**لەدین وەردەگێڕن .**

**فەرەج /**
**باشەمریەم ناخان هیچ نەما بیخوێنیتەوە**
**ئەو کتێبانە نەبێ. لای خۆی دەبوایە شەو ڕۆژ**
**خەریکی قوورئان خەتمکردن بوویتایە .**
**ئەی باشە ئەحمەد تۆ بۆ کتێبەکەت بردەوە ؟**
**ئەحمەد /**
**بردمەوە بۆ ئەوەی کەڕەتێکیتر فێری ئەوە**
**نەبن کتێبی شەیتانی بدەن بە مریەم .**
**مریەم /**
**تۆ هیچ نازانی .... ئەوە باسی ئیسلام دەکا .**
**ئەحمەد /**
**من هیچ نازانم ..... یان بەرەڵاییەکەی تۆ .**
**فەرەج /**

**ئەحمەد بەسە ..........................**
**ئەحمەد /**
**ئەگەر باوکم نا ئەبوو خۆم دەمزانی چۆنم**
**عاقڵ دەکردی .**
**فاتمەی دایکی مریەم دێتە ژووری و بە دەنگی بەرز قسە دەکا**
**........................**

**فاتمە /**
**ئەوە چیتانە ئەو دەنگە دەنگە .... ها ......**
**ئەحمەد /**
**دایە تۆ خۆت کتێبەکەت نەبینی ...... ؟**
**فاتمە /**
**با...... بۆ ؟ .......................................**
**ئەحمەد /**
**ئی ،لەوە زیاتر چیترت دەوی............**
**فاتمە /**
**ئەحمەد.. کتێبێک ئەوەی ناوی ...............**
**فەرەج /**
**بەسە...... بیبڕنەوە، جارێکی تر ئەمەم**
**گوی لێنەبێت . مریەم بەهیچ جۆرێک**
**نابی پەیوەندیت لەگەڵ ئەو ماڵە بمێنی .**
**تێگەیشتی ؟**
**(80) .......... شەوە .......... بەردەم یاریگای بۆکسێنە ......... دەرەوەیە**
**.........(80)**
**بەردەم یاریگای بۆکسێنە ، ئازاد لە دەرگای یاریگای بۆکسێن دێتە دەرەوە، جانتایەکی**
**لە شاندایە ..ئۆتۆمۆبیلێکی سوور لەوسەری شەقامەکە دەردەکەوی ماریا**
**لێیدەخوڕی،**

**دێتە بەردەم یاریگای بۆکسێن و دەوەستێ ، ئازادیش هەنگاو دەنێ بۆلای ئۆتۆمۆبیلە**

**سوورەکەی مارياو دەرگای ئۆتۆمۆبيلەكە دەكاتەوەو سەر دەكەوێ، پاشان ئۆتۆمۆبيلەكە**
**بەڕێ دەكەوێ .**
**(81) .......... شەوە ............ ناو ئۆتۆمۆبيل ........... ناوەوەيە ............ (81 )**
**ناو ئۆتۆمۆبيلەكەی مارياية . ماريا ئۆتۆمۆبيل لێدەخوڕێ و ئازاديش لەتەنيشتيا**
**دانيشتووەو پێكەوە گفتوگۆ دەكەن .**
**ماريا /**
**لەگەڵ راهێناندا چۆنی ؟ ................**
**ئازاد /**
**لەڕاستيا راهێنانەكەم ئەم ماوەيە زۆر**
**قورسبوە .**
**ماريا /**
**بۆچی قورسبوە ؟ ...................**
**ئازاد /**
**راهێنەرەكەم بڕوايەكی زۆری پێمە ،**
**دەيەوێ ياری بكەم لەگەڵ ياريكەرێكی**
**تردا .**
**ماريا /**
**منيش لێتڕادەبينم سەركەوتو بيت .**
**ئازاد /**
**راهێنەرەكەم دەڵێ ئەگەر ياريەكە ببەيتەوە**
**چەردەيەک پارەشت دەست دەكەوێ .**
**ئۆتۆمۆبيلە سوورەكەی ماريا لە شەقامێكی تر دەردەكەوێ ، ئازادو ماريا بەردەوامن لە**

**گفتوگۆ کردن .**

**ماریا /**

**هەقی خۆتە تۆ زۆر هیلاکدەبی.**

**ئازاد /**

**بەو هیوایە ........................**

**ماریا /**

**ئێستا دەچین خواردنێکی زۆر خۆش**

**دەخۆین،هیلاکی ئەمڕۆت لە بیر دەباتەوە .**

**ئۆتۆمۆبیلەکە بەردەوامە لەسەر ڕۆیشتن**

**...........................................................**

**(82) ............. شەوە ........... ماڵی مریەمە ............ ناوەوەیە**

**............... (82)**

**ژوورەکەی مریەم و عائشەیە . مریەم لەسەر جێگەکەی خۆی دانیشتووەو عائشە**

**دێتە ژووری .**

**عائشە /**

**دادە مریەم ئەوە دانیشم  شت ،دەی چیرۆکەکەم**

**بۆ تەواو بکە .**

**مریەم /**

**بەڕاستی بێتاقەتم عائشە گیان ................**

**عائشە /**

**تۆ هەموو شەوێک وادەڵێی ................**

**مریەم /**

**چی بکەم عائشە گیان ژیانی من وایە، تاقە**

**شتێک کەخۆشیم لێدەبینی کتێب خوێندنەوە**

**بوو ئەویش ناهێڵن .. بەهەرحاڵ با تۆ خەریک**

**نەکەم بەو بابەتەوە،بابێینەوە سەر چیرۆکەکە.**

**عائشە باوەش بە مریەمی خوشکی دەکا وماچی دەکا**

.....................................

**عائشه /**

**نا...نەمزانی بۆ شەوێکی تر .........**

**مریەم /**

**تۆ هەستە بڕۆ جێگەی خۆت ،ئێستا**

**چیرۆکەکەت بۆ دەگێرمەوە .**

**عائشه هەنگاو دەنێ بۆ سەر جێگەکەی خۆی وپاڵدەکەوێ و مریەمیش دێتە لایەوە و**

**دەست دەکا بە چیرۆک گێڕانەوە .**

**مریەم /**

**وتمان خاوەنی تەلەفوونەکە بەپەلە بە تەکسی دێ بۆ بەردەم گارگەی شەهلا ، خاوەنی تەلەفوونەکە چاوەڕێ دەکا تا کوردە دێ و خۆی دەکا بە گارگەی چلورەکە ، پاشان یەکسەر پۆلیسی لێ ئاگادار دەکات و کوردە دەگرن .**

**عائشه /**

**کوردە گوناهە ...... من زۆرم پێناخۆشە .**

**مریەم /**

**هەر بۆیە لەپۆلیسخانەوە دایکی بانگ دەکەن ، کوردە ناچار دەبێ باسی دەستکەوتنی مۆبێلەکە بکا ، پۆلیسیش لەگەڵ کوردەدا دەچن ئەو منداڵە دەدۆزنەوە کە مۆبێلەکەی دابو بە کوردە ، ئەویش ڕاستییەکەی باس دەکا . بەڵام لەهەمووی سەیرتر ئەزانی چیە عائشه ؟**

**عائشه /**

**چی یە دادە مریەم ؟.......................**

**مریەم /**

**بەهۆی پرسیارکردنی پۆلیس لەسەر کوردە**
**دایکی بە ناچاری باسی ئەوە دەکا کە**
**کوڕەکەی، ، ، کچە ، واتە کوردە کچ دەردەچێ.**

**عائشە /**

**چۆن منداڵەکانی تر نەیانزانی ؟.........**

**مریەم /**

**لەبەر ئەوەی دایکی نەخۆش بووەو کەس**
**نەبووە ئیشیان بۆ بکا ، کوردە چووە قژی**
**تاشیوەو جلی کوڕانەی لە بەرکردووە ،بۆیە**
**کەس نەیزانیوە کچە .**

**عائشە /**

**ئەی هەر لای پۆلیس دەبێ؟.............**

**مریەم /**

**بەرەڵای دەکەن و لەگەڵ دایکیا دەڕواتەوە .**
**ها عائشە ..... چیرۆکێکی خۆش بوو.....**

**عائشە /**

**زۆر خۆش بوو دادە مریەم ................**

**(83) .......... شەوە ................ چێشتخانەیە ...................**

**ناوەوەیە .......... (83)**

**چێشتخانەیەکی چاینییە، ئازاد و ماریا دانیشتون بەدەم نانخواردنەوە گفتوگۆ دەکەن.**

**ماریا /**

**ئەی باشە پارێزەرەکەت دەڵێچی ؟**

**ئازاد /**

**ئەو دەڵێ ئەوەی پێویستە بۆم کردویت،**

**تەنها ئەوە ماوە چاوەڕێکەیت .**

**ماریا /**

**جارێ بابزانین وەڵامی پارێزەر چۆندەبێ**

**ئەگەر بە نەگەتیف هاتەوە ،ئەو کاتە لەسەر**

**من دەتوانی وەریگریت .**

**ئازاد /**

**ئەوەیان چۆن دەبێ ؟ .....................**

**ماریا /**

**ئەوەیان دەبێ ببینە هاوسەری یەک،وردەکارییەکانی**

**تری پارێزەر دەزانێ .**

**ئازاد /**

**بەوهیوایەی هەرچۆنێک بێت لەم چاوەڕوانیە**

**رزگارم بێت .**

**ماریا /**

**ئازاد نانەکەت بخۆ گرنگ ئەوەیە لە نێوان**

**هەردووکمان خۆشەویستی لەدایک بووە .**

**ئازاد /**

**راست دەکەی .................................**

**ماریا /**

**خۆشم دەوێی ..............................**

**ماریا کەوچکێکی پڕ لە خواردن دەبا بۆ دەمی ئازاد**

**.........................................**

**(84) ..........ڕۆژە.... ............. شەقامێک .............. دەرەوەیە**

**.................. (84)**

**ئۆتۆمۆبیلێکی فێربوونی شۆفێریی لە شەقامێک نیشان دەدرێ ، مریەم**

**خەریکی**

**لێخوڕینییەتی ، مامۆستایەکی ئافرەتیش لە پاڵیدایەو ئامۆژگاری دەداتێ .**

**(85) .......... ڕۆژە ............. گارگەیەکە ............... ناوەوەیە**

**................ (85)**

**گەنجینەی کارگەیەکە ، کرێکارەکان خەریکی کارکردنن ، هەر لەڕیزکردنی کارتۆن و**
**خستنە سەر پالێت و کارەکانی تر . ڕێبوار بەسواری ئامێری بڵندکەرەوە بەدەردەکەوێ**
**خەریکی ئیشکردنە .**

**(86) ........... شەوە ..............ماڵی مریەمە ................**
**ناوەوەیە ............(86)**
**ژووری نووستنی مریەم و عائشەیە ، مریەم لەسەر جێگەکەی خۆی راکشاوەو بێتاقەتە . لەمکاتەدا عائشەی خوشکی دێتە ژوورێ ، سەیری مریەم دەکا**
**بێتاقەت دانیشتووە ،یەکسەر دەچی بۆ لای مریەم .**
**عائشە /**
**دادە مریەم بۆ وا بێتاقەتی ؟ .........**
**مریەم /**
**عائشە گیان نازانم بڵێمچی .........**
**عائشە /**
**من ئەزانم تۆ بێتاقەتی کتێبەکەی ....**
**چیرۆکە گەورەکە .**
**مریەم /**
**بەڕاستی عائشە گیان وایە . ئەو کتێبە**
**ئاگارداری کردمەوە لە هەندێ شت کە**
**کەپێشتر نەمدەزانی ، بەڵام لەهەمووی**
**ناخۆشتر ئەوە بوو هێشتا تەواوم نەکردبوو.**

**عائشە /**

**باشە دادە، بەیانی بچۆ لە بازاڕ بیکڕە.....**

**مریەم /**

**عائشە گیان ، یەک ئەو کتێبە بەکوردیەو**
**لەبازاڕدا نیە ، دوو ئەو کتێبە هی کاک**
**ڕێبواری دراوسێمانە ، سێیەم ئەگەر**
**ئەمجارە باوکم و ئەحمەد بزانن شەڕێکی**
**گەورە دروست دەبێ ....... نازانم زۆر**
**حەزدەکەم تەواوی کەم .**

**عائشە /**

**دادە من بچم کتێبەکەت بۆ بهێنمەوە...؟**

**مریەم /**

**نا...نا..عائشە گیان ، بابزانم چۆندەبێ**
**ئەوسا خۆم پێتدەڵێم . بەڵام ئەم قسانە**
**لەلای کەس باسنەکەی .**

**عائشە /**

**نا..نا ... باسیناکەم .......................**

**مریەم و عائشە باوەش بەیەکدا دەکەن**

**..........................................**

**(87) ............ ڕۆژە ...................باخێکە ................ دەرەوەیە**

**................(87)**

**ئازادو ماریا بەجلی وەرزشییەوە لە نێو باخێکا ڕادەکەن**

**...............................**

**(88)...........ڕۆژە .............. فەرمانگەی مریەمە ........... ناوەوەیە ..........(88)**

**کافیتریای فەرمانگەی مریەمە، مریەم لەکافتریای فەرمانگەکەیان دانیشتووەو کۆفییەک**

**لەسەر مێزەکەی بەردەمی دانراوە جارجار مریەم قومێکی لێدەدا ، لەهەمانکاتدا**

**مۆبێلەکەی بەدەستەوەیەو ژمارە لێدەدا ،دیارە تەلەفون بۆ کەسێکدەکا .**

**مریەم /**

**ئەوکاتەت باش کاک ڕێبوار....ببورە**

**تەلەفونم بۆ ماڵەوەتان کرد ،بەڵام**

**کەس لەماڵەوە نەبوو.....خۆ لەکاتم**

**نەکردوی ؟**

**لەڕێگەی تەلەفونەکەی مریەمەوە گوێمان لەدەنگی ڕێبوار دەبێ .....................**

**دەنگی ڕێبوار /**

**نا..نا ..لەکاتت نەگرتووم..... چنار تا**

**نەخۆشخانە چووە بۆ مەسەلەی منداڵەکەی،**

**بەڵام ئێمە خەمی تۆمانە .**

**مریەم /**

**زۆر سووپاستان دەکەم، لەڕاستیا کاک**

**ڕێبوار زۆرم پێناخۆشبو کە ئەحمەدی**

**برام ئەو کتێبەی بەو شێوەیە هێنایەوە .**

**(89)............. ڕۆژە ............. کارگەیە ..................... ناوەوەیە ............. (89)**

**کافتریای ئەو کارگەیەیە کە ڕێبوار کاری تێا دەکا، بەهەمان شێوەی مریەم لە کافتریای کارگەکە دانیشتووەو کاتی پاوزەی نیوەڕۆیە ، ڕێبوار مۆبێلتەلەفونەکەی**

**بەگوێوەیەو خەریکی قسە کردنە لەگەڵ مریەم .لەسەر مێزەکەی بەردەمی**

**ڕێبواردا**
**قاپێکی سووپی لەسەرە لەگەڵ دوو پارچە نان .**
**ڕێبوار /**
**بەلای منەوە ئاساییە چونکە ئەو جۆرە**
**کەسانە زمانی گفتوگۆ نازانن تەنها شەڕو**
**هەڕەشە نەبێ .**
**دەنگی مریەمان لە ڕێگەی تەلەفونەکەی ڕێبوارەوە گوێلێدەبێ**
**.........................**
**دەنگی مریەم /**
**بەڕاستی گڕی کێشەی ماڵی ئێمە ئێوەشی**
**گرتەوە، من بە ناوی هەموویانەوە داوای**
**لێبوردنت لێدەکەم .**
**ڕێبوار /**
**مریەم خان ... لەڕاستی دا من و تۆ ئەوەندە**
**نیە یەکترمان ناسیوە، بەڵام چونکە زمانی**
**گفتوگۆمان هەیە هیچ کێشەیەکمان نیە.**
**دوای ئەوەش ئامادەم بۆ هەر کارێک**
**بەمن بکرێ .**
**(90)........... ڕۆژە ............ فەرمانگەی مریەمە .............. ناوەوەیە**
**...........(90)**
**کافتریای فەرمانگەی مریەمە ، مریەم لەجێگەکەی خۆی هەڵدەسێتە سەرپێ و**
**بە دەم**
**گفتوگۆوە هەنگاو دەنێ بەرەو لای دەرگای دەرچوون .**
**مریەم /**
**من زۆر سوپاسی هەستت دەکەم بە**
**ڕاستی هەڵوێستی تۆ بۆ من هەموو**
**شتێکە . .......... بەڵێ ... وایە ....**
**سوپاست دەکەم ...بەڵام کاک ڕێبوار**
**کتێبەکەم دەوێتەوە چوونکە هێشتا**

تەواومنەكردوە ...... بەڵێ.........
دەنگی ڕێبوار دەبیستین لە ڕێگەی مۆبێل تەلەفوونەکەی مریەمەوە
.......................
دەنگی ڕێبوار /
بەسەر چاو ..بەڵام گرنگ خۆتی ،
دەبێ زۆر ئاگات لە خۆتبێت .

مریەم /
کاک ڕێبوار ، وایە دەبێت زۆر ئاگام لە
خۆم بێت . لە فرسەتێکا عائشەی بۆ
دەنێرم .
دەنگی ڕێبوار /
بەڵام مریەم خان ،عائشە منداڵە لەوانەیە
تووشی کێشەت بکا .
مریەم /
نا...نا.. تۆ هیچ مەترسە.... دووبارە
سوپاست دەکەم .
(91) ......... ڕۆژە ..........دووکانی ئینترنێتکافێیە ............ ناوەوەیە
..........(91)
دووکانی ئینترنێتکافێیە ،چەند کەسێک دانیشتوون و خەریکی کۆمپیوتەرن
،دوو
کابینەی تەلەفون کردنیش خەڵکی تێدایەو خەریکی تەلەفوونکردنن .
ئەحمەدیش
لەسەر کورسییەک دانیشتووەو سەیری کۆمپیتردەک . کڕیارێک دێ و داوای
کارتێکی
تەلەفوونی لێدەکا،ئەحمەد کارتەکەی دەداتێ و پارەی لێوەردەگرێ. پاشان
کیژۆڵەیە کی
قژ زەرد دێتە ژوورێ و پرسیار لە ئەحمەد دەکا و دەچێتە سەر کۆمپیوتەرێک

**،ئەحمەد**

**بەبەردەوامی چاوە چاوێتی و سەیری کچەکە دەکا .**

**(92) ......... ئێوارەیە ............ ماڵەوەی مریەم ............ ناوەوەیە ..............(92)**

**ژووری دانیشتنی ماڵی مریەمە ، فەرەج و عائشە دانیشتوون ،عائشە قورئان بۆ**
**باوکی دەخوێنێتەوە .**

**عائشە /**

**ربنا لا تؤاخذنا إن نسينا أو أخطأنا ربنا و**
**لاتحمل علينا إصرآ كما حملته على الذين**
**من قبلنا ......**

**فەرەج /**

**باشە ... باشە ئەمەیانم بۆ بخوێنەوە .**

**فەرەج بەدەست بەنجە دەخاتە سەر ئەو ئایەتەی خۆی هەڵدەبژێرێ ، بۆ ئەوەی عائشە**
**بیخوێنێتەوە .**

**عائشە /**

**باوکە ئەوەیانمان نەخوێندوە .....**

**دەنگی فاتمەی دایکی عائشە دێ لە ژووری چێشتخانەوە ، هاواریان لێدەکا بۆ نان**
**خواردن .**

**دەنگی فاتمە /**

**وەرن نانەکەتان بخۆن با سارد نەبێتەوە.**

**(93)......... ئێوارەیە.......... جێگەی یاری بۆکسێنە ......... ناوەوەیە .........(93)**

**ژوورێکە لە جێگەی یاری بۆکسێن ، ئازاد جلی وەرزشی لەبەردایەو لەگەڵ راهێنەرەکەی دانیشتووە، چەند پەڕە کاغەزێک لەسەر مێزی نێوانیان دانراوە .**

**ماریا دێتە ژووریَ خاولی و جانتایەکی پێیە دیارە هی ئازادی هاوڕێیەتی ،راهێنەر**

**پەڕەکاغەزەکانی سەر مێزەکە هەڵدەگریَ دەیداتە دەستی ئازاد .**

**راهێنەر /**

**تەنها ئیمزایکی دەویَ ، من زۆر لەوە زیاتر**

**لەتۆ رادەبینم ،ئەوە چەند مانگە راهێنانت**

**پێدەکەم هەموو قۆناغەکانت زۆر بەباشی**

**بڕیوە، بەوهیوایەی وەک پڵنگ بەهێزو خۆ**

**ڕاگر بیت .**

**ماریا /**

**هێرمان راست دەکا ،هەڵسوکەوت و جووڵەی**

**تۆ زۆر جیاواز ترە لە یاریزانەکانیتر، لەبەر**

**ئەوە سەرکەوتن چاوەڕێتە .**

**ئازاد /**

**سوپاستاندەکەم ...بەڕاستی زۆر دڵخۆشتان**

**کردم .**

**ئازاد دەست دەداتە قەڵەمی سەر مێزەکە ، ئەو پەڕە کاغەزانەی دابویان پێی دەست**

**دەکا بە ئیمزا کردنیان . ماریا نزیکدەبێتەوەو ماچیدەکا .**

**هێرمان /**

**پیرۆزتبیَ یەکەم کۆنتراکت................**

**ئازاد /**
**سوپاس....... سوپاس.....................**
**ماریا /**
**من پیرۆزبایی لە خۆماندەکەم...ئازادگیان .**
**هێرمان /**
**ئازاد ئەگەر ئەم یاریەت بەسەرکەوتنی تۆ**
**کۆتاییبێت ،کەبەبڕوای من هەروا دەبێ ،**
**یاری تریشی بەدوادا دێ ، بەچەردەیەک پارەی**
**زۆرتر .**
**ئازاد /**
**بەوهیوایە ..........................................**

**(94) .............. شەوە ............... شەقامێک ...................**
**دەرەوەیە................(94)**
**شەقامێکی پر روناکی و گلۆپە ، لەلایەکی شەقامەکەدا لەسەر شۆستەکە لە**
**چەند**
**شوێنێکا ئافرەتی جوان وڕازاوە وەستاون و چاوەڕێی کڕیارن ....پاش کەمێک**
**ئەحمەدی**
**برای مریەم بەسواری ئۆتۆمۆبێلێک دەردەکەوێت نزێک دەبێتەوە لەشوێنی**
**ئافرەتە**
**رازاوەکان و لە بەردەم ئافرەتێکی قژ زەردی بالآ بەرز دەوەستێ جامی**
**ئۆتۆمۆبیلەکەی**

بۆ دادەگرێ و تۆزێک گفتوگۆ دەکەن ،پاشان ئافرەتەکە سواری
ئۆتۆمۆبیلەکەی ئەحمەد
دەبێ ، ئۆتۆمۆبیلە کە دەڕوا و لە کادر دەردەچێ .
(95) .............. شەوە ............... ماڵی ئازادە ................
ناوەوەیە ........... (95)
ژووری دانیشتنی ماڵی ئازادە ، ئازاد لەسەر قەنەفەیەک بەدەمدا پاڵکەوتوە و تەنها
دەرپێیەکی کورتی لە پێدایە ، ماریا خەریکی مەساج کردنیەتی ، لەهەمان کاتدا
تەلەفوونی بەدەستەوەیەو گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبواری هاوڕێی دەکا .
ئازاد /
ئەمە چەند وەختە خۆم بۆ یاریەکی وا
ئامادە دەکەم کاک ڕێبوار .
دەنگی ڕێبوار دەبیسترێ لە ڕێگەی مۆبێل تەلەفوونەکەی ئازادەوە
.........................
دەنگی ڕێبوار /
بەڵام ئازاد گیان من زۆر دەترسم ......
ئازاد /
من بڕوام بەخۆم هەیەو ،هەروەها

ڕاهێنەرەکەشم بڕوای زۆری پێمە .
(96) ........... شەوە ............. ماڵی ڕێبوارە ............... ناوەوەیە
.............. (96 )
ماڵی ڕێبوارە ، ڕێبوار کۆمەڵێ کاغەزو قەڵەمێکی داناوە لەسەر مێزەکە لەوەدەچێ
لەنووسین وەستا بێت ، خەریکی گفتووگۆ کردنە بەتەلەفون لەگەڵ ئازاد .
ڕێبوار /
ئازاد من گومانم لەتوانات نیە ،بەڵام
ئەم جۆرە یارییانە خەتەرە ، یاریەکی

**نۆرماڵ نیە .**
**دەنگی ئازاد دەبیسترێ لەڕێگەی تەلەفونەکەی رێبوارە وە**
**...............................**
**دەنگی ئازاد /**
**یەکجار بەوشێوەیەش نیە  کاک رێبوار،**
**گرنگ ئەوەیە ئێوە بێن یاریەکەش شەمە**
**ئێوارەکەیەتی .**
**رێبوار /**
**مادام ئێوارەکەیەتی هیچ کێشەمان نیە**
**دێین .**
**چناردێتە ژوورێ پەرداخێک ئاو بۆ رێبواری مێردی دادەنێت و لەسەر**
**کوورسییەکی**
**بەرامبەری دادەنیشێ و کتێبێکی فێربوونی زمانی هۆڵەندی بەدەستەوە دەگرێ .**
**دەنگی ئازاد /**
**دواتر ئەدرەسی شوێنەکەت پێدەڵێم،زۆر**
**رێزم بۆ چنار خان هەیە .**
**ڕێبوار /**
**سوپاست دەکەم .... شەو شاد ......**
**رێبوار تەلەفونەکە دادەخاتەوەو روودەکاتە چناری خێزانی**
**....................................**
**هەواڵی دەپرسیت .......................**
**چنار /**

**سوپاسی دەکەم.چیە رێبوارئەوە ماوەیەکە**
**ئازاد دەرناکەوێ .**
**رێبوار /**
**لە سەرەتای گفتووگۆکەیا ووتی تازە کچێکی**
**هۆڵەندیم ناسیوە ،لەگەڵ ئەوەشدا خەریکی**
**راهێنانی بۆکسێنەکەیەتی لە داهاتودا یاری**

هەیە .

چنار /

دەوابڵێ ... من هەرزانیم شتێک هەیە .....

رێبوار /

دەی چیبکا چاوەڕوانیی ئەو کوڕەی خوارد.

چنار /

نا... نا.. مەبەستم هیچ نی یە هەقی خۆیەتی .

(97).......رۆژە .......... بەردەم ماڵی مریەمە ............ دەرەوەیە ............ (97)

شوقەکانی ماڵی مریەمە ، بەردەم شوقەکانی ماڵی مریەمە ئۆتۆمۆبیلێکی فێر بوونی

شۆفێری لەبەردەم شووقەکاندا چاوەڕوانی مریەم دەکا . پاش کەمێک دەرگای سەرەکی

شووقەکە دەکرێتەوە مریەم و عائشەی خووشکی دێنە دەرەوەو بەرەو لای ئۆتۆمۆبیلی

فێربوونەکە دەچن ، بەدەست سڵاو بۆ شۆفێرەکە دەکەن .... مریەم ماچی عائشە

دەکا و خواحافیزی لێدەکا. عائشەش قورئانێکی بە دەستەوەیەو خواحافیزی لە

مریەم دەکا و هەنگاو دەنێ دیارە بۆ مزگەوت دەچێ بۆ قورئانخوێندن . مریەمیش

دەرگای ئۆتۆمۆبیلەکە دەکاتەوەو دەچێتە جێگەی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیلەکە ، مامۆستای

فێربوونی شۆفێریش لەتەنیشتیەوە دانیشتووە .

(98) ............ رۆژە ........... نێو ئۆتۆمۆبیلە ............... ناوەوەیە ............ (98)

نێو ئۆتۆمۆبیلە ، مامۆستای وانەی فێر بوونی شۆفێری کەناوی (هانسە) و تەمەنی

(45 بۆ 50 ) ساڵێک دەبێت لە جێگەی یەدەک دانیشتووە ، مریەمیش لە

**جێگەی**
**لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیلەکە دانیشتووە و دەکەونە گفتوگۆ .**
**هانس /**
**ئەوە خوشکتە مریەم ؟ ................**
**مریەم /**
**بەڵێ ...............................**

**هانس /**
**ئەوە بۆ کوێ دەچێ بەو کتێبەوە ... ؟**
**مریەم /**
**بۆ مزگەوت بۆ خوێندنی قوورئان ......**
**هانس /**
**منیش ئافرەتێکی سەیرم حەزدەکەم هەموو**
**شت بزانم ، بەهەر حاڵ بابێینەوە سەر وانەی**
**فێربوونی شۆفێرییەکەی خۆمان .**
**(99).......... ئێوارەیە ............ یاریگای بۆکسێنە .............**
**ناوەوەیە........... (99)**

**یارگای بۆکسێنە ، ئازاد خەریکی راهێنانە لەگەڵ راهێنەرەکەی ،بەڵام راهێنانەکەی**
**قوورسە ، هەربۆیە ئازاد هیلاکی پێوە دیارە .**
**(100) ....... شەوە ........... ماڵی مریەمە ................ ناوەوەیە**
**.............. (100)**
**ژووری مریەمە ، مریەم خەریکی قژ ووشکردنەوەیە بە موجەفیفە و لەهەمان کاتدا شانەی دەکا، عائشەی خوشکی کرێمێکی بەدەستەوەیەو دێتە ژووریَ و دەیداتە دەستی مریەم . پاشان مریەم لە موجەفیفەکردن دەوەستێ و دەست دەکا بە**
**کرێم لێدان .**
**عائشە /**

**ئەڵڵا چەندە جوانە قژت دادە مریەم .**
**قژە جوانەکەی مریەم بەسەر شان وملی دا هاتۆتە خوارێ و بەکەساسییەکەوە سەیری**
**عائشەی خوشکی دەکا و وەڵامی دەداتەوە**
**............................................**
**مریەم /**
**جا .. جوانی قژ بە ئێمە چی عائشە گیان**
**کە من نەتوانم لە هەموو شوینێک بە**
**بەئارەزووی خۆم دەریخەم .**
**عائشە /**
**بەوخوایە وایە ...... ئەی بۆچی منداڵەکانی**
**هاوڕێم هەموویان قژیان بەدەرەوەیە ؟**
**مریەم /**
**عائشە گیان تۆ هێشتا بچووکی هەندێ**
**شت هەیە لێیتێناگەی، ئەو کتێبەی ئەحمەد**
**بردیەوە بۆ ماڵی کاک ڕێبوار ئەویش چەندەها**
**پرسیاری ئاوا و باسی وای تێدابوو کەبۆچی**
**بۆ پیاودەبێ بیکا بەڵام بۆ ئافرەت نا .**
**عائشە /**
**منیش زۆر جار حەزدەکەم قژم بکەن بە پرچ و**
**بچم بۆ خوێندنگا .**
**مریەم نزیک دەبێتەوە لە عائشەی خوشکی دەست بەسەرو قژی دا دێنێ و ماچی دەکا**
**مریەم /**
**عائشە گیان .... ئاخر دەرکەوتنی قژ لەلای**
**ئیسلام حەرامە، ئەوەندەش حەرام و عەیبەو**
**قەدەغەیان بۆ دروست کردووین کە نەتوانین**
**وەکو هاوڕێکانمان بژین .**
**ئەوەتا تۆ حەزت لەمەلەیە ناهێڵن ، دەڵێن**

**قژ و لە شت دەردەکەوێ عەیبە . ئەوەتا**
**منیش ناتوانم کتێبێک بەحەزو ئارەزوی خۆم**
**بخوێنمەوە یان کەسێک هەڵبژێرم یان هاوڕێیەتی**
**یەکێک بکەم .**
**عائشە /**
**خۆزگە منیش وەکو کەزی و هەنار مەلەم**
**بکردایەو قژیشم بکردایە بە پرچ .**
**مریەم /**
**وەرە عائشە گیان ، با قژت بۆ بکەم بەپرچ ،**
**لەژوورەکەمان بە ئارەزوی خۆت قژت**
**بەرەڵا بکە .**
**مریەم  لەچکەکەی عائشەی خوشکی لادەبا و دەست دێنێ بە قژە جوان و خاوەکەیداو دەست دەکا بەپرچکردنی قژی .**

**(101) ............ رۆژە ........... خوێندنگایە .............. ناوەوەیە ............ (101)**
**پۆلی خوێندنگاکەی عائشەیە ، منداڵانی پۆلەکەی عائشە هەموویان جانتایان لە**
**کۆڵناوەو بۆ مەلەکردن دەچن ، هەربۆیە قووتابیەکان بەرەو دەرەوەی پۆلەکە دەچن .**
**عائشەش زۆر بەبێ تاقەتی لەسەر کوورسیەکی پۆلەکە دانیشتووە ،یەکێک لە قووتابیەکانی هاوڕێی کە ناوی (مەلیسا)یە و هاو تەمەنی خۆیەتی دێت بۆ لای .**
**مەلیسا /**
**عائشە .... بۆ ئەترسی لەئاو ،بۆچی**
**بۆچی نایەی بۆ مەلەکردن ؟**
**عائشە بێ وەڵامەو دەچێتە سەر کوورسییەکی تر دادەنیشێ ...... مامۆستا خۆی دەکا**
**بەژووردا سەیری پۆلەکە دەکا .**

**مارخۆت /**

**مەلیسا خێراکە دەی برۆ ............**

**مارخۆتی مامۆستا دەڕوا  بۆ لای عائشە و دەست دەکا بەگفتوگۆ لەگەڵیا .**

**عائشە ئەوە چی یە وادانیشتووی ؟**

**عائشە /**

**نایەم  مامۆستا تاقەتم نیە .......**

**مارخۆت /**

**عائشە هەواڵێکی خۆشم هەیە بۆت ...**

**دەی هەستە بابڕۆین .**

**عائشە /**

**چی لە هەواڵی خۆش بکەم .......!**

**مارخۆت /**

**ئاخرهەواڵە خۆشەکە پەیوەندی بە**

**مەلەکردنەوەهەیە ، دەی هەستە .**

**عائشە /**

**بەڕاستە مامۆستا ؟..................**

**عائشە دەمووچاوی دەکرێتەوەو ،هەڵدەسێ و لەگەڵ مامۆستا دەچنە دەرێ..............**

**(102) ............ رۆژە ........... ماڵی نەعیمەیە ..............**

**ناوەوەیە...........(102)**

**ماڵی نەعیمەیە ، نەعیمەی دایکی مەحمود لە ژووری دانیشتن دانیشتووەو لەگەڵ**

**فاتمەی دایکی مریەم بە تەلەفون گفتوگۆ دەکەن .**

**نەعیمە /**

**فاتمە خان بابێینەوە سەر بابەتەکەی**

**خۆمان . . . فاتمە خان گیان ئەرێ**

**چیتان کرد بۆ مەسەلەکەی مەحمودی**

**کوڕم و مریەم گیان .... بەڵێ .... بەڵێ .**
**(103)........... رۆژە ........... ماڵی مریەمە ............. ناوەوەیە**
**.............. (103)**
**ماڵی مریەمە ، فاتمەی دایکی مریەم بە پێوەیەو لە ژووری چێشتخانەکە**
**خەریکی**
**گفتوگۆیە بە تەلەفۆن لەگەڵ نەعیمەی دایکی مەحمود ، لەسەرشوێنی**
**دەفر شتنی چێشتخانەکە کۆمەڵێ سەوزە بڵاو کراوەتەوە ، دیارە فاتمە**
**خەریکی**
**جنین و پاکردنەوەی بووە پێشتر .**
**فاتمە /**
**ئینشائەڵڵا خێر دەبێ ،لەگەڵ باوک و**
**براکەشی قسەم کردووە .**
**فەرەج حەزدەکا پرس بەبرا گەورەکەی**
**بکا، لە کوردوستان دەژی ، جا چەند جارێ**
**تەلەفونی بۆ کردووە لە ماڵ نیە دەڵێن**
**چووە بۆ هەولێر ، کە هاتەوە قسەی لەگەڵ**
**دەکا ..... ئینشائەڵڵا نسیبی یەکتر دەبن و**
**بەدڵی هەردوو لادەبێت .**
**(104) ...........رۆژە ............. ماڵی نەعیمەیە ............. ناوەوەیە**
**............(104)**
**تەواو کەری دیمەنەکانی پێشترە، ماڵی نەعیمەیە ، نەعیمە لە ژووری**
**دانیشتنە**
**بەردەوامە لە گفتوگۆ کردن لەگەڵ فاتمەی دایکی مریەم .**
**نەعیمە /**
**دەی هانام بە دەمت........ ئیتر**
**چاوەڕێی هیمەتی خوای گەورەو**
**ئێوەین .**

(105)..........رۆژە .........فەرمانگەی عائشەیە ......... ناوەوەیە ..........(105)

فەرمانگەی عائشەیە کە تێیدا کاردەکا ، مارخۆت مامۆستاکەی عائشە بەتەلەفۆن قسە
لەگەڵ مریەمی خوشکی عائشە دەکا .

(106).......... رۆژە ......... فەرمانگەی مریەمە ........... ناوەوەیە ........... (106)

ژووری فەرمانگەی مریەمە ، مریەم تەلەفونەکەی لەسەر مێزەکەی بەردەمی داناوەو خەریکی کۆمپیتەرە ، لەم کاتەدا دەنگی مۆبێلتەلەفونەکەی مریەم
دێ و دەستدەبا مۆبێلتەلەفونەکەی هەڵدەگرێ و وەڵام دەداتەوە .

مریەم /
بەڵێ .. لەگەڵ مریەمی ......... دوای
نیوەڕۆت باش .

(107) ......... رۆژە ......... خوێندنگای عائشەیە ......... ناوەوەیە ..........(107)

تەواوکەری دیمەنەکانی پێشترە ، ژوورێکە لە خوێندنگاکەی عائشە ،مامۆستاکەی
عائشە بەتەلەفون گفتوگۆ لە گەڵ مریەم دەکا .

مارخۆت /
ببورەلەکاتیشت دەگرم ، بۆیە تەلەفونم
بۆ کردی هەواڵێکی خۆشم پێیە بۆ مەلە
کردنەکەی عائشە .

(108) ........شەوە ......... یاریگای بۆکسێنە ............. ناوەوەیە ........... (108)

**یاریگای بۆکسێنە ، خەڵکی لە چواردەوری حەلبەی یاری بۆکسێن دانیشتون و چاوەڕێی یاریزانەکانن ، لەنێوەندی خەڵکەکەدا ماریا هاوڕێی ئازاد نیشاندەدرێ**
**لەڕیزی پێشەوە دانیشتووە ،هەروەها چنارو رێبوار دەبینرێن لە نێوەندی بینەراندا**
**دانیشتوون . دەنگی خەڵکی دێ ،لەم کاتەدا یاریزانی یەکەم دێتە ژووری بۆ نێو**
**جێگەی یاری ئەویش ئازادە ، ناوبژیوانیش پێشکەشی دەکا بە ئامادەبوان .**
**ناوبژیوان /**
**ئازاد یاریزانی لاوی تازە پێگەیشتو**
**بۆ یەکەم جارەلە هوڵەندا لە پێش برِکێیەکی**
**وا دادەبەزێ..... بەوهیوایەی ببێتە**
**ئەستێرەیەکی گەشی یاری بۆکسێن .**
**پاشان بینەران هەندێکیان چەپڵە بۆ ئازاد لێدەدەن ، بەتایبەتی ماریاو چنارو رێبوارو**
**راهێنەرەکەی . یاریزانی دووەم خۆی دەکا بەژووردا بەهەمان شێوە ناوبژیوان پێشکەشی بینەرانی دەکات .**
**کەنێت ئەویاریکەرە تازە لاوەیە کە**
**لەماوەیەکی کورتدا ناونیشانی پڵنگی**
**وەرگرتووە .... هیوادارین کاتێکی**
**خۆش لەگەڵ یاریزانان بەسەربەرن.**
**ناوبژیوان دەس دەکا بەپشکنینی دەست کێشەکانی دەستی هەردوو بۆکسەوان ،**

**دەیانهێنێتە بەرامبەری یەکتری و دەست بەرز دەکاتەوەو ئیشارەتی دەست پێکردنیان**
**دەداتێ ، یاری بۆکسێنەکە دەسپێدەکا....... چەند جارێ خەڵکی نیشان دەدرێ خەریکی هاندانی یاریزانەکانە، هەروەها ماریا و چنارو رێبوار نیشان دەدرێ هانی**
**ئازاد دەدەن .**

**یاریەکە چەند گێمێکی بەسەر دەچێ و گەرم و گوڕیەکی زۆر باشی پێوە دیارە تا ئەو**
**کاتەی هەلێک بۆ ئازاد رێکدەکەوێت بە بۆکسێکی بەهێز، یاریزانی بەرامبەری دەدا**
**بەزەوی داو کۆتایی بەیاریکردن دێ .... ناوبژیوان دەستی ئازاد بەرز دەکاتەوەو**
**تۆماری بردنەوەی ئازاد دەکا ..... ماریا هاواری بۆ دەکا ، چنارو رێبوار چەپڵەی**
**بۆ لێدەدەن ، راهێنەرەکەشی باوەشی پێدادەکا .**
**(109) .......... شەوە ........... ماڵی مریەمە ............ ناوەوەیە ............ (109)**
**ماڵی مریەمە، ژووری دانیشتنی مریەم و عائشەیە ، عائشە بەتەنها لە ژوورەکەیە**
**خەریکی خوێندنەوەی کتێبی خوێندنگایە ، پاش کەمێک مریەمی خوشکی خۆیدەکا**
**بەژوورا .**
**مریەم /**
**ئەوە ئەو کاتە بۆیە باش قسەم لەگەڵ**
**نەئەکردی و وەڵامم نەئەدایتەوە لەبەر**
**دایکم وباوکم و ئەحمەد بوو .........**
**ئەوان لەوانەیە بزانن دیسانەوە نەهێڵن**
**بچیت بۆ مەلەکردن .**
**عائشە /**
**ئێ خۆ ئیتر هیچ شوێنێکم دەرناکەوێ .**
**مریەم /**
**ئاخر ئەمان نە دەزانن گوێمان لێگرن**
**نەدەشیانەوێ قسەی لەسەر بکەن**
**تێدەگەی ....من سبەی لە کاتی دەوام**
**ڕوخسەتێک وەردەگرم و دەچم جلەکەت**

**بۆ دەکرم.**
**عائشە /**
**جا تۆ چوزانی لە کوێ هەیە ؟........**
**مریەم /**
**مامۆستاکەت ئەدرەسی دووکانەکەی**
**پێداوم .**
**عائشە /**
**توخوا دادە گیان بەیانی لەبیرتنەچێ.**

**مریەم /**
**لەبیرمناچێ بەقوربان... بەخوا وەک**
**تۆ پێمخۆشە .**
**عائشە /**
**دادە مریەم منیش بچم کتێبەکەت لەلای**
**ماڵی کاک ڕێبوار بۆ بهێنمەوە ؟**
**مریەم /**
**جارێ ناوێرم لەترسی ئەمانە .......**
**عائشە /**
**دادە من ئەچم بەدزیەوە دەیهێنم و**
**دەیخەمە ناو جانتای خوێندنگاکەم .**
**مریەم باوەش بە عائشەی خوشکی دەکا و بە خۆیەوە دەیگوشێت و ماچی دەکا ،**
**لەم کاتەدا فاتمەی دایکیان خۆی بەژوور دەکا ، دەبینێ مریەم و عائشە باوەشیان**
**کردووە بەیەکدا .**
**فاتمە /**
**ئەوە چی یە واسەرتان کردووە بەیەکدا.**
**مریەم /**
**بۆ دایە ئەویش قەدەغەیە ؟ ...........**

**فاتمه /**

**نا.... نا کچم مەبەستم ئەوە نی یە،مریەم**
**حەزدەکەم یەک دوو قسەت لە گەڵ بکەم .**
**فاتمەی دایکیان لەسەر جێگەکەی عائشەی کچی دادەنیشێ و دەستدەکا بە قسە کردن .**
**گۆێبگرە مریەم لەگەڵ باوکت و براکەت**
**قسەم کردووە، ئەوانیش لەگەڵ قسەی**
**منن .**

**مریەم /**

**بۆ خێر دایە چی بووە ؟ ...............**

**فاتمە /**

**نەعیمە خان ئەمڕۆ تەلەفونی بۆ کردم**
**بۆ مەسەلەکەی تۆ........کچم ئەو ماڵە**
**چاوەڕێی ئێمەن ،ناکرێ هەر بەدوایدا**
**بخەین .**

**مریەم /**

**دایە پێم ووتن شوناکەم ،تازە مەسەلەی**
**شوکردنم لە مێشکم دەرکردووە .**

**فاتمە /**

**ئەوە کەی قسەیە کچم تۆ هەر دەبێ شوو**
**بکەیت ئەمڕۆ بێ یاسبەی .**

**مریەم /**

**ئێ باشە بەس جارێ وازملێبێنن .........**

**فاتمە /**

**کچم .... کوڕی واچاک و خوا پەرست و**
**نوێژکەرمان هەموو ڕۆژێ دەستناکەوێ .**

**عائشە /**

**دایە خۆی حەز ناکا ...................**

**فاتمە /**
**تۆ دەمت داخە،تۆ هیچ لەو مەسەلانە نازانی.**
**مریەم /**
**ئەویش هەستی هەیە و راستدەکا حەز ناکەم**
**شوو بکەم .**
**فاتمەی دایکیان هەڵدەسێتە سەر پێو زۆر تووڕە**
**دەبێ......................................**
**فاتمە /**
**مریەم ئەمەو ئەوەی ناوێ تازە ئێمە**
**قسەمان تیا کردووە بڕاوەتەوە .**
**دایکیان بەتووڕەییەوە دەڕواتە دەرێ ، مریەمیش دەست دەکا بەگریان**
**وعائشەش**
**باوەشی پیا دەکا .**

**(110) .......... شەوە ........... باڕو کافتریایە .............. ناوەوە .............. (110)**
**نێو باڕێکە، خەڵکی دێن و دەچن... زۆر لە خەڵکەکە دانیشتوون دەخۆن**
**ودەخۆنەوە.**
**ئازادو ماریاو چنارو رێبواریش لەدەوری مێزێکی رازاوە دانیشتوون ویەکی**
**پێکێ**
**شەرابیان بەدەستەوەیەو پەرداخەکانیان دەدەن بەیەکدا و پرۆست دەکەن و**
**دەست**
**دەکەن بەخواردنەوە و دەمووچاویان خۆشی پێوەدیارە .**
**(111)....... رۆژە ............ چواردەوری شووقەکانە.........**
**دەرەوەیە.......... (111)**
**دەوروبەری شووقەکانی ماڵی مریەمە ، مریەم بەسواری پاسکیل بەبێ**
**سەرپۆش**
**دەردەکەوێ ، لەم کاتەدا فەرەجی باوکی کیسەیەکی پێیەو پڕیەتی لەتەماتەو**
**میوە**

**دەردەکەوێ بەرەوماڵ دەچێ ، مریەمیش ئاگای لەخۆی نیەو بەسواری پاسکیلەوە**
**نزیکی باوکی بۆتەوە ، لەپڕ هەردووکیان مریەم و باوکی دەمووچاویان بەیەکتریا**
**دەتەقێ، باوکی کە مریەم دەبینێ ئاوا قژی رووتەو هیچ بەسەریەوە نیە یەکسەر**
**دەمووچاوی گرژ دەبێ و کیسە پڕ لە تەماتەکەو میوەکەی فڕێ دەدا ،تەماتەو میوە**
**لەسەر زەوی بڵاو دەبنەوە....... مریەمیش لەگەڵ بینینی باوکی بە پاسکیلەکەوە**
**دەکەوێت و هاوار دەکا . بڕوانە دیمەنی داهاتوو.**
**(112).......... شەوە ............ ماڵی مریەمە ............**
**ناوەوەیە...........(112)**
**ئەم دیمەنە پەیوەندی بە دیمەنی (111) وە هەیە.ژووری مریەمە،مریەم لە جێگەکەی**
**خۆیدا خەوتووەو لە پڕ لە خەو خەبەری دەبێتەوەو هاواردەکا ، واتە ئەو دیمەنەی**
**پێشوو کە روویدا خەو بوو. مریەم هەڵدەسێ ،لەهەمان کاتدا بە هاواری مریەم**
**عائشەی خوشکیشی خەبەری دەبێتەوە و سەیری مریەمی خوشکی دەکا ..... عائشە /**
**دادە مریەم چیتە ؟.......................**
**مریەم /**
**هیچ نیە خەوم بینیوە ...............**
**(113)..........رۆژە ................ نێو بازاڕە ................ دەرەوەیە**
**............... (113)**

**نێو بازاڕە خەڵکی دێن و دەچن ، هەندێ لەدووکانەکان سەر قاڵی کڕیارن ، مریەم**

**دەردەکەوێ لەچک و چاکەتە درێژەکەی لەبەردایە بەرەو دووکانی جلفرۆشتنێک**
**دەڕوا ، هەنگاوەکانی بەردەوامە تائەو کاتەی خۆی دەکا بەژوورا .**
**(114) ........... رۆژە ............ناو ئۆتۆمۆبێل ............ ناوەوەیە**
**...........(114)**
**ئازادو ماریا لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەی ماریان ، بەدەم لێخوڕینەوە گفتوگۆ دەکەن .**
**ماریا /**
**خۆشەویستەکەم ئەم بڕە پارەیەی**
**دەدەینێ، پاشان باقیاتەکە ی تری**
**مانگانە لە قازانجی ئارایشگاکە**
**خۆی دەیدەینێ .**
**ئازاد /**
**چارەسەرێکی چاکە ، بەڵام راهێنەرەکەم**
**دەیووت بڕی ئەو پارەیەی دەیخەنە سەر**
**بانکەکەم ،وادەکا کە ئیتر سۆشیال**
**پارەی مانگانەم نەداتێ .**
**ماریا /**
**ئەوەش کێشە نیە ... ئەی من ئیشی**
**چی دەکەم ، تۆش لە قازانجی ئارایشگاکە**
**مانگانەکەی خۆت بەزیادەوە وەردەگریت .**
**ئازاد /**
**تۆ ڕاست دەکەی من بیری ئەمەیانم نەبوو.**
**ماریا /**
**دوای ئەوەش تۆ تازە بووی بە پاڵەوان**
**ئەی راهێنەرەکەت نەیگووت بەم زووانە**
**یاریەکی ترت بۆ ڕێکدەخەم بۆ ئەوەی**
**بە زووترین کات بناسرێی.......منیش**

**زۆر دڵنیام ئەم یارییەش بەسەرکەوتویی**
**دەبەیتەوە.**

**(115) ........... رۆژە ........دووکانی جل فرۆشتنە.......... ناوەوەیە**
**............ (115)**
**ناو دووکانێکی جل فرۆشتنە ، مریەم لەگەڵ کارمەندێکی دووکانەکەدا قسە**
**دەکا ،**
**پاشان کارمەندەکە دەفتەرێک دەردەهێنێ و دەست دەکا بە نووسین ، وادیارە**
**مریەم جلێک داوا دەکا لەداهاتوودا بۆی بهێنن .**
**(116) ............ رۆژە ............. رێگاو بانە ............ دەرەوەیە**
**............. (116)**
**ئۆتۆمۆبیلەکەی ماریا دەردەکەوێ ئازادو ماریای تێدایە و دێنە بەردەم**
**دووکانی**
**ئارایشگاکەی ماریا ئیشی تیادەکرد و دەوەستن ، پاشان دادەبەزن و خۆیان**
**دەکەن**
**بەئارایشگاکەدا .**
**(117)...........رۆژە .......... شووقەکانە ............ دەرەوەیە**
**.............. (117)**
**عائشە دەبینین بە قادرمە سەردەکەوێت بۆ نهۆمی شووقەکەی ماڵی**
**چناورێبوار،**
**زوو زوو سەیری چوار دەوری خۆی دەکا ، جانتایەکی خوێندنگای لە شاندایە**
**هەنگاو دەنێ تادەگاتە بەر ماڵی چنارو رێبوار و دەسدەکا بەدەرگا لێدان .**
**(118) .........رۆژە ......... بەردەم فەرمانگەی مریەمە ..........**
**دەرەوەیە........(118)**

**بەردەم فەرمانگەی مریەمە . مریەم بەدەستێکی پاسکیل پاڵپێوەدەنێ و بەدەستێکی**
**مۆبێلەلەفونەکەی ناوە بەگوێیەوە خەریکی گفتوگۆکردنە .**
**مریەم /**
**هیوادارم کاتم نەگرتبی..................**
**گوێمان لەدەنگی رێبوار دەبێ بەهۆی مۆبێلتەلەفونەکەی مریەمەوە ..............**
**دەنگی رێبوار /**
**نا ..... نا زووتر دەستم هەڵگرت لەکارو**
**یارمەتیم وەرگرت لەبەر ئەوەی میوانم**
**هەیە ، جا لەبەرئەوە بەئارەزوی خۆت**
**قسە بکە .**
**مریەم /**
**کاک رێبوار دەمەوێت ئازاد ببینم ......**
**(119) ........... رۆژە .......... بەردەم دووکانێکە ........... دەرەوەیە ........ (119)**
**بەردەم دووکانێکی سەوزە فرۆشە ، رێبوار کیسەیەک میوەی بەدەستەوەیەو بە دەستەکەی تری مۆبێلتەلەفونەکەی ناوە بە گوێەوە و گفتوگۆ لەگەڵ مریەمدەکا و**
**هەنگاو دەنێ بەرەو لای ئۆتۆمۆبیلەکەی .**
**رێبوار /**
**بەسەرچاو من پێی دەڵێم، ئەگەر ژمارەی**
**تەلەفونەکەیشت لانەماوە دەتوانم بدەمێ.**
**(120) .........رۆژە ......... رێگەو بانە ............ دەرەوەیە ............... (120)**
**رێگاو بانە ، مریەم بەردەوامە لەپاڵنانی پاسکیلەکەی و تەلەفونەکەی بە گوێوەیەو**
**خەریکی گفتوگۆیە .**

**مریەم /**

**لەڕاستی دا دەمەوێت کا ک ڕێبوار تۆش**

**ئاگادار بیت ، ئەگەر ئازاد لەسەرئەو بڕیارەی**
**خۆی مابێ ئەوا من ئامادەم شووی پێبکەم و**
**هەڵبێین و بچینە شارێکیتر بژین .**
**(121) ........... ڕۆژە ........... بەردەم دووکانێکە .......... دەرەوە**
**.......... (121)**
**تەواوکەری دیمەنەکانی ترە . بەردەم دووکانی سەوزە فرۆشەکەیە ،ڕێبوار**
**لەناو**
**ئۆتۆمۆبیلەکەی دانیشتووەو بە تەلەفون گفتوگۆ دەکا لەگەڵ مریەم**
**.ئۆتۆمۆبیلەکەی**

**ڕێبوار لە جێگەی پارکیرین وەستاوە لەبەردەم دووکانی سەوزە فرۆشەکە .**
**ڕێبوار /**
**مریەم خان دەتوانم بڵێم درەنگە بۆ**
**ئەو بڕیارە ....دەزانی بۆ ؟**
**(122) ......... ڕۆژە ........... بەردەم شووقەکانە ............ دەرەوەیە**
**.......... (122)**
**بەردەم شووقەکانی ماڵی مریەم وچنارو ڕێبوارە . ئازادو ماریا  بە**
**ئۆتۆمۆبیلەکەی**
**ماریا دێنە بەردەم شووقەکان لەجێگەی پارکیرین دەوەستن ....... پاش**
**کەمێک**

**دادەبەزن ، لەم کاتەدا مریەم بەسواری پاسکیل دەر دەکەوێ ،سەرتاپای**
**داپۆشراوە**
**دێتە بەردەم شووقەکان و لە جێگەی پاسکیلەکان دەیوەستێنێ و قوفڵی دەدا و**
**بەرەو**
**دەرگای چوونە ژوورەوە  هەنگاو دەنێ ، لەبەردەم دەرگای سەرەکی**

**شووقەکەدا**
**لەیەک کاتدا مریەم و ئازاد و ماریا  یەکتری دەبینن .**
**مریەم تووشی شۆک دەبێ  کە ئازادو ماریا  بەیەکەوە دەبینێ ، هەربۆیە دەپەشۆکێ و**
**بەپەلە بە پێپلیکانەکان دا دەڕوا و چاوەڕوانی بڵندڕەو ناکا**
**......................**
**(123) .........  ئێوارەیە  ........... ماڵی مریەمە ............ ناوەوەیە .........(123)**
**ماڵی مریەمە ، مریەم دەرگای سەرەکی ماڵی خۆیان بەکلیل دەکاتەوەو دێتە ژوورێ ،**
**عائشەی خوشکی مریەم کەگوێی لەکردنەوە دەرگا دەبێ یەکسەر بەرەو ڕووی مریەم دەچێ و باوەشی پیا دەکا    و بەچرپە و بەپەلە ڕستەیەک بەمریەم دەڵێ .**
**عائشە /**
**دادە مریەم کتێبەکەم بۆ هێناوی ،ئەی**
**تۆ جلی  مەلەکەت بۆ هێناوم ؟**
**مریەم /**
**دوایی شەو قسە دەکەین ...............**
**عائشە /**
**باوکم و دایکم لە ژووری دانیشتنن .**
**مریەم بەدەمووچاو و  وەڵام دانەوەی دیارە کە زۆر بێتاقەتە**
**..............................**
**مریەم /**
**باشە ... باشە شەو قسەدەکەین  .**
**(124) ......... شەوە ........... ماڵی چنارو ریێبوارە .......... ناوەوەیە .......... (124)**
**ماڵی چنارو رێبوارە ، ژووری دانیشتنە ئازادوماریا و چنارو ێبوار دانیشتوون چای دەخۆنەوەو گفتوگۆ دەکەن .**

**ڕێبوار /**

**ئیشێکی چاکتان کردووە ،بەدڵنیاییەوە**
**بەرهەمی دەبێت .**
**ئازاد /**
**ئەمە فکرەی ماریا بوو، دەنا من و**
**ئارایشگا کوجا مەرحەبا ، هەروەها**
**ئیشیش بەئاسانی ناکرێ بەناومەوە.**
**چنار /**
**کاک ئازاد بۆ ناکرێ بە ناوتەوە ؟ .....**
**ئازاد /**
**لەبەر ئەوەی من دبلۆمی ئەو ئیشەم**
**نیە ، دوای ئەوەش من تائێستا**
**وەڵامی وەزارەتم نیە .**
**ڕێبوار /**
**ئەوەیان گرنگ نیە ، گرنگ ئەوەیە**
**ئێوە یەکتریتان خۆش دەوێ .**
**ماریا /**
**ئەوەی ڕێبوار دەیڵێ ڕاستە .......**

**ڕێبوار /**
**بەڵام من پێم باشە ئیتر واز لەمیارییە**
**بێنی .**
**ماریا /**
**بۆ ڕێبوار؟ ئەوەتا ئێمە بەهۆی ئەو یاریەوە**
**ئەو ئارایشگایەمان کڕی .**
**ڕێبوار /**
**لەبەر ئەوەی یارییەکی ترسناک ودڕندانەیەو**
**هەمووکات وا کۆتایی نایێ .**
**ئازاد /**

نا..نا..كاك ڕێبوار من زۆر بڕوام بەخۆمە .
چنار /
ئێمە هەر سەلامەتی تۆمان دەوێ و بەس .
ماریا /
منیش بڕوام زۆرە بە ئازاد ، یاریەکانی بە
سەرکەوتوویی کۆتایی دێ ... هەربۆیە
حەزدەکەم یەکەم کەس کەسەری بۆ چاکەم
لە ئارایشگاکەدا ئازادی پاڵەوان بێ .

(125) .......... شەوە .......... ماڵی مریەمە ............. ناوەوەیە
............ (125)
ماڵی مریەمە ، ژووری نووستنی عائشەو مریەمە دانیشتوون گفتوگۆدەکەن
......
عائشە /
باشە دادە... ئەی کەی ئەتوانم مەلە بکەم ؟
مریەم بێتاقەتەو لەسەر جێگەکەی خۆی پاڵکەوتووەو ئەوەندە حەزی لە وەڵام
دانەوە
نیە .
مریەم /
عائشە گیان پێم ووتی داوام کردوە ،
ئیتر کەی دێت نازانم، کە هات بۆیان
بەتەلەفون پێمدەڵێن .
عائشە /
باشە .... باشە دادە بۆ واتوڕە دەبی
ئەوەمن دەخەوم ئیتر بۆ خۆت کتێب
بخوێنەوە .
مریەم /

**عائشە گیان ببورە ،تۆزێ سەرمدێشێ .**
**عائشە /**
**باشە ، شەوشاد ،هەرچەندە ماوەیەکە**
**چیرۆکیشم بۆ ناگێڕیتەوە .**
**(126) ........... ڕۆژە ............ ئارایشگایە ............... ناوەوەیە ............... (126)**
**ناو ئارایشگایە ، ئارایشگا کۆنەکەی ماریایە کەئیشی تێدا دەکرد ،ئێستا بووە بە**
**ئارایشگای ماریاو ئازاد لەسەر کاغەز بەناوی ماریایەوەیە .**
**ئازاد لە بەردەم ئاوێنە و لەسەر کوورسی سەر چاکردن دانیشتووە،ماریاش خەریکی**
**قژ چاکردنیەتی،کچێکی بەردەستی ماریا خەریکی بۆیاخ گرتنەوەیەو دەیهێنێ بۆ ماریا**
**ئەویش دەیدات لەسەری ئازاد ، هەمووویان ڕوویان بەپێکەنینەو دڵیانخۆشە ........**
**کامێرا دەچێتە سەر گڵۆپە ڕەنگاو ڕەنگەکانی دووکانەکە .**
**(127) .......... شەوە ............ دیسکۆیە ............... ناوەوەیە ............... (127)**
**دیسکۆیە ، کادر لە بلاجکتۆری ڕەنگاو ڕەنگی دیسکۆکەوە دەکرێتەوە ، خەڵکی**
**بەئازادی لەسەر مۆسیقاو گۆرانیەکی خێرا سەما دەکەن ، لە نێوەندی کچان وکوڕان**
**ماریاو ئازاد نیشان دەدرێن سەرگەرمی سەمان . ئازاد سەرو روخساری گۆڕاوە ،**
**قژی ڕەنگی بلۆندە واتە ( زەردی ) کردووە.**
**(128) ..........شەوە ............ ماڵی مریەمە ............. ناوەوەیە ............. (128)**
**ماڵی مریەمە ، دەنگی تەقەی دەرگای سەرەکی دێ . فاتمە ی دایکی مریەم خەریکی**
**دووعا کردن و تەسبیحاتە لەسەر بەرماڵەکەی لەژووری دانیشتن ، باوکی**

**خەریکی**

**قورئانخوێندنە و لەسەر قەنەفە دانیشتووە . عائشە خۆی دەکا**

**بەژوورا .**

**فەرەج /**

**عائشە ئەحمەدی برات بوو هاتەوە ؟**

**عائشە /**

**بەڵێ ......................................**

**فاتمەی لە دوعا کردن دەبێتەوە و هەڵدەسێتە سەر پێ و بەرماڵەکە قەد دەکا**

**و دەیداتە**

**دەستی عائشە .**

**فاتمە /**

**ئادەی عائشە ئەو بەرماڵە بدە بەمریەمی**

**خوشکت .**

**عائشە بەرماڵەکە وەردەگرێ و دەچێتە دەرەوە و دەرگا دادەخا**

**..............................**

**فەرەج /**

**فاتمە چیتان کرد بۆ مەسەلەکەی مریەم ؟**

**فاتمە /**

**حەزم کرد قەناعەتی تەواوی پێبکەم ئەوسا**

**پێتبڵێم ... دەڵێ جارێ شوو ناکەم .**

**فەرەج /**

**ئەوە تۆ دەڵێیچی ئافرەت ،ئەو ماڵە**

**بەڕاستی ئیسلامن و کوڕەکەشیان لە خوا**

**ترسە ،لەبەر ئەوە هەردەبێ شووی**

**پێبکا .**

**فاتمه /**

**تۆ هەقت نەبێ  ووردە ووردە خۆم قەناعەتی**
**پێدەکەم .**
**فەرەج /**
**هەرچیەکت کردووە تۆزێ دەست و بردی**
**لێبکە .**
**(129)........... ڕۆژە ............ یاریگای بۆکسێنە ............ ناوەوەیە**
**........... (129)**
**یاریگای بۆکسێنە . ئازاد بە بڕوایەکی بەهێزو روخسارێکی نوێوە راهێنان دەکا**
**و**
**راهێنەرەکەشی زۆر بە گرنگییەوە راهێنانی لەگەڵ دەکا .**
**(130) ......... رۆژە ........... نەخۆشخانەیە ................ دەرەوەیە**
**............ (130)**
**بەردەم دەرگای نەخۆشخانەیە . رێبوارو چنار لەبەردەم دەرگای نەخۆشخانە**
**دەردەکەون**
**چنار زیاتر سکی بەرز بۆتەوە لەجاران،دیارە بۆ پشکنینی سکەکەی**
**چنارهاتوون بۆ**
**نەخۆشخانە ، هەردووکیان هەنگاو دەنێن بەرەو ژوورەوە .**
**(131) .......... رۆژە .............. نێو ئۆتۆمۆبیلە ............ ناوەوەیە**
**........... (131)**
**ناو ئوتۆمۆبیلەکەی ماریایە . ئۆتۆمۆبیلەکە لە رۆیشتندایە ئازادو ماریا**
**خەریکی**
**گفتوگۆن .**
**ماریا /**
**کەواتە دەبێ سوود لەم کاتە کەمەی**
**لەبەردەمتا ماوە وەرگری .**
**ئازاد /**
**راست دەکەی ، دەبێ هیچ کاتێکم بە**
**بەفیڕۆ نەدەم .**

ماریا /
لێت ناترسم ....... جێگەی شانازیمی
خۆشەویستەکەم .
ماریا بەدەم لێخورینی ئۆتۆمۆبیلەکەیەوە ماچێکی ئازاد دەکا ، هەروەها ئازادیش
بەهەمان شێوە ماچی ماریا دەکا .
(132)........... شەوە ............ ماڵی مریەمە .......... ناوەوەیە ............ (132)
ماڵی مریەمە . ژووری نوستنی مریەم و عائیشەیە ، مریەم لە ژوورەکەی خۆیدایەو
بێتاقەتەو دەستی لە ژێر چەناگەی داناوەو لەگەڵ ناخی خۆی دەدوێ بە مەنەلۆج .
عائیشەی خوشکیشی لەسەر جێگەی خۆی خەوتوە .
مریەم /
ئازادیش منی زۆر زوو لەبیر کرد، ئەو
دەیویست خۆشەویستیم لەگەڵ بکا ،
بەڵام من ترس هەموو شتێکی لێزەوت
کردم ........ هەربۆیەلەم جەهەنما بەتەنها
ماوم ...... من نامەوێ شوو بکەم ،ئەشبێ
شووی پێ بکەم ........ چی بکەم خودایە .

ئەی ئەگەر من هەم.. دەبێت شتێک بکەم ،
ئەگەر نیشم ..هەتاهەتایە دەبێ لە تاریک و
ترسا بژیم .
(133) ........... رۆژە ................ کتێبخانەیە ............... ناوەوەیە ........... (133)
کتێبخانەیە . ئازادو رێبوار بەیەکەوە دانیشتوون ، رێبوار کتیبێکی لەبەردەستایە و
خەریکی گفتوگۆن .

**ئازاد /**
**ئێستا چنار خان چۆنه ؟ ...................**
**ڕێبوار /**
**خراپ نیه باشه ، هەروەها دەبێ ،**
**لەڕاستی دا بەهۆی ئەوەوە ئەم دوو**
**رۆژەم کرد بە ئیجازە ، لەبەر شتێکیش**
**حەزم کرد تۆش ببینم ، دەنا زۆرم لێنه**
**دەکردی .**
**ئازاد /**
**بڕوات بێت کاک ڕێبوار منیش زۆر حەز**
**دەکەم زوو زوو بتبینم ، بەڵام تازە یارییەکی**
**ترم بۆ هاتۆتە پێشێ دەبێ زۆر هەوڵی بۆبدەم ،**
**هەر بەو بۆنەیەوە دەبێ بێی بۆ بینینی .**

**ڕێبوار /**
**هەوڵدەدەم بێم ،بەڵام نازانم بۆ چنار لەبەر**
**سکەکەی . ئازاد بۆیە حەزم کرد بەتایبەتی**
**بتبینم لەبەر هۆیەک بوو دەنا لەکاتم نەدەگرتی.**
**ئازاد /**
**خێر کاک ڕێبوار هەر نەڵێیت ماڵی باوکت .**
**بڕوات بێت دوێنێ (500) ئیرۆم بۆ ناردنەوە.**
**ڕێبوار /**
**زۆر چاکت کردووە ، بەڵام ئەو بابەتە نیە .**
**ئازاد /**
**ئەی چیە کاک ڕێبوار ؟ ........................**
**ڕێبوار /**
**مریەم قسەی لەگەڵ کردم ،ئەوشەوەش**
**لەبەر مارياو لەبەر دانیشتنەکە حەزم**
**نەکرد قسە بکەم .**

**(134) .......... شەوە ........... ماڵی مریەمە ............ ناوەوەیە**
**............ (134)**
**ماڵی مریەمە . ژووری نووستنی عائشە و مریەمە ، عائشە خەریکی وێنە**
**کردنە ،**
**مریەمیش خەریکی کتێبەکەیەتی دەیخوێنێتەوە،لەپڕ ئەحمەد خۆی دەکات**
**بەژووردا،**
**مریەم زۆر بەپەلە فریا دەکەوێ کتێبەکە لا دەبا و دەیخاتە ژێر رانی ، ئەحمەد**
**هەردوو چاوی زیاد لە حەدی خۆی کردۆتەوە ، دیارە دەیەوێ بزانێت مریەم**
**خەریکی**
**چی یە .**
**مریەم /**
**ها چیت دەوێ ؟ ........................**
**ئەحمەد /**
**هیچ ........ بەرماڵەکە لای تۆیە ؟**
**مریەم /**
**نەخێر لای من نیە ..................**
**ئەحمەد دەرگا دادەخا  و دەڕوا   ....... مریەم ئاهێک هەڵدەکێشێ  و**
**هەڵدەسێ و  دەچێتە**
**لای  دەرگاکەو گوێیەک بەدەرگاکەوە دەنێ ،پاش ئەوەی بەتەواوی دەزانێ**
**ئەحمەدی**
**برای ڕۆیشتووە ، دەچێتە لای عائیشەی خووشکی و بەچرپە قسە دەکا.**
**مریەم /**

**عائشه لەوە دەچێت ئەحمەد چاودێریم**
**بکات ، هەرچییەکمان کردوە نابێ ئەم**
**جارە ئەم کتێبە بکەوێتە دەستی .**
**عائشە /**
**بیخەرە ناو جانتای کتێبەکانی خوێندنگاکەم**
**کەی ویستت دەریهێنە .**
**مریەم تۆزێ دەوەستێ و بیر دەکاتەوە ، پاشان سەری ڕازی بوون دەلەقێنێ**
**................**
**(135) ...........ڕۆژە .......... ناو دارستانێکە ............. دەرەوەیە**
**.............. (135)**
**ناو دارستانێکە . ئازاد بە جلی وەرزشییەوە رادەکا، جار جارەش بۆکس**
**دەهاوێت،**
**وادیارە راهێنان دەکا .**
**(136) .......... ڕۆژە ............. خوێندنگایە ............ ناوەوەیە**
**............. (136)**
**خوێندنگایە ، پۆلەکەی عائشەیە ،منداڵانی هاوڕێێ دەڕۆن دێن ،عائشەش**
**خەریکی**
**جانتاکەیەتی، لەناو جانتاکەی کتێبەکەی مریەمی خووشکی دەردەهێنێ و**
**سەیری**
**پەڕەکانی دەکات بەڵام هیچ حاڵی نابێ ، هەربۆیە دەیخاتەوە جانتاکەی .**
**(137) .......... شەوە ............. ماڵی ئازادە ............ ناوەوەیە**
**............ (137)**
**ماڵی ئازادە ،ماریا خەریکی هەڵواسینی وێنەیەکی ئازادە بە جلی وەرزشی**
**ودەستکێشی**
**بۆکسێنەوە لەکاتی یاریدا . وێنەکە خراوەتە چوارچێوەو شووشەوە . ماریا**
**پاش ئەوەی**
**وێنەکە هەڵدەواسی ئازاد بانگ دەکا .**
**ماریا /**
**ئازاد ..... ئازاد ئێستە وەرە ژوورێ .**

**ئازاد هەنگاو دەنێتە ژووری دانیشتنەکە،ماریا یەکسەر چاوی دەگرێ وچەند هەنگاوێک**
**دەیباتە پێشێ و پاشان ڕوی ئازاد دەکاتە وێنەکەو دەستی لەسەر چاوی لا دەبا .**

**ماریا /**

**سەیرکە خۆشەویستەکەم .................**
**ئازاد سەیری وێنەکەی خۆی دەکات و بزەیەکی خۆش دێتە سەر دەموو چاوی ........**
**ئازاد /**
**ئۆ زۆر جوانە ،زۆر سووپاستدەکەم**
**خۆشەویستەکەم بەڕاستی جوانە .**
**ماریا /**
**هیچ نیە بۆتۆی ئازا...............**
**ماریا دەستی ئازاد دەگرێ و پاشان دەست دەبا بۆ سەرو قژی ،وورد وورد دەستی**
**دێنێ بۆ سەرسنگی و قۆپچەی کراسەکەی دەکاتەوەو دەم دەبا بۆ نێو دەمی ......**
**کامێرا لەسەر زەوی یەکەم پارچەی کراسەکەی ئازاد نیشان دەدات ،پاشان کەوتنە**
**سەر زەوی پارچە جلەکانی هەردووکیان بەتێکەڵاوی .**
**(138) .......... شەوە .......... یاریگای بۆکسێنە ........... ناوەوەیە ........... (138)**
**جێگەی یاری بۆکسێنە ، بینەرانێکی زۆر ئامادەی یارییەکەن . ماریا لەڕیزی پێشەوە**
**لەگەڵ راهێنەرەکەدایە . رێبواریش لە نێو خەڵکە گشتییەکەدایە .**
**گەرموگوڕی بەیارییەکەوە دەبینرێ و بینەران سەرگەرمی هاوار کردنن ،ئازاد جووڵەی**
**زۆر ترە،دیارە گێمی شەشەمە بەلەش و لاریانەوە دیارە،لەناکاو دەرفەتێک بۆ یاریزانی**

**بەرامبەری ئازاد دروست دەبێت ،هەربۆیە یەک بۆکسی بەهێزی راستەو خۆ بۆ سەرو**
**دەمووچاوی ئازاد دێت و دەیخاتە سەر زەوی ،کادر لەچاوی ئازادەوە دەکوژێتە وەو**

**رەش دەبێ .**
**(139) ........... رۆژە ........... نەخۆشخانەیە .............. ناوەوەیە ............ (139)**
**نەخۆشخانەیە ، ئازاد دەبینین لەسەر قەرەوێڵەیەک راکشاوە و دەمووچاوی شین**
**بۆتەوە و ئاوساوی بە دەمووچاویەوە دیارە ، ماریاش لەپاڵیدایەو شۆربا دەکا**
**بەدەمیەوە و پاش کەمێک بەدەسرێک دەمی دەسرێ ، لەم کاتەدا چنارو رێبوار بە**
**چەپکێک گوڵەوە دێنە ژووری ، ماریا و ئازاد هەردووکیان بەخێرهاتنیان دەکەن .**
**ماریا /**
**رۆژتانباش ...........................**
**چنار /**
**سوپاستان دەکەین .................**
**رێبوار /**
**سوپاستان دەکەین ...................**
**ماریا /**
**ئەڵێم تا ئێوە لێرەن دەتوانم تا لای**
**دکتۆرەکەی بچم ؟**
**چنارو رێبوار هەردوو یارمەتی دەدەنێ**
**.................................................................**
**چنار /**
**فەرموو ، فەرموو ...................**

**ڕێبوار /**

**فەرموو ، ئیسراحەتی خۆت وەرگرە .**

**ماریا دەڕواتە دەرێ چنارو ڕێبوار زیاتر لێینزیک دەبنەوە دەست دەکەن بەگفتوگۆ ......**

**بەڕاستی ئازاد ئێمە لەسەرتادا زۆر**
**تێک چووین ،چوونکە تۆ بەهیچ جۆرێ**
**ئاگات لە خۆت نەمابوو .**

**ئازاد /**

**راستە کاک ڕێبوار ....................**

**ڕێبوار /**

**ئازاد گیان بڕوا بکە تا زووتر واز لەو**
**یارییە شەڕانییە بێنی قازانجتە .**

**چنار /**

**کاک ئازاد بەڕاستی یارییەکی بەئازارە .**

**ڕێبوار /**

**کاکە گیان ئێستا ئێوە ئیشێکتان هەیە ،**
**ئیتر تۆش بۆ خۆت خەریک ناکەی لەگەڵیا و**
**ژیانی خۆت لەم خەتەریاتە بە دوور بگری .**

**ئازاد /**

**بەڕاستی قسەکانی ئێوە راستە ، نازانم....**
**ئێستا....... بەڵام بیری لێدەکەمەوە ......**

**ڕێبوار /**

**خۆت ئازادی،بەوهیوایەی ئەوەی باشە ئەوە**
**بکەی .**

**ماریا دێتە ژوورێ و گوڵدانێکی لەگەڵ خۆی هێناوە ، گوڵەکەی چنارو ڕێبوار هێنابویان**
**دەیکاتە ناو گوڵدانەکەوە .**

**ماریا /**

**ببورن بەجێشم هێشتن ...................**

**(140) ............ ڕۆژە ............ ئارایشگایە .............. ناوەوەیە ............... (140)**

**ئارایشگایە ، ماریا خەریکی کارکردنە ، قژی کیژۆڵەیەک چاکدەکا ، هەروەها لەسەر کورسییەکی تەنیشتی یەکێکیتریش قژی بۆ چاک دەکرێ .**

**(141) ............ ڕۆژە ......... ماڵی مریەمە ............ ناوەوەیە .............. (141)**

**ماڵی مریەمە ، ئەحمەد دەچێتە ژوورەکەی مریەم وعائشە کەسی لێنییە ، لەبەردەم**

**ئاوێنەی ژوورەکەیان سەیرێکی خۆی دەکا ، پاشان زۆربەخێرایی دەست دەکا بە**

**پشکنینی ژوورەکەیان وەک ئەوەی بۆ شتێک بگەڕێ وایە .. لەم کاتەدا فاتمەی دایکی**

**دێتە ژوورێ .**

**فاتمە /**

**ئەوە چی دەکەی لەو ژوورە کوڕم ؟**

**ئەحمەد /**

**دایە هەست دەکەم مریەم شتمان لێ**
**دەشارێتەوە ، جا لەبەر ئەوە پێویستە**
**جار جار ژوورەکەی بپشکنین نەوەکو**
**کتێبی ئەو ڕێبوارە مەلعونە بێنێتەوە .**

**فاتمە /**

**نا.. نا کوڕم تازە ئەوە تەواو، دەڵێم کەی**
**کارتۆنێ ڕۆنی زەیت و دە پانزە کیسەیەک**
**ئاردم بۆ دێنی ،بەخوا هیچ کولیچەمان**
**نەماوە نەک میوانێک بێت ،دوای ئەوەش**
**ئیتر داوای ناوساجیم لێ مەکە.**

**ئەحمەد /**

**باشە بابزانم ...............................**

**فاتمە /**

**ئاخر ئەگەر نایهێنی با بە باوکت بڵێم**
**مشورێک بخوات ..... بەخوا ئەگەر لە**
**ئۆتۆمۆبیلم دەزانی بەکەستانم نەئەوت .**
**ئەحمەد /**
**نا...... نا بە باوکم مەڵێ . وەعد بێ**
**هەر کاتێکم هەبێ دەچم  هەموویت بۆ**
**دەکڕم . خۆ لەبەر تۆش نەبێ ئەبێ**
**لەبەر ناوساجییەکە بچم .**
**(142) .......... رۆژە ...... بەردەم یاریگای بۆکسێنە ....... دەرەوەیە ...... (142)**
**ماریا بەئۆتۆمۆبیلەکەیەوە لەو سەری شەقامەکەوە دەردەکەوێ و دێتە بەردەم دەرگای**
**یاریگای بۆکسێن و دەوەستێ و دادەبەزێ و بەرەو دەرگا یاریگای بۆکسێن دەچێ  و**
**دەڕواتە ژووری .**
**(143) ........... ئێوارەیە...........ماڵی ئازادە .............. ناوەوەیە ............. (143)**
**ماڵی ئازادە ،ئازاد لەماڵێ لەسەر قەنەفەی بەرامبەر تەلەفیزیۆنەکە دانیشتووەو**

**بێ تاقەتە و بتڵێ بیرەی لە بەردەستدایەو سەیری تەلەفیزیۆن دەکا . لەم کاتەدا**
**دەنگی تەقەی دەرگا دێت و پاش کەمێک ماریا خۆی دەکا بە ژووردا .**
**ماریا /**
**ها ئازاد چۆنی ..........................**
**ئازاد /**
**من باشم ئەی تۆ چۆنی .................**
**ماریا /**
**من باشم .... بەڵام لەوەدەچێت تۆ باش**

**نەبیت .**

**ئازاد /**

**نا..نا باشم ..................................**

**ماریا /**

**ئەی بۆ تەلەفون هەڵناگری ؟ ئەی بۆ**
**نەچووی بۆ راهێنان ؟ خۆتۆ ئەمڕۆ وا**
**بریار بوو لەگەڵ راهێنەرەکەت دەست**
**پێ بکەیتەوە .**

**ئازاد /**

**ماریا گیان بەڕاستی زۆر بێ تاقەتبووم**

**بۆیە تەلەفونم هەڵنەدەگرت، لەبەر ئەوەی**
**لە بیرکردنەوەیەکی زۆر قوڵدا بووم .**

**ماریا /**

**بیر کردنەوەی چی ؟ کە وای لێکردوی**
**تەلەفونیش هەڵنەگری .**

**ئازاد /**

**لە بیرکردنەوەی ئەوەدام واز لەیاریکردنی**
**بۆکسێن بێنم .**

**ماریا /**

**چۆن ! واز لە بۆکسێن دێنی .................**

**ئازاد /**

**بەڵێ واز دێنم ، چی تیایە ئەگەر وازبێنم ؟**

**ماریا /**

**ئاخر واز هێنان هەروا ئاسان نیە .......**

**ئازاد /**

**بۆ ئاسان نیە ؟ گرنگ من و تۆین ......**

**ماریا /**

**ئاخر من رازی نیم ..... تۆ کاتێک جوانی**
**لەنێو ئەو پەتانەی کە بەچوار دەوری**
**یاری بۆکسێن هاتووە یاری بکەی، نەک**
**لەدەرەوەی بی .**

**ئازاد /**

**ئەوە تۆ دەڵێیت چی ؟ ئەی خۆشەویستیەکەمان؟**

**ماریا /**

**ئەوەیان بەدەستی تۆیە خۆشەویستیەکەمان**

**دەمێنێتەوە یان نا ؟**

**ئازاد /**

**مەبەستت ئەوەیە منت بەیاریکردنەوە دەوێ ؟**

**ماریا /**

**بەڵێ مەبەستم ئەوەیە ......................**

**ئازاد /**
**دەبا بزانی ئەوا لە ئێستاوە بڕیارمدا واز**
**لەیاری بۆکسێن بێنم .**

**ماریا چەند هەنگاوێک دەنێ بەرەو دەرگای چوونە دەرەوە**
**...................................**

**ماریا /**

**کاتێکی خۆش ..........................**

**ئازاد /**

**ئەوە تۆ دەڵێیت چی تێکچوی ، ئەی**

**ئەی ئیشەکەمان .**

**ماریا /**

**ئیشەکە هی منە و بە ناوی خۆمەوەیە .**

**ماریا کلیلی ماڵەکەی لەکلیلەکانی تر بۆ دەکاتەوە**
**................................................**

**ئازاد /**

**ئەی ئەو هەموو پارەیەی داومە بۆ**

**ئەو ئیشە ؟**

**ماریا کلیلەکەی بۆ دەخاتە سەر مێزەکەی بەردەمی و وەڵامی ناداتەوەو دەڕواتە دەرەوەو**

**دەرگاکە دادەخا . ئازاد سوور دەبێتەوەو بەتەوای هەڵدەچێ بتڵە بیرەکەی کە لەسەر**

**مێزەکەی بەردەمیەتی هەڵی دەگرێ و دەیگرێتە وێنەکەی خۆی کە بەجلی وەرزشی و**

**دەسکێشی بۆکسێنەوەیە و کاتی خۆی ماریا هەڵیواسی بو ، شووشە ی وێنەکە دەشکێ و**

**هاڕە دەکات و دەکەوێتە خوارێ . پاشان دەچێتە بەردەم ئاوێنەی لای مەغسەلی دەست**

**شتنەکە دەستێک بە قژە بلۆند کراوەکەی دا دێنێ ، زۆر بە تووڕەیی دەڕوانێتە خۆیی .**

**(144) ........... رۆژە ............ بازاڕە .................. دەرەوەیە ................. (144)**

**ئەحمەد دەردەکەوێ عەرەبانەیەکی شت کڕینی بەدەستەوەیەو پاڵی پێوە دەنێت و خۆی**

**دەکا بە سۆپەرمارکێتێک دا .**

**(145) ......... ڕۆژە ....... بەردەم فەرمانگەی مریەمە ........ دەرەوەیە .......... (145)**

**بەردەم  مریەمە ، مریە م لە فەرمانگە دێتە دەرێ جلێکی جوانی بەبێ لەچکی**

**لەبەردایە ، قژە ڕەشە جوانەکەی بەسەر شانیا هاتۆتە خوارێ ، بەرەو جێگەی وەستانی**

**پاسکیلەکان دەچێ ،کاتێک دەگاتە جێگەی پاسکیلەکان سەیر دەکا پاسکیلەکەی دیار**

**نیە ، سەیری ئەملاوئەو لای خۆی دەکا بەڵام بێسوودە . مریەم  بەتەواوی شپرزە**

**دەبێ و نازانێ چیکات ، چەند هەنگاوێک دەگەڕێتەوە بۆ بەردەم دەرگای فەرمانگە،**

**لەم کاتەدا مارتنی هاوڕێی کاری لە دەرگای فەرمانگە دێتە دەر ، دەبینێ مریەم**

**پەشۆکاوە، یەکسەر دەڕوا بەرەوپیری .**

**مارتن /**

**ئەوە چی یە مریەم وا شپرزە بووی؟**

**مریەم /**

**پاسکیلەکەمیان دزیوە ................**

**مارتن /**

**بەداخەوە ...... ئەم دیاردەی پاسکیلدزینە**

**زۆرە ، ئەی تەئمینت کرد بوو ؟**

**مریەم /**

**نەخێر ............................................**

**مارتن /**

**تازەڕۆی بیری لێمەکەرەوە .... وەرە با**

**بتگەیەنم .**

**مریەم /**

**نا..نا سوپاس ..............................**

**مارتن /**

**ئەی چۆن دەڕۆیتەوە ؟ ...................**

**مریەم /**

**بە پێ یان بە پاس .......................**

**مارتن /**

**ئەی من ئۆتۆمۆبێلم پێ نیە، بۆ تۆ**

**بەو شێوەیە دەڕۆی !**

**مریەم /**

**دەباشە تا بازاڕم بەرە .......................**

**مارتن /**

**بۆ کوێ دەڵێی دەتبەم .................**

**(146) ............. ڕۆژە ........... بەردەم بازاڕێکە ........... دەرەوەیە .............(146)**

**ئەحمەدی برای مریەم پاڵ بە عەرەبانەی شت کڕینەوە دەنێ پڕیەتی لە ئاردو ڕۆن و**

**شەکرو شتی تر . ئەحمەد بەرەو لای ئۆتۆمۆبیلەکەی پاڵ بە عەرەبانەکەوە دەنێ ،**

**لەم کاتەدا ئۆتۆمۆبیلێکی ئاودی مۆدێل بەرزی رەش دەردەکەوێ سەرنجی ئەحمەد**

**رادەکێشێ ، ئەحمەد کە زیاتر سەیر دەکا، دەبینێ کوڕێکی قژ زەردی هۆڵەندی**

**ئۆتۆمۆبیلەکە لێدەخوڕێ و لە پاڵیشیا مریەمی خوشکی دانیشتووە . هەربۆیە ئەحمەد**

**لەجێگەی خۆی وشک دەبێ ،ئۆتۆمۆبیلەکە تێپەڕ دەبێ ، مریەم و مارتن سەرقاڵی**

**گفتوگۆن ئاگاداری ئەحمەد نین .**

**(147) ............ ڕۆژە .......... ماڵی مریەمە ............ ناوەوەیە .......... (147)**

**ماڵەوەی مریەمە ، ژووری دانیشتنە فەرەج و ئەحمەدی کوڕی بەیەکەوە گفتوگۆ**

**دەکەن .**

**فەرەج /**

**تۆ بەچاوی خۆت بینیت ؟.............**

**ئەحمەد /**

**وەڵڵا وە بیلا بە م چاوانەی خۆم**

**بینیم .**

**فەرەج /**

**تۆ جارێ لەسەر خۆبە هیچ قسە مەکە .**

**ئەحمەد /**

**چۆن ...... هیچ قسە نەکەم ............**

**فەرەج /**

**وتم جارێ ....... دواتر دەزانی بۆ ؟**

**فاتمە دەرگا دەکاتەوەو دێتە ژوورێ ..............................................................**

**فاتمە /**

**ئەرێ بێ قەزا بن ئەو دەنگە دەنگەتان**

**لەچیە؟**

**فەرەج /**

**هیچ نیە .................................**

**(148) ............رۆژە ............... بازاڕە ............**
**ناوەوەیە................ (148)**

**ماركێتێكە ، مريەم دەردەكەوێ لەنێو ماركێتێك لەچكێكی بەدەستەوەيە خەريكی**

**كڕينيەتی ..... لەم كاتەدا مۆبێلتەلەفونەكەی لێدەدا ، مريەم بێ يەک و دوو**

**دايدەخاتەوە .**

**(149) .......... ئێوارەيە ......... ماڵی ئازادە ............ ناوەوەيە ............. (149)**

**ماڵی ئازادە ، ئازاد لە ماڵەوەيە لە سەر قەنەفەيەک دانيشتووە ، قژی پاک تاشيوە**

**واتە سفری كردووە، مۆبێل تەلەفونەكەی بەدەستەوەيەو خەريكی ژمارە لێدانە،**

**دوو سێ جار لەسەر يەک هەوڵدەدا بەڵام كەس وەڵامی ناداتەوە ، هەربۆيە لەگەڵ**

**خۆی دەدوێ و بير دەكاتەوە .**

**ئازاد /**

**تازە لەگەڵ ئەو كچە هۆڵەنديە بينيومی**

**هەڵيناگرێ ..**

**(150) ........ ئێوارەيە ......... جێگای راوەستانی پاسە ...........دەرەوەيە.........(150)**

**جێگەی راوەستانی پاسە ، مریەم زۆر بەخێرایی دێ بۆ جێگەی سەرکەوتنی پاسەکان.**

**دیسانەوە دەنگی زەنگی مۆبێلەکەی مریەم دێ،مریەم مۆبێلەکەی لەگیرفانی دەردەهێنێ**

**و سەیری دەکا ، پاش ئەوەی دەزانێ ئازادە دای دەخاتەوە .**

**(151) ........... شەوە ............ماڵی مریەمە ............ ناوەوەیە ............. (151)**

**ماڵی مریەمە ، ژووری نووستنی عائشە و مریەمە ، مریەم خەریکی خوێندنەوەی**

**دوابەشی کتێبەکەیەتی ، لە پڕ عائشە خۆی دەکات بە ژوورا، مریەم لەبەرئەوەی زۆر**

**بەئاگادارییەوە دەخوێنێتەوە یەکسەر کتێبەکە لەبەر چاو ناهێڵێ ، پاشان کە عائشە**

**دەبینێ هێوەر دەبێتەوە .**

**مریەم /**

**تۆ بووی ! ترسام .......................**

**عائشە /**

**دەی ئەو کتێبەت هەر تەواو نەکرد ؟**

**مریەم /**

**زۆرم نەماوە ،لەبەشی کۆتاییدام....**

**عائشە /**

**تۆ ئێستا نەپرچم بۆدەکەی ، نە چیرۆک .**

**مریەم یەکسەر کتێبەکەی دادەخا ............................................................**

**مریەم /**

**وەرە هەم پرچت بۆ دەکەم ، هەم چیرۆکی**

**ئەمڕۆی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە .**

**مریەم هەڵدەسێ شانەی سەر مێزی لای ئاوێنەکە دێنێ و دەچێتە بەردەم مریەم .....**

**عائشە /**

**ئەڵڵا.. چەند خۆشە...... دادە مریەم من لە**

**ماڵی خۆماندا ، تەنها حەزم لەم ژووری**

**خۆمانه .**

**مریەم /**

**بۆ تەنها ئەم ژووره ؟ ..................**

**عائشه /**

**لەبەر ئەوەی بۆ خۆم قژم رووت دەکەم و**

**بۆم دەکەی بە پرچ و چیرۆکی خۆشیشم**

**بۆ دەگێڕیتەوە ....... دەی دادە چیرۆکەکەی**

**خۆتم بۆ بگێڕەوە ...........................**

**مریەم /**

**بەڵام بەشەرتێک بۆت دەگێڕمەوە بە هیچ**

**جۆرێک لە لای دایکم و باوکم و ئەحمەد**

**باسی نەکەی .**

**عائشه /**

**بەخوا لای کەس باسی ناکەم ، ئەی ئەوە**

**نیە کتێبەکەت دایم لەجانتاکەی مندایەو**

کەس نازانێ .

مریەم بەدەم قسەکردنەوە خەریکی قژی عائشەیە دەیکا بە پرچ
..........................

مریەم /

باشە باش عائشە..... من هەموو

رۆژێ کە دەچم بۆ ئیش بە پاسکیل

دەچم .

(152) ........ رۆژە ........ بەردەم فەرمانگەی مریەمە ......... دەرەوەیە
..........(152)

ئەحمەد و فەرەجی باوکی لە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەی ئەحمەدا  خۆیان
حەشارداوە،  لەبەردەم

**فەرمانگەکەی مریەم .**

**ئەحمەد /**

**بەپێی کاتی دەوام بێ ،ئیتر دەبێ**

**دەرکەوێ .**

**فەرەج /**

**جا کوڕم ،کێ دەڵێ ئەمە فەرمانگەکەیەتی ؟**

**ئەحمەد /**

**باوکە بەپێی ئەدرەسەکەی ئەمەیە ......**

**لە گفتوگۆدان مریەم بەسواری پاسکیلەکەی دایکی دەگاتە بەردەم فەرمانگەکەی ، مریەم**

**لەچکی لە قژی نەپێچاوە و قژی بەسەر شان و ملیدا هاتۆتە خوارێ ...............**

**باوکە ئەوە خۆیەتی سەیرکە ، خۆ ئێستا**

**بینیت چۆن قژی ڕووت دەکا،ئەگەر**

**تۆزێک زیاتر بەدواوەی بین ئەو هەتیوە**

**هۆڵەندیەشی لەگەڵ دەبینین .**

**فەرەج /**

**راستت کرد ئاخۆ چیتر بکا بەدزی**

**ئێمەوە .**

**ئەحمەد /**

**ئەی بۆیە شوو بە مەحمود ناکا...**

**فەرەج /**

**بڕۆ .... بڕۆ کوڕم ....................**

**ئەحمەد /**

**ئەمە شەرەفی ئێمەی بردووە .......**

**ئەحمەد ئۆتۆمۆبیلەکەی دەخاتە ئیش و دەڕۆن**
**...............................................**

**(153)........... رۆژە ............ رێگاو بانە ............... دەرەوەیە**
**............. (153)**

**ئازاد دەبینین بەسواری پاسکیلەوە پایدەر لێدەدا و کاسکێتێکی لەسەردایەو**

**دیارە قژی تاشیوە .**

**(154) .......... رۆژە ....... دووکانێکی جل و بەرگە........... ناوەوەیە ..........(154)**

**دووکانێکی جلوبەرگە ،ئەو دووکانەیە کە مریەم هات جلەکەی داواکرد .کارمەندێکی**

**مارکێتەکە کاغەزێکی بە دەستەوەیەو تەلەفون دەکا .**

**یۆپ /**

**لەگەڵ یۆپ دا قسە دەکەی لە مارکێتی**

**فۆخڵەوە .... ئەو کاتەت باش .........**

**ئەو جلی مەلەی منداڵانەی داوات کردبوو**

**گەیشتووە، لە ئێستاوە تا رۆژی شەمە**

**دەتوانی بیبەیتەوە .**

**(155) ....... رۆژە ....... فەرمانگەی مریەمە ........... ناوەوەیە ............. (155)**

**فەرمانگەی مریەمە مریەم لە ژوورەکەی خۆیەتی ودانیشتووەو بە مۆبێلتەلەفونەکەی**

**لەگەڵ یەکێکیتر گفتوگۆ دەکا .**

**مریەم /**

**زۆر چاكە سوپاست دەكەم ،كەواتە**

**رۆژى شەممە دێم بۆى .**

**(156) ........ رۆژە ....... بەردەم فەرمانگەى مريەمە .......... دەرەوەيە......... (156)**
**ئازاد بەسوارى پاسكيلەكەيەوە دێتە بەردەم فەرمانگەكەى مريەم و دادەبەزێ**

**و پاسكيلەكەى دەباتە جێى پاسكيل وەستانن . پاشان خۆى دەكا بەفەرمانگەكەدا .**

**(157) ......... رۆژە ......... فەرمانگەكەى مريەمە .......... ناوەوەيە ........... (157)**

**فەرمانگەكەى مريەمە، پرسگەيە ،مارتن دێتە پرسگەو هەندێک پۆست دەبا لەم كاتەدا**

**ئازاد دێتە پرسگەو هەواڵى مريەم دەپرسێ . مارتن لايەک دەكاتەوەو سەيرى ئازاد**

**دەكا ، كارمەندى پرسگەش وەڵامى دەداتەوە .**

**رۆبن /**

**ناوى بەڕێزت ؟ .........................**

**ئازاد /**

**ئازاد ......................................**

**مارتن پۆستەکان دەبا و دەڕوا ، رۆبن تەلەفون هەڵدەگرێ و پەیوەندی بە مریەمە**

**وە دەکا .**

**(158) ........... رۆژە ........... نەخۆشخانەیە ............ ناوەوەیە ............. (158)**

**نەخۆشخانەیە ، ئازادو چنار دەردەکەون ، ئازاد لەگەڵ یەکێکیتر کە سیستەرە پاڵ**

**بەعەرەبانەکەی چنارەوە دەنێن کە لەسەری ڕاکشاوە ، چنار دیارە ئازاری زۆرە**

**ئەویش بەهۆی سکەکەیەتی .**

**(159) ........ ئێوارەیە ........ بەردەم فەرمانگەی مریەمە ....... .دەرەوەیە........(159)**
**بەردەم فەرمانگەی مریەمە ، ئەحمەد لە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆی دانیشتووەو چاوەڕێی**

**مریەمی خوشکیەتی بێتە دەرێ .... پاش راوەستانێکی کەم ، چەند کەسێک دەردەچن و**

**دەڕۆن ، مریەمیش پەیدا دەبێ و دێتە دەرێ دوابەدوای ئەویش مارتن دەردەکەوێ**

**دەستێک بۆ مریەم بەرز دەکاتەوە و خواحافیزی لێدەکا، مریەمیش بەهەمان شێوە.**

**پاش ئەوەی مارتن دەڕوا ئەحمەد بە پەلە لەئۆتۆمۆبیلەکە دادەبەزێ و دەگاتە مریەم.**

**مریەم لەچکی لە قژی نەپێچاوە ،هەربۆیە کە ئەحمەد دەبینێ تووشی شۆک دەبێ .**

**ئەحمەد /**

**مریەم ..... مریەم ..................**

**مریەم بەپەلە دەست بۆ سەرو قژی دەبا و زۆر شڵەژاوە ................................**

**مریەم وەختی ئەوە نی یە عائشە**

**ئۆتۆمۆبیل لێیداوە تەندروستی زۆر**

**خراپەو لە نەخۆشخانەیە .**

**مریەم دەست دەکا بەگریان و ئاگای لە هیچ شتێک نامێنێ ، لەگەڵ ئەحمەدی برای**

**بەپەلە دەڕوا و سواری ئۆتۆمۆبیلەکەی دەبێ .**

**(160) ........... ئێوارەیە ........... ڕێگاو بانە ........... دەرەوەیە ............ (160)**

**ڕێگاو بانە ، ئۆتۆمۆبیلەکەی ئەحمەد لەسەر ڕێگەیەکی دوور دەردەکەوێ و مریەمیشی**

**لەگەڵدایە . پاشان ئۆتۆمۆبیلەکە لە سەر ڕێگەکە لادەدا دەچێتە سەر ڕێگەیەکی خۆڵ.**

**(161) ....... ئێوارەیە .......... ناو ئۆتۆمۆبیلە ............ ناوەوەیە ........... (161)**

**ناو ئۆتۆمۆبیلەکەی ئەحمەدە ، ڕێگایەکی چۆڵە ، مریەم دەمووچاوی دەگۆڕێ**

**ترسی لێدەنیشێ .**

**مریەم /**

**بۆکوێ دەڕۆی ، بمبە بۆ نەخۆشخانە .**

**ئەحمەد خەریکی لێخوڕینە ، دەمووچاوی گرژیەکی زۆری پێوەدیارە و خوێنی لێ**

**دەبارێ .**

**ئەحمەد /**

**نەخۆشخانەی چی ،هەی بێ شەرەف**

**وادەزانی هەرئاوا بۆت دەچێتە سەر**

**قژی لێبەرەڵا بکەیت و لەگەڵ کوڕی**

**هۆڵندیا ڕابوێری .**

**مریەم /**

**رابواردنی چی بۆ خاتری خوا ؟ تۆزێ**

**ویژدان.**

**ئەحمەد /**

**ئەم قسە بەتاڵانە هەڵگرە بۆ جەهەنم .....**

**مریەم دەست دەبات بۆ سووکانی ئۆتۆمۆبیلەکە ، ئۆتۆمۆبیلەکە رووی دەگۆڕێ و**

**ئەحمەدیش پاڵ بە مریەمەوە دەنێ ، پاشان ئەحمەد ئۆتۆمۆبیلەکە رادەگرێ ودەیەوێ**

**بەدەست ملی بگرێ وبیخنکێنێ ، بەڵام مریەم هەرچۆنێک بێت دەرگای ئۆتۆمۆبیلەکە**

**دەکاتەوەو چەند هەنگاوێک رادەکا و ئەحمەد دەگاتە سەری و دەیگرێ ،مریەم زۆر**

**هەوڵی خۆ ڕزگار کردن دەدا بەڵام بێ سوودە ،ئەحمەد دەست دەبا بۆگیرفانی**

**چەقۆیەک دەردەهێنێ ،لەم کاتەدا لەدوورەوە ئۆتۆمۆبیلێک دەوەستێ وەک ئەوەی**

**سەیری ڕووداوەکە بکا وایە .**

**کامێرا دەگەڕێتەوە سەر دەست وچەقۆی ئەحمەد ، دەست دەکا بەچەقۆ لێدانی،**

**مریەم هاوارێکی بێ دەنگ دەکا .**

**(162)........... شەوە ............ نەخۆشخانەیە ............... ناوەوەیە ............. (162)**

**نەخۆشخانەیە ، کادر بەتەواوی وێنەی منداڵێکی تازە لەدایک بوونیشان دەدا ،لەگەڵ**

**دەنگی لەدایک بوونی ،پاشان کادر بەتەواوی دەکرێتەوە دەبینرێ ژووری نەشتەرگەریە،**

**پزیشکێک و دوو سیستەر وریێوار بە چواردەوری چنارەوەن.**

**(163) ......... شەوە ........... ماڵی مریەمە ............... ناوەوەیە ............. (163)**

**ماڵی مریەمە ، باوکی تەلەفونی بەدەستەوەیەو خەریکی تەلەفونکردنە، فاتمەش**

**بەپێوەیەو عائشەش لەسەر کوورسییەک دانیشتووە . ئەحمەد خۆی دەکا بە ژوورا،**

باوكى تەلەفونەكە دادەخاتەوەو يەكسەر پرسيار ئاراستەى ئەحمەد دەكا .

فەرەج /

جەنابت لەكوێى لەوساوە تەلەفونت

بۆ دەكەم ؟

فاتمە /

مريەم تائێستا نەهاتۆتەوە، تۆ نازانى ؟

فەرەج /

دەبرۆ بزانين چى لێهاتوە ئەو نالەبارە .

ئەحمەد /

ئەى نەتبينى ئەم بەيانييە چۆن قژى

بەرەڵا كرد بو .

فەرەج /

ئێستا وەختى ئەم قسانە نيە بابرۆين .

فەرەج وئەحمەد هەنگاو دەنێن و دەيانەوێ برۆن بە دواى مريەم دا بگەرێن ...........

فاتمه /

ئەوە ئێوە دەڵێنچی ؟ ..............

فەرەج /

دواتر هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە

فاتمە .

ئەوان دەڕۆن و عائشەش باوەش بە دایکیا دەکا.........................................

عائشه /

چی بووە دایە ؟ ................................

فاتمه /

تۆ ئەوەندە پرسیار مەکە ، برۆ ژوورەکەی

خۆت بنوو .

(164) ......... رۆژە ......... فەرمانگەی پۆلیسە ............ ناوەوەیە ............ (164)

فەرمانگەی پۆلیسە ، ئەحمەدو فەرەجی باوکی لە گەڵ دوو پۆلیس لەسەر کوورسی

**دانیشتوون و گفتوگۆ دەکەن ، یەکێک لە پۆلیسەکان دەست دەکا بەنووسین ،ئەحمەد**

**بەردەوامە لە قسەکردن . ئەم دیمەنە (میوتییە) واتە بێ دەنگە .**

**(165) ........ رۆژە ......... فەرمانگەی مریەمە ............. ناوەوەیە ............ (165)**

**فەرمانگەی مریەمە ، پۆلیسێک لەگەڵ ئەحمەدی برای مریەم دێتە پرسگەی فەرمانگە.**

**پۆلیس /**

**بەیانیتباش ............................**

**یۆپ /**

**بەیانیتانباش ، فەرموون ...........**

**پۆلیس /**

**هەواڵی کەسێک دەپرسین ناوی نازانین**

**تەنها بەشێوە نەبێ .**

**یۆپ /**

**جاکێ دەڵێ ئەو کەسە لێرەیە ؟......**

**ئەحمەد /**

**بەڵێ ، لێرە دەوام دەکا ...........**

**(166) ......... ڕۆژە .......... فەرمانگەی پۆلیسە ............ ناوەوەیە ........... (166)**

**فەرمانگەی پۆلیسە ، ریشاردو ڕۆبن دوو پۆلیسن بەجلی ئاسایی خۆیانەوە دانیشتوون**

**لێکۆڵینەوە لەگەڵ مارتن دەکەن .**

**ڕیشارد /**

**مریەم پەیوەندی هەبووە لەگەڵتا ، بەو**

**ناو نیشانەی پێرێ لەناو ئۆتۆمۆبیل لە**

**نزیکی بازاڕی کرۆنن بورخ بینراون .**

**رۆبن دەست دەکا بە تایپکردنی پرسیارو وەڵامەکان بە لاپتۆپ ........................**

**(167) ..........ڕۆژە .......... نەخۆشخانەیە ........... ناوەوەیە ................ (167)**

**نەخۆشخانەیە ، ئازاد و ڕێبوار لای چنارو منداڵەکەی دانیشتوون لە ژوورێکی**

**نەخۆشخانە .**

**چنار/**

**بەڕاستی هەواڵێکی ناخۆشە ....**

**ئازاد /**

**تۆ چۆنی بۆ دەچی کاک ڕێبوار؟..**

**ڕێبوار /**

**راکردن بێ ،یا نەمان بێ یا**

**هەرجۆرە شتێکیتر بێ ، ئەو**

**ئەحمەدەی برای بەر پرسیارە،**

**بەڕاستی خراپ بوو لەگەڵیا .**

**ئازاد /**

**ئەو رۆژە بینیم ................**

**ڕێبوار /**

**بۆ تۆ بینیوتە ؟....................**

**ئازاد /**

**بەڵێ جارێک لەگەڵ مریەمی خوشکی و**

**دایکی بوو لەبەردەم شووقەکانی ئێوە**

**بینیم لە ئۆتۆمۆبیلەکەی دابەزین.**

**منداڵە ساوەکە دەست دەکا بەگریان و سەرنجیان رادەکێشێ ..............................**

**(168) ........ رۆژە ......... فەرمانگەی پۆلیسە .......... ناوەوەیە .........(168)**

**فەرمانگەی پۆلیسە ،ریشادو ڕۆبن لە هەمان ژووری دیمەنی پێشوو دانیشتوون و**

**لێکۆڵینەوە لەگەڵ مارتن بەردەوامە .**

**مارتن /**

**ناوی ئاز یان ئازا ناوێکی وابوو**

**هاتە پرسگەو لەوێ داوای مریەمی**

**کرد ،لەوەی دەکرد خەڵکی وولاتی**

**لای خۆیان بێ .**

**دەنگی زەنگی مۆبێل ەلەفونەکەی ریشاد دێ ، ریشاد دەست دەبا تەلەفونەکەی**

**دەردەهێنێ و وەڵام دەداتەوە .**

**ریشاد /**

**ریشاد ..... بەڵێ ....لاشەکەی لە**

**کوێیە ؟.........  هەر ئێستا دێم .**

**(169) ..........رۆژە ...............دەشتاییەکە .......... دەرەوەیە .............. (169)**

**ئەو جێگەیەیە مریەمی تێدا کوژراوە ئۆتۆمۆبیلی پۆلیس و ئۆتۆمۆبیلی فریاکەوتن**

**لە چواردەوری لاشەی مریەمن ،لەم کاتەدا رشاد بە ئۆتۆمۆبیلەکەی دەگاتە جێگەی**

**رووداوەکە یەکەم کەس دەیبینێ مارکە .**

**ریشاد /**

**چۆن دۆزراوەتەوە ؟..............**

**مارک /**

**بەهۆی گرووپی ژینگە پارێزیەوە .**

**ریشاد هەنگاو دەنێ بەرەولای پۆلیسەکانی ترو پاشان بۆ لای تەرمی مریەم دەچێ .**

**پۆلیسێک لەوانەی لە چواردەوری بوون کیسەیەکی نایلۆنی بەدەستەوەیەو مۆبێل**

**تەلەفونێک و چەند شتێکی ئافرەتانەی تێدایە و نیشانی ریشادی دەدا .**

**(170) .......... رۆژە .......... بەردەمماڵی رێبوار ........... دەرەوەیە ........... (170)**

**دوو پۆلیس لە بەردەم ماڵی رێبوارن و لە دەرگا دەدەن ، رێبوار دەرگا دەکاتەوە .**

**پۆلیس /**

**ئەم کاتەت باش ... بەڕێزت ئازادی؟**

**رێبوار /**

**نەخێر من رێبوارم .................**

**پۆلیس /**

**ئێمە هاتووین بەدوای ئازادا، لەلایەن**

**پۆلیسەوە داواکراوە .**

**(171) .......... رۆژە ..........فەرمانگەی پۆلیسە .......... ناوەوەیە ......... (171)**

**فەرمانگەی پۆلیسە ، ریشادو رۆبن دانیشتوون لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئازاد دەکەن کە بە**

**رامبەریان دانیشتووە .**

**ئازاد /**

**ئەمە دواجارم بوو بینیم ، پەیمانی**

**دامێ کەبەم زووانە دانیشین ......**

**ریشاد /**

**ئەی تۆ خۆت شکت لە کێیە ؟.....**

**ئازاد /**

**وەک شک لە ئەحمەدی برای ،چوونکە**

**زۆر خراپ بوو لەگەڵی . ئەو ڕۆژەی**

**چووم بۆ فەرمانگە کە هاتمە دەرێ ئەحمەد**

**لە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەی دانیشتبو ، دیار**

**بوو چاوەڕێی مریەمی دەکرد .**

**ریشاد /**

**وەک بزانی ئەحمە دەیبرد بۆفەرمانگە و**

**دەیهێنایەوە ؟**

**ئازاد /**

**نەخێر خۆی بەپاسکیل دەچوو ....**

**رۆبن بەردەوامە لە تۆمارکردنی پرسیارو وەڵامەکان بە لاپتۆپ ............................**

**ریشاد /**

**باشە ئەحمەد بۆ خراپ بوو لەگەڵی ؟**

**(172) ......... شەوە .............ماڵەوەی مریەمە ............ ناوەوەیە ............. (172)**

**ماڵی مریەمە ، ژوورەکەی عائشە ومریەمە ، عائشە زۆر بێ تاقەتەو لەسەر جێگەکەی**

**بەدەما پاڵکەوتووەو چاوی بڕیوەتە سەر زەوییەکە و لە خەیاڵێکی زۆر قوڵدایە ، لە**

**لەسەر زەوییەکە بەخەیاڵ وێنەی مریەم دەبینێ بەڕوویەکی خۆشەوە بەهەردوو دەستی**

**ئیشارەتی بۆ دەکا بچێ بۆ لای ، عائشە لەم کاتەدا لەبەر خۆیەوە دەدوێ .**

**عائشە /**

**دادە مریەم تۆهەر لە چاومایت و**

**قسە ناکەی، ئەچم بەمامۆستا دەڵێم**

**مریەم چیرۆکم بۆ ناگێڕێتەوە .**

**(173) ......... رۆژە ........... فەرمانگەی پۆلیسە ............ ناوەوەیە ...........(173)**

**فەرمانگەی پۆلیسە ، ژوورەکەی ریشادورۆبنە ، ئەحمەد دانیشتوە و کەلەپچە لەدەست**

**دایە و پۆلیسێکیش لە بەردەرگا وەستاوەو چاودێری ئەحمەد دەکا ، لەپڕ دەرگا**

**دەکرێتەوە فەرەجی باوکی و رۆبن دێنە ژوورێ .**

**رۆبن /**

**بەهیوایەی زوو تەواو بیت ، چوونکە**

**دەگوێزرێتەوە بۆ جێگەیەکی تر .**

**رۆبن دەچێتە دەرەوەو فەرەج و ئەحمەد دەمێننەوەو دەکەونە گفتوگۆ ....................**

**فەرەج /**

**دانیشە کوڕم ....................**

**باوکی لەسەر کوورسییەک دانیشتووەو پاشان ئەحمەدیش دادەنیشێ ...................**

**ئەوەی پۆلیس دەیڵێ ڕاستە ؟**

**ئەحمەد /**

**نا.... نازانم ....................**

**فەرەج /**

**پۆلیس دەڵێن ، مریەم جێ دەستی تۆی**

**پێوەیەو، لەوئێوارەی دیارنەماوە تۆ لە**

**بەردەم فەرمانگەوەهەڵتگرتووەو لەگەڵ**

**تۆدا بووە. دوای ئەوەش جێ تایەیەکی زۆری**

**ئۆتۆمۆبیلەکەی تۆ لە جێگەی ڕووداوەکە**

**هەیە**

**ئەحمە تووڕە دەبێت وهەڵدەسێتە سەر پێ**
**..........................................................**

**ئەحمەد /**

**باوکە تۆ لەمن زیاتر تووڕە بووی لە مریەم،**

**وام زانی هاتووی دەست خۆشیم لێکەی.**

**فەرەجیش هەڵدەسێتە سەر پێ و دەست دەدا بەشانیا**
**........................................**

**فەرەج /**

**کوڕم تۆ لەسەر خۆبە و دانیشە ....**

**هەردووکیان پێکەوە لە جێگەی خۆیان دادەنیشنەوە دەست دەکەنەوە بەگفتوگۆ**
**.........**

**کوڕم ئێستا لە هەموو شتێک گرنگتر**

**بۆ ئێمە ئەوەیە تۆ دەرچی لەزیندان**

**یان کاتێکی کەم بمێنیتەوە لە زیندان .**

**ئەحمەد /**

**لەدادگا چی بڵێم باشە ؟ ...........**

**فەرەج سەیرێکی چوار دەوری خۆیان دەکا ، تۆزێک زیاتر سەری دەباتە پێشەوە .**

**فەرەج /**

**کوڕم  دەبێت بڵێی لەسەر شەرەف**

**کوشتومە . بڵێ لە کلتوری ئێمەدا**

**کچ ناتوانێ بەدزی باوک و براو دایکی**

**لەگەڵ پیاوێکدا بێ کە بە شەرع**

**مێردی نەبێ ، لەبەر ئەوە من بەرگریم**

**لە شەرەفی خێزان و کلتورو دینەکەم**

**کردووە  تێگەیشتی .**

**ئەحمەد سەرێک دەلەقێنێ ، وەک ئەوەی بڵێ زۆر چاک تێگەیشتووم ..................**

**(174) ............ رۆژە ........... دادگایە ............... ناوەوەیە ............ (174)**

**دادگایه ، باوک ودایکی مریەم ئامادەن لە هۆڵێکا و دانیشتوون ، لەگەڵ هەردوو**

**پارێزەری مریەم و ئەحمەد ،لەهەمان کاتدا مارتن و ئازاد و ریبواریش ئامادەن،**

**لەبەشی سەرەوەش دادوەر لەگەڵ دوو راوێشکار دانیشتوون، پارێزەرەکەی**

**مریەم کە ناوی (هێنک)کە سەرەی دێت و دەدوێ .**

**هێنک /**

**بەپێی ئەو بەڵگانەی پێشکەش بەدادگا**

**کراون ، مارتن لە هاورێیەکی کار بەولاوە**

**هیچ جۆرە پەیوەندیەکی تری لەگەڵ کوژراوا**

**واتە مریەم نەبووە . مارتن خۆی خێزانی**

**هەیەو باوکی منداڵێکە...... هەروەها**

**ئازادیش لە هاووڵاتیەکی هاونەتەوەی**

**کوژراو زیاتر هیچی تر نیە .**

**دادوەرو هەردوو راوێشکارەکەی لەنێو خۆیاندا زۆر بەکورتی و بەهێواشی سەرنجی**

یەکتری وەردەگرن .

دادوەر /

ئەوەی ئەحمەد و پارێزەرەکەی باسیان

کرد و کردیانە هۆی کووشتنی مریەم

شەرەف و کلتوور بوو . بەڵام لەم

وولاتەدا هیچ جۆرە هۆیەک رێ نادا

کە مرۆڤێک بەهەرهۆیەک بێ بکوژرێ.

هەروەها پشکنینەکانیش و دان پیانانی

ئەحمەد بەتاوانەکەی ،ئەوەیان سەلماند

ئەحمەد فەرەج بکوژی مریەمی خوشکی

خۆیەتی.هەربۆیە دادگا بڕیاری ئازادکردنی

مارتن و ئازادی داو بڕیاری (14) ساڵ

زیندانی کردنی ئەحمەد فەرەجیشی دا .

**سەرقەبرانە ، عائشەو مامۆستاکەی لەسەر قەبران دەردەکەون ، عائشە چەپکێ**

**گوڵی پێیەو جانتای خوێندنگاکەی لە شاندایە و هەنگاو دەنێن بەرەو گۆڕەکەی**

**مریەم . عائشە دەگاتە سەر گۆڕەکەی مریەمی خووشکی و دادەنەوێتەوەو باوەش**

**بەگۆڕەکەی دەکاو گوڵەکەی بۆ دادەنێ و بەقورگی پڕ لەگریانەوە بۆ مریەم دەدوێ.**

**عائشە /**

**دادە مریەم باوکم ووتی کاکە ئەحمەد**

**بۆیە تۆی کوشت، لەبەر ئەوەی لەچکەکەت**

**فڕێ داوەو قژە رەشە جوانەکەت دەرخستووە.**

**عائشە دەست دەبا لەچکەکەی سەری لا دەبا و فڕێی دەداتە سەر زەوییەکە ......**

**منیش بیری تۆ دەکەم ، دێم بۆ لات بۆ ئەوەی**

**پرچم بۆ بکەی.**

**عائشە جانتاکەی دەکاتەوەو کتێبەکەی مریەم دەردەهێنێ کە کاتی خۆی ئەحمەدی برای و**

**ماڵەوەیان لێیان قەدەغە کردبوو....................................................................**

**ئەوە کتێبەکەتە کە هاتم بۆ لات بەیەکەوە**

**بەبێ ترس دەیخوێنینەوەو ، لە ئاویشا**

**مەلەدەکەین .**

**عائشە ماچی کتێبەکە دەکا ، مامۆستاکەشی باوەش بە عائیشە دەکاو ماچی دەکا.**

**تەواو ........**